ZAGROS WEBSITE

# پیرۆزی و ڕۆشنبیری

مشتومڕێك لەگەڵ فاروق ڕەفیق لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە

**فاضل قەرەداغی**

---

**١٤٢٨-٢٠٠٧**

Zagros WebSite

ناوی کتێب: پیرۆزی و ڕۆشنبیری
جۆر: ڕەخنە
ساڵ: ٢٠٠٧
ژمارەی چاپکراو: ١٠٠٠
بەرگ: نووسەر
ژمارەی سپاردن: ٥٥٤-٢٠٠٧

دەتوانی لە سایتی ئینتەرنێتی نووسەر بیخوێنیتەوە
www.zagros.org
مافەکان هی نووسەرن

**ناوەڕۆک**(ژمارەی لاپەڕەکان هی کتێبە چاپکراوەکەیە)

**یەکەم - پێشەکی**
قسەیەک لەسەر لێکبوردن
قسەیەکیش لەسەر پیرۆزی ٧

**دووەم: نووسینەکان**
فەتواکەی وەزیری ژینگەو ئازادییە بچووکەکانی ئێمە
*فاروق ڕەفیق* ٢٣

کەوتن لە بورجی بەرزی فەلسەفەوە.. وەڵامێک بۆ فاروق ڕەفیق لە هاوڕێیەکیەوە
*فازل قەرەداغی* ٢٩

تیرۆرکردنی کاراکتەر وەک هەڵەیەکی لۆژیکیو وەک تاکتیکێکی ئیسلامگەراکان
"ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هێرشە ژەهراوییەکەی ئیسلامییەکان"
*فاروق ڕەفیق* ٤٥

وانەیەکی مەنتق بۆ مامۆستای مەنتق.. وەڵامێکی تر بۆ فاروق ڕەفیق
*فازڵ قەرەداغی* ٧٣

**سێیەم:**
کتێبی ((ستەمکاری))و چەند ڕەخنەو سەرنجێک ٨٩

دوا وتە..جارێکی تر لێکبوردن و پیرۆزی ١١٧

# پێشەكی

بێدەنگو بەهێمنی دانیشتبووین كاتێك گوێمان لە زرمەیەك بوو. زرمەیەكی بەرز بوو ناچاری كردین ئاوڕبدەینەوە. لەو شوێنەوەی دەنگەكەی لێوەهات تۆزێكی چڕ بەرزببووەوە. دیار بوو شتێك بوو لە بەرزییەوە كەوتبوو. چاوەڕێی لاچوونی تۆزەكە بووین تا بزانین چییە. تۆزەكە مابووی هەمووی لابچێت كاتێك لەپشت ئەو تۆزەوە كەسێكمان بینیو ناسیمانەوە. چاوەڕێ نەبووین ئەو بێت، چاوەڕێمان دەكرد پەشیمانی بەڕووی ئەو كەسەدا ببینین بەلاّم نەمانبینی، لەجیاتی ئەوەش وا دیار بوو كەوتنەكەی لا ئاسایی بووبێت، وا دیار بوو نەیزانیوە كەوتووە، ئێمەش كەوتینە گومانو ماوەیەك لەناو ئەو گومانەدا ماینەوە تا بۆمان دەركەوت ئەو تەنها بە خەیالّی خۆیو خەلّەتاویی خۆمان لەسەرەوەدا بوو. ڕاستییەكە بۆ ئێمە دەركەوت بەلاّم دیار بوو ئەو هێشتا لەو خەیالّەدا دەژیا، تەماشای سەرەوەی دەكردو وایدەزانی لە بەرزاییەكاندایە.

ئەوانەی لەم لاپەڕانەدا دەیانخوێنیتەوە بابەتو ڕەخنەن. نووسینێكی (فاروق ڕەفیق)و ڕەخنەیەكی خۆم، نووسینێكی ترو ڕەخنەیەكی تر.. لەكۆتاییشدا ڕەنگە دوو جۆر عەقلّیەت ببینی. چەند ئەو دوو عەقلّیەتە لەیەك دوورن یان نزیك؟ پرسیارێكە خۆی وەلاّمی خۆی دەداتەوە، ئەگەر تۆی خوێنەریش وەلاّمت دایەوە ڕازیم لەسەددا پەنجای ئینساف بخەیتە كار، ئەگەر لە سەددا سەدیش بێت ئەو كاتە بە تۆی خوێنەر بەختەوەرم.

ئەو كێشەیەش كە ئەم چەند نووسینەی هێنایە بوون لە یەكێك لە نووسینەكانی ئەم كتێبەدا باسكراوە، بەلاّم دیارە ڕەگێكی قوولّتری هەیە، پێشینێكی هەیە پەیوەندیی بە نووسینێكی ساتەوەختێكی دیاریكراوەوە نییە، جیاوازیی دوو عەقلّیەتە قەلّەمیان بەكارهێناوە، بەلاّم یەكێكیان كردوویەتی بە جەنگێكی شەخسی، جەنگی پاراستنی كەرامەتو هەیبەت لەناو ناوەندی ڕۆشنبیریدا بەلّكو ڕەنگە لەناو هەموو كۆمەلّگەدا. من وای دەبینم، هەروەها واشی دەبینم كە جەنگی كەسێكە خۆی لەسەرووتری مرۆڤەكانی ترەوە دەبینێت، كەسێكە داوای بەرزڕاگرتن دەكات بەلاّم لەهەموو شوێنێكدا دەستی ناكەوێت، هەستێكی مەزنێتیی تێكەلّ بە هەستی ستەملێكراویو مەغدووری. ئەو زێڕی ناو زبلّە، ئەو ئەو پێغەمبەرەیە كە قەومەكەی بەردەبارانی دەكەن.

## قسەیەك لەسەر لێكبوردن

كۆمەلّگەكەمان نە خێلّەكییەو نە شارستانی. كۆمەلّگەكەمان پەروەردەی دەسەلاّتی كوردییە، دەسەلاّتێكە خۆیو خۆمان پێكەوە لەسەر دەستی دەسەلاّتێكی تر پەروەردە كراوین (بەعسە ئەگەر بیرتان مابێت) كە لێكبوردن (تەساموح)ی بە هەڕەشە لەسەر خۆیو لەسەر ئەمنی قەومی دەزانی.

نووسینەكانی فاروق كە لەم كتێبەدا دەیانخوێنیتەوە حەزێكیان تێدا زیندووكردمەوە، حەزی قسە كردن لەسەر لاوازیی لێكبوردنی ناو كۆمەلّگەكەمان، لە قسەكردنیش زیاتر: شەڕكردن لە دژی ئەو لاوازییە.

بۆچی دەبێت یان مەرایی بكەم یان شەڕانگێز بم؟ بۆچی دەبێت یان ستایشی درۆیینە بكەم یان ڕەخنەیەكی

خوێناوی بگرم؟ ناکرێت لەسەر کاغەز ڕەخنەت لێبگرمو دوایی لەسەر جادە دەستی تەوقەی هاوڕێتیت بۆ درێژ بکەمەوە؟

کۆمەڵگەو دەسەڵاتی کوردی پەروەردەی دەستی بەعسن، لێکبوردن لای بەعس هەڕەشەی تیاچوونی دەسەڵاتەکەی تێدا بوو، لاوازبوونی گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتو نەمانی پیرۆزیی سەرکردەی بەدواوە بوو. بەڵام کۆمەڵگەی خێڵەکی وا کار ناکات، ڕاستە کۆمەڵگەی خێڵەکی لەسەر شتی بچووك لەناو خۆیدا بەجەنگ دێت، بەڵام هەمان ئەو کۆمەڵگەیە دەزانێت کە دەرگاکانی ئاشتیی پاش ڕشتنی خوێنی زۆر بۆ هەتا هەتا داناخرێن.

دەسەڵاتی بەعس لێی نەدەبوردی تەنانەت ئەگەر دڵۆپێکی خوێنی پیاوێکی ئەویشت نەڕشتبێت، لای بەعس وشەیەك بەس بوو بۆ ئەوەی قەهری خۆیت بەسەردا بڕشتایە.

لەژێر ئەم سایەیەشدا کۆمەڵگەکەمانو دەسەڵاتەکەمان گەورە بوون. دەشبوایە ڕۆشنبیران دژ بەو کەلتوورە بوونایە، واقعیش بەگوێی ((دەبوایە))ی ئێمە ناکات؛ واقع دەڵێت هەیانە دژ بەو کەلتوورەن، هەشیانە تێیدا دەژی. ڕۆشنبیرمان هەیە (بەناچاریش وشەی ڕۆشنبیر بەکار دەهێنم) هەڵگری عەقڵیەتی بەعسە، کەسێکە نە خێڵەکیو نە شارستانی، شەڕی سەر کاغەز کاتێك لەدژی بکرێت بە جەنگی مانو نەمان دەزانێت، لەگەڵ یەکەم ڕەخنەش کە لێی دەگیرێت دەرگای ئاشتی دادەخاتو تا قیامەت نایکاتەوە.

من زۆرم لەلا سەیر بوو کاتێك فاروق ڕەفیق قسەیەکی وتبوو کە ڕەنگە کەسێکی خێڵەکی کاتی تووڕەبوون بیڵێت بەڵام دوایی ئامادەیە لێی پەشیمان بێتەوە. فاروق لەبارەی حزبێکی ئیسلامییەوە نووسیبووی: ((تا لەژیاندا مابن نایانبەخشم)). سەیر لەوەدایە هەموو بەڵگەکانی لەسەر ئەو حزب ئەوەیە ((قسەیەکی بیستووە))، هەروەها تەسەورێکی هەیەو لێی بۆتە ڕاست. ڕستەی ((تا لەژیاندا مابن نایانبەخشم)) ڕستەیەکی بچووك نییەو بۆ کێشەیەك دەوترێت هێندەی دەریاکان قووڵ بێت. بەڵام کێشەکە لەم حاڵەتدا هێندەی حەوزی ماسییەك قووڵ نییە: بناغەی ئەو کێشەیە قسەی کەسێکی ئەو حزبەیە کە فاروق ((بیستوویەتی)).. هەروەها گومانێکە کە ئەو حزبە وای بڵاوکردۆتەوە کە گوایە فاروق ئیسلامییەو ئەوان قسەکانی بەکار دەهێنن، خۆ ئەگەر کوژرا دەچنە سەر قەبرانو..[1] تا کۆتاییی ئەم تەسەورو قسە بێتامانە کە هی ئەوەی نین مرۆڤ بیریشیان لێبکاتەوە.

ئەم جەنگەش کە تازە بەتازە فاروق هەڵیگرساندووە بە دیدی ئەو جەنگێکی پیرۆزە چونکە دژ بە زاتی خۆی کراوە، هەر بۆیە من بە جەنگێکی پیرۆزی نازانم، بەڵکو ئەسڵەن جەنگیش نییە مەگەر بۆ گاڵتەجاڕی ئەو ناوەی لێ بنێین، هەر بۆیەش لام سەیر بوو فاروق بەهەمان گیانی جەنگی هەمیشەیی شەخسییەوە وەڵامی تەوقەکەی دامەوە کاتێك چوومە بەردەمیو دەستی تەوقەم بۆ درێژکردووەو پرسیم: ((ئەرێ سەلامانمان لێدەکەن؟)) ئەویش پەنجەی ڕەپی شایەتمانیی ڕووتێکردمو بەزبری وتی: ((بەهیچ شێوەیەك.. بەهیچ شێوەیەك)).[2]

---

[1] بڕوانە بابەتەکەی فاروق لەم کتێبەدا: تیرۆرکردنی کاراکتەر...

[2] چاوەڕێم دەکرد زبر قسە بکاتو تەنها گلەیی بکات، بۆیە ئەو وەڵامەیم لا سەیر بوو، بەڵام هەمووی چەند چرکەیەك بوون ئینجا پێکەنینم بەو دیمەنە هات. ئەو ڕۆژە هەموو نووسراوەکانی خۆمو فاروق لە (هاوڵاتی)و (ئاوێنە)دا بڵاوکرابوونەوە، منیش بۆ ئەم کتێبە ئامادەم دەکردن، سەرباری ئەوەش ویستم تەوقەی لەگەڵدا بکەم، ئەویش نەیدەزانی چی ئامادە دەکەمو ئەوەی کرد کە کردی، ئەی ئەگەر بیزانیایە؟

Zagros WebSite

منیش دەپرسم: فاروق دەسەڵاتدار نییە کەچی ئەوەیە قەڵەمەکەی و ئەمەیە پەنجەی شایەتمانییەکەی، ئەی ئەگەر دەسەڵاتدار بوایە؟ بەڕواڵەت خراپتر دەبێت هەرچەندە دەکرێت پێچەوانەکەشی بێت، واتە ئەگەر دەسەڵاتدار بێت بەشێك لە هەستی مەغدووریی نەمێنێتو لە ئێستا زیاتر سنگی فراوان دەبێت.

بەڵام قبوولّ نەکردنی ڕەخنە لەلایەن فاروقەوە نابێت دەرگای پاساوهێنانەوە بۆ دەسەڵات بکاتەوەو نابێت بڵێین کەواتە با دەسەڵات بەهەموو عەیبەکانییەوە قبوولّ بکەین، ئەگەر شتی وا بوترێت سەدان هەنگاو پاشەوپاش بەرەو دواوە دەچین. بەڵێ فاروق سەلماندوویەتی کە لە دەسەڵات کەمتر لێکبوردنی هەیە، لێکنەبوردنیش لەم جۆرە لەجیاتی ئەوەی دەسەڵاتمان لا شیرین بکات پێویستە زیاتر هانمان بدات دژی لاوازیی لێکبوردن بوەستینەوە.

لێرەشەوە ئەرکێکی جەوهەریی ڕۆشنبیر خۆی نیشان دەدات: پێویستە ڕۆشنبیر بەرلەوەی زانیاری بە کۆمەڵگەی خۆی بدات فێری لێکبوردنی بکات، فێری بکات گوێ لە بەرامبەرو ڕەخنەکەی بگرێت، فێری بکات جەنگەکانی نەکاتە جەنگێکی شەخسی.. لەخۆشیەوە دەست پێبکات.

ڕۆشنبیر دەبێت ئەوە بکات، بەڵام بۆچی ڕۆشنبیر زۆربەی کات وا ناکات؟ پرسیارێکە هەڵوێستی ڕۆشنبیر لە ڕۆشنبیری دەردەخات. ڕۆشنبیر لەجیاتی فێرکردنی کۆمەڵگە خۆی شتێکی تر فێرکراوە: فێرکراوە ڕەخنەگرتن بە هێرشێکی شەخسی بزانێت، ڕەخنەش وەك تەحەدایەك لە کەرامەتو کەسێتیی خۆی تەماشا بکات. گاڵتەجاڕییەکەش لەوەدایە کە ئەوەی ڕۆشنبیر دەریدەبڕێت (نووسین بێت یان هەر چالاکییەکی تر) لەگەڵ حەقیقەتی خۆیدا ناگونجێت؛ زۆربەی کات ئیددیعای ئەو شتانە دەکات کە لەکاتی تاقیکردنەوەدا دەردەکەوێت لێیان بێبەشە.

ئەوە عەیبێکی گەورەیە.. گەورەیە بەڵام لە سنووری درۆکردنو نیفاقو خۆنواندندا.. دەمێنێتەوە، بۆیە لەو گەورەتر هەیە. ئەو عەیبە لەگەڵ هەندێك هەلومەرجدا دەگاتە سنووری جۆرە نەخۆشییەکی تر: ئەو کەسە هێندە خۆی لا گەورە دەبێت خۆی دەخاتە ناو بازنەی بوونەوەرە پیرۆزەکان.. ئێستا ئەو کەسێکی پیرۆزەو لەسەرووی مرۆڤەکانی دیکەوەیە، ئەو مرۆڤانەش بێگومان ئەوانەن کە لە یەك زەمەنو لەسەر یەك زەویدا لەگەڵیدا دەژین. ڕەنگە ئەو نەخۆشە کەسێکی تر لە زەمەنێکی تر یان لەسەر زەوییەکی تر بە مەزن بزانێت، بۆ نموونە بیریارێك یان زانایەك یان فەیلەسووفێکی مردوو.. کەم کەسیش غیرە لە مردووان دەکەن بەتایبەت ئەگەر سەر بە میللەتێکی تر بن.

باس گەیشتە (پیرۆزی). بەچاکیشی دەزانم کەمێك لەگەڵیدا بڕۆم.

## قسەیەکیش لەسەر پیرۆزی

مانگا لە هەندێ شارستانیەتدا پایەیەکی بەرزی هەیە، دایکە، یان بوونەوەرێکی پیرۆزە. مانگای پیرۆز جۆرەها شێوازی ڕێزو بەگەورەزانین لەدەوروبەری خۆیدا دەبینێت. مانگای بێ تەماع داوای ئەو پیرۆزکردنەی لەو مرۆڤانە نەکردووە، مانگای پیرۆز تەنانەت ناشزانێت ئەو خەڵکە وان لەدەوری ئەودا دەسووڕێنەوە، بشزانێت زمانی پرسیاری نییە.

مرۆڤ تەماشای مانگای کردو وتی چیم لەو کەمترە، وتی ئەو دایك بێت من دەتوانم ببمە باوك، ئەو خوداوەند بێت منیش خوداوەندم، خوداوەندێکم لەو ئاستە یان بەرزتر یان نزمتر، ئەگەر ئەو کەرەستە پیرۆزەش کە مانگا لێی دروستکراوە لە ئاسماندا بێت من دەتوانم بیهێنمە سەر زەوی.

مرۆڤ داوای ئەو شتەی کرد کە مانگا بیریشی لێنەکردبووەوە، مرۆڤ بووە مانگایەکی پیرۆز... لوتکەی تەماعی مرۆڤەکان.

کەس ئێستا نازناوی خوداوەندی بەرزاییەکان داوا ناکات، با بەرزاییەکان بۆ ئەو خوداوەندە بێت کە ئیشێکیان بۆ نەهێشتۆتەوەو ئیتر بۆی هەیە تەنها وەکو تەماشاکەر پەیوەندی لەگەڵ زەوی‌و ((خاوەنەکانی))دا ببەستێت. خوداوەندی بەرزاییەکان هێشتا خانەنشین نەکرابوو کاتێك فیرعەونەکانی میسر پەیدا ببوون، نەخێر، تەنانەت خوداوەندە زۆرەکانی تری زەوی‌و ئاسمانیش خانەنشین نەکرابوون. ئەوە بیدعەیەکی مرۆڤی نوێ بوو؛ خوداوەندی ئاسمان تەنها تەماشاکەر بێت، شوێنی ئەو خوداوەندە خانەنشین کراوەش بە پێشەواکان پڕکرایەوە.

پێشەوا چەند کەرەستەیەکی دەسەڵاتی بۆ خۆی دابین کردبوو، لەو پێشەوایەشەوە فیکرەکە بۆ ئەوانەی خوار خۆی گواسترایەوە، بۆ ئەوانە گواسترایەوە کە هێندەی ئەو بەدەسەڵات نەبوون. پێشەواکان بوونەوەرێکی پیرۆزن ئەی بۆچی ئەوانی تریش پیرۆز نەبن؟ زانیاری جۆرە دەسەڵاتێکە، کەواتە خاوەنەکەی خوداوەندێکی بچووکە. دەرۆشتین‌و لێکمان دەدایەوە: ((چ شتێك وای کرد دەسەڵات یەکسان بێت بە پیرۆزی؟))، بیرمان دەکردەوەو نەماندەزانی بۆچی تەنها بەشێکی دەسەڵاتدارەکان داوای پیرۆزییان کردبوو، دەرۆشتین‌و بیرمان دەکردەوە تا لەکۆتاییدا لە سەری کۆڵانێکەوە خۆمان ڕووبەڕووی مانگایەك بینییەوە، مانگا بۆڕاندی، دیار بوو دەیویست بەو شێوەیە ببینین کە ئەو خۆی دەبینێ.

زانیمان مانگا پیرۆزەکان تەنها لەناو کۆشکەکاندا نین، سیاسییەکان ئەخلاقی خۆیان بۆ خوارەوە دابەزاندووە. پیرۆزەکان لەشوێنی تردا، جگەلە کۆشك، هەن. ئەوان تەنانەت لەناو ئەو تەنەدان کە شێوەی ئەمیبای هەیە، واتە لەناو شێوەیەکی بێ شێوەدا، تەنێکی بێ شێوەیە ((ناوەندی ڕۆشنبیری))ی پێ دەوترێت، بەڵام ئەوەی لێی تێنەدەگەیشتین ئەوە بوو چۆن ئەو کەسانە داوای پیرۆزی دەکەن لەکاتێکدا هەر خۆیان باوەڕیان بە ڕەهاو تەسلیم بوون بە پیرۆزییەکان نییە؟ نەخێر تێدەگەیشتین بەڵام نەماندەزانی چۆن قەناعەتیان بە خۆیان کردووە خۆیان وەکو مانگایەکی پیرۆز تەماشا بکەن.

بەڵێ! ناوەندی ڕۆشنبیریمان بەشی خۆی مانگای پیرۆزی هەیە، بەشێکیش لەو بوونەوەرانە کە خۆیان لا پیرۆزە تەنیا نین، موریدو شوێنکەوتەیان هەیە.

ناوی کەس نابەم بەڵام دوو سیمایان دەستنیشان دەکەم:

ئەوانە بەر لەهەموو شتێك بەرامبەر بە ڕەخنە هەستیارن. ڕەخنە ئەو وێنە ئەفسووناوییە دەشێوێنێت کە لەناو تەمی هەیبەتدا (ڕاستی بێت یان دروستکراو) ون بووە. ڕەخنە دەیکاتە وێنەیەکی ئاسایی. جاروبار هەر خۆیان ستایشی ڕەخنەگرتن دەکەن بەڵام ستایشێك زەرورەتی سەردەم پاڵی بێبەزەییانەی پێوە ناوە، ستایشی ڕەخنە دەکەن بەڵام کاتێك ڕەخنە لەخۆیان دەگیرێت گوێت لە هەناسەکانیانە سواری ملی یەکتر دەبن. تا لەو وەزیفە خوداییەشیاندا کۆنتر بن زیاترو زیاتر بەرامبەر ڕەخنە شەڕانگێزتر دەبن.

سیمایەکی تری مانگا پیرۆزەکان داوایەکە کە مانگاکانی جیهانی ئاژەڵ داوایان نەکردووە، تەنانەت ئەوانەش کە ئەو مانگا پیرۆزانە دەپەرستن داوایان نەکردووە. مانگا پیرۆزەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئیدیعای تـاکێتی دەکـەن، هەر ئەوانو شەریکیان نییە، ئەوان یەکەمن، ئەوان لەپێشەوەن، ئەوانی تر دەبێت پاشکۆ بن.

قسەیەکی لینین هەیە (لە چەند سەرچاوەیەکی مارکسیدا بینیومە نەك لە بەرهەمێکی لینین) ئەوەیە دوژمنایەتیی ئاین ئەلفوبێی مارکسیەتە. پێویستیش ناکات لەسەر ئەوە بڕۆین کە نە مارکسو نە ئێنگلز ئەو باوەڕەیان نەبووە، بـەڵام ئـەو قسـەیە بـۆ ئـەوە دەشـێت بیکەیتـە ڕسـتەیەکی هاوچەشـنی جـۆرە پرسـیارێکی تاقیکردنـەوەکانی قوتابخانەکان: ((بۆشایی ئەلفوبێی بۆشایی))، خۆشت سەرپشك بە بۆ پڕکردنەوەی بۆشـاییەکان، ڕەنگـە کەسـێك لایەنگرت بێتو دوان ڕەخنەت لێبگرن.

بۆشاییەکەش لێرەدا ئاوا پڕ دەکەمەوە، یەك ڕەخنەگریشم دەبێتو دوو لایەنگر:

قبووڵکردنی حیوارو ڕاگۆڕینەوە ئەلفوبێی ڕۆشنبیرییە.

بەڵام ئەگەر کەسێك نووسەرێك، ((ڕۆشنبیرێك))، پێشەوایەك بە پیرۆز بزانێت چۆن دەتوانێت حیوار قبوول بکات؟

کەواتە بە خستنەبری شتەکانو وشەکان (ئەمجارە ڕەنگە یەك لایەنگرم بێتو دوو ڕەخنەگر) زانینی مرۆڤێك بە بوونەوەرێکی پیرۆز، ئیتر ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی تر بێت یان خودی خۆی بێت، گومـان دەخاتـە ڕۆشـنبیربوونی ئـەو کەسە.

دەتوانم تا ڕاددەیەك بەرگری لەم وەڵامە بکەم: زانینی کەسێك بە بوونەوەرێکی پیرۆز... قۆڵی کراسی ئەوکەسە بگریو شوێنی بکەوی... بوون بەو دۆڵەی هاوارەکانی ئەو کەسە دەداتەوە... ئەوانە هەموو ئەنجامیان هەیە: تـۆ خۆت نابی ئەگەر کەسێکت بە پیرۆز زانی یان لە پیرۆزی نزیکت کردووە، مەرجێکی ڕۆشـنبیریش ئەوەیـە ڕۆشـنبیر خۆی بێت.

ئێستاش ئەگەر فلان بە مانگایەکی پیرۆز بزانی یان نەزانی، فیسار لەلات پیرۆز بێت یان نەبێت، لای تۆ پیرۆزبێت یان لای ئەوانی تر.. هەموو ئەوانە ئاوی ئەو ڕاستییە لێڵ ناکەن: هەر کەس خۆی بە مرۆڤ بزانێت دەبێت بۆ ڕەخنە ئامادە بێت، خۆ ئەگەر خۆشی وەك بوونەوەرێك لە مرۆڤ گەورەتر ببینێت با چاوەڕێی گاڵتەجاڕی بکات.

بگەڕێینەوە سەر فاروقو ئەو حزبە ئیسلامییە تا بزانین فاروق چەند خۆی لا گەورە بووە:

فاروق نووسیویەتی: ((یەکگرتووی ئیسلامی بەرهەمێکی من کۆپی دەکاتو بەسەر ئـەندامـەکانیدا دابـەشـی دەکات، ئەمرێکی حیزبیش (ئەمرێکی سوڵتانانە) دەردەکات بۆ ئەندامەکانی کە ئەم نووسەرە بخوێننەوە)).

چ عەیبێك لەوەدا هەیە؟ بەڵام فاروق هەر دەبێت ئەو عەیبە بدۆزێتەوە. ئەو دەپرسـێت: بۆچـی ئـەوەیان کـرد؟ مرۆڤی عاقڵیش وەڵام دەداتەوە: ((چونکە بایەخیان بە تۆ یان بە بەرهەمەکەت دابوو، سوپاسیان بکە)). بەڵام ئەو دەڵێت نەخێر سوپاسیان ناکەم چونکە یەکگرتوو:

((لە دروستبوونییەوە تا ئێستا نەیتوانیوە یەک حەرفی جیدی، فیکری، هەڵسەنگاندنێکی فیکـری دەربـارەی هەلومەرجی نالەباری ئەم وڵاتە بخاتە ڕوو، یەک هاونیشتیمانی لێپرسراوی دروست نەکردووە کە پڕچەک بێت بە فیکرو مەعریفە، کەسێک کە ئاگای لە سیاسەتی جیهانی، لە خودی شارستانێتی خۆرئـاوا بێـت، کـەسـێک کـە فیکرو فەلسەفەی خۆرئاوای خوێندبێتو شارەزا بێت، سەبـارەت بـە عێـراقو خـودی هـەلومـەرجـی کـەلتـووریو

سیاسیی کوردستانیش شتێکی ئەوتۆی نەگووتووە شایانی لەسەروەستان بێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەژارییەکی فیکری سەرسوڕهێنەریشی نیشان داوە سەبارەت بە خودی ترادسیۆنی ئیسلامی، نەک ئەمەندە بەڵکو...)).

پێویست بە تەواوکردنی قسەکە ناکات چونکە لەم کتێبەدا دەقی تەواوی دەخوێنیتەوە... ئەنجامی قسەکەی فاروقیش ئەمەیە: ئەوان هیچ نازانن‌و من هەموو شتێك دەزانم بۆیە ناچاربوون من بخوێننەوە.. من.. من.

فاروق تەنانەت خۆی دەخاتە پێش بیریار جیهانییەکان، ئەوەتا لە کتێبی (ستەمکاری)دا باسی تێگەیشتن لە ئەفلاتوون دەکات‌و دەڵێت: ((هەڵەیەکی مەنهەجی‌و فیکری‌و ئنجا نیشانەی تێنەگەیشتنە لە ئەفلاتوون گەر ... (تا دەڵێت) چونکی بە باوەڕی ئێمە ئنجا بە باوەڕی شتراوس‌و ئالان بلۆم‌و پرۆفیسۆر نوولێش دایەلۆگەکانی ئەفلاتوون دۆکترینێك (عەقیدەیەك)و دۆگمایەك پێشکەش ناکەن..)).[3]

ئەو قسەیە ئەو فەرموودەیەی بیرخستمەوە کە کەسێك بە پێغەمبەری وت: ((خوداو تۆ حەز بکەن)) ئەویش پێی فەرمو: ((منت کردە هاوەڵی خودا؟ وا مەڵێ، بەڵکو بڵێ ئەگەر خودا حەز بکات پاشان تۆ)). فاروق بەوە ڕازی نەبووە بڵێت ئەو شتە بە بۆچوونی من‌و شتراوس‌و بلۆم (هەموو پێکەوەو لەسەر یەك خوان).. چونکە ئەوە شەریك پەیداکردنە بۆ خۆی بۆیە دەڵێت: من ئینجا شتراوس‌و بلۆم..!!

بەلام دیوێکی دیکەی کەسێتیی فاروق هەیە جگە لەو خۆبەگەورە دانانە، دیوێکە تەواوکەری ئەو خۆبەگەورەدانانەیە. فاروق هەمیشە هەست بە مەغدووری دەکات، کۆمەڵگە قەدری ئەو نازانێت، وەکو پێغەمبەرێکە قەومەکەی بەردەبارانی دەکەن. فاروق لەوەدا، واتە لە کۆکردنەوەی خۆبەگەورەدانان‌و مەغدووری، تاکی جیهان نییە.. ئەو هاوچەشنی زۆری هەیە.

* * * * *

ئەم کتێبەم بریتییە لە سێ بەشی سەرەکی: یەکەمیان ئەم پێشەکییەیە، دووەم نووسینەکانی خۆم‌و ئەوانەی فاروق، سێیەمیش شتێکی کورت لەبارەی کتێبی (ستەمکاری)ی فاروق.

لێرەدا خوێنەر دەبینێت کە فاروق چەند هەڵەی کردووەو لە هەندێك مەسەلەدا سەلماندوویەتی شارەزاییەکی تەواوی نییە.. بۆیە بەپێویستی دەزانم ئەم پێشەکییە بە تێبینییەك کۆتایی پێبهێنم، تێبینییەك هێندەی ڕەخنەکان گرنگە:

وەك مەسەلەیەکی شەخسی کێشەم نییە لەگەڵ ئەوەی فاروق نووسیویەتی، بەڵکو کێشەکەم لەگەڵ ئەوەیە کە خۆم نووسیومە. بەدڵنیاییەوە پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە کەسانێك کە کەیفیان بە فاروق نایەت، ئەویش لەبەر

[3] لاپەڕە ٨٨. قوتابییەکی فاروق ویستی دیفاعی لێبکات داماوتری کرد. جگە لەوە ئەو قوتابییە ئامۆژگاریی کردم ئەو کتێبەی فاروق بخوێنمەوە. هەرچەند پێش ئەوە نیازم بوو بیخوێنمەوە بەلام لەبەر خاتری ئەو لە برادەرێکم وەرگرت. کە لاپەڕەکانیم هەڵدەدایەوە ئەو ڕستەیەی سەرەوە لەبەردەممدا خۆی قیت کردەوە، منیش زەردەخەنەیەکم پێبەخشی. لەکۆتایی ئەم کتێبەشمدا کەمێك لەبارەی ئەو کتێبەی فاروقەوە دەدوێم. دەبێت بڵێم کە فاروق ویستبووی ئەوانەی کۆرسی فەلسەفە، لە سلێمانی‌و لە هەولێر، لای ئەو دەخوێنن لەجیاتی خۆی وەلامم بدنەوە بەلام تەنها ئەو یەکە بەدەمییەوە چوو. جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لەو قوتابییانە بکەم کە کەسایەتیی خۆیان پاراستبوو، بەتایبەت ئەگەر ببینین دوو نووسینەکەی فاروق لە چ ئاستێکدان، کارێکی خراپیشە مامۆستا بیەوێت شەڕە تایبەتەکەی خۆی بە قوتابییەکانی بکات، پاشان ناوی دیفاع لە مەعریفە لەو شەڕە بنێت.

چەند نیازێکی دوور لە زانستو زانیاریو هەڵوێستی ڕاستو دروست لە سیاسەت، دەڵێن: ((بزانن چۆن فاروق کە ئیدیعای شتی زل دەکات سەلماندوویەتی کە شت نازانێت)).

لەسەر ئەم ((شت نازانێت))ـە دەمەوێت ئەوە بڵێم: هەندێك کەس نەك تەنها لە زانیاریو مەعریفە کۆڵەوارن بەڵکو لاوازی لە ئەخلاقیشیاندا هەیە، بۆیە ژمارەیەك ڕەخنە دەکەنە ((هەموو شتێك)) بۆ ئەوەی دوایی بڵێن ئەو کەسە ((هیچ نازانێت)). بێگومان پاش ئەو ڕەخنانە ناڵێم فاروق وەکو ئەو کەسانە کاتی خۆی بە نێرگەلە خواردن بردۆتە سەر. ئەو کەسانە فێر نین شتەکان لە سنووری خۆیاندا بهێڵنەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی پەرگیریو ڕەفزی تەواوی بەرامبەر عەقلی داگیرکردوون، ئەویش بەهۆی دەمارگیرییەوە، دەبینی یان ستایشێکی بێ ئەنداز دەکەنو یان نەیاران دەکەنە سفری ڕووت.

ئێستا پێشەکییەکە تەواو بوو و نۆرەی نووسینەکانمانە، سەرەتاش بەو نووسینەی فاروق دەست پێدەکەم کە سەری خەڵکی زۆری سوڕماند ئەویش لەبەر دوو هۆ:

١- هێرشێکی توند بوو لەسەر ئیسلامییەکان کە تا ئەو کاتە هیچ شتێکی خراپیان بە فاروق نەوتبوو.

٢- هێرشەکە شتی زۆر نامەعقوولو سەیری تێدا بوو.

دەڵێم سەری خەڵکی ((زۆری)) سوڕماند دەنا کەسانێك هەبوون بەو ئەندازەیە لایان سەیر نەبووە چونکە دیارە پێش ئێمە کاك فاروقیان دەناسی.

# فەتواكەی وەزیری ژینگەو ئازادییە بچووكەكانی ئێمە

وەك وتم ئەم نووسینەی فاروق كەسانێكی زۆری سەرسوڕماندبوو. جگە لەو قسە سەیرانەی لەم نووسینەدا هاتوون، ئەو لێرەدا هێرش دەكاتە سەر كەسانێك كە پێشتر هیچ شتێكی خراپیان بەرامبەری نەكردبوو و تەنانەت ڕێزیشیان دەگرت.

**فاروق رەفیق**

هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ٣١٩ لە ٢٠٠٧/٣/٢٨، ل١٤

چەند ئەكتیڤیستێكی سیاسی كە خاوەنی ئەجێندان لەم ڕۆژانەدا كۆنفرانسێكیان سازدا (٢٠٠٧/٣/٦) بەنیازی قەدەغەكردنی جگەرەكێشان لە كوردستان، ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە شوێنی سەرنجە، تەسریحاتەكانی وەزیری ژینگەیە كە تێیدا بێ پەردی ئاماژە بە فەتوایەكی شێخی ئەزهەر دەداو دەیەوێت لەڕێگای ئەم فەتوایەوە جگەرەكێشان قەدەغە بكات. بەڵام با بپرسین لێرەدا چی لە محەكدایە؟

بۆ ئەوەی بەهەڵە لێك تێگەیشتن دروست نەبێت، دەبێت بڵێم من لەگەڵ پاكیی‌و پاراستنی ژینگەدام، دژی ئەو هەوڵانەم بۆ خاپوركردنی ژینگەو وەك لێكۆڵەرەوەیەكی جدیش یەكەم كەس بووم كە لەم نێوەندەدا دژی خاپوور كردنی ژنگە بوومو ئەم خاپووركردنەم بەستۆتەوە بە پرۆژەی مۆدێرنتییەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەدام كە خەڵكی لە زەرەرو زیانەكانی جگەرەكێشان ئاگادار بكردرێنەوە، واتە بڵاوكردنەوەی هۆشیاری دەربارەی زیانەكانی جگەرەكێشان شتێك كە دژیم بریتییە لە قەدەغەكردنی جگەرە بەتایبەتی لەلایەن حكومەتەوە، حكومەت نابێتو ناشێت ئەو دەستەڵاتەی پێ بدرێ كە دەستوەرداتە وردو درشتی ژیانمانەوە، مرۆڤەكان دەبێت ئازادبن‌و خۆیان بۆ خۆیان بڕیاربدەن كە جگەرە دەكێشن یا نایكێشن، نابێت حكومەت ڕێگەی پێ بدرێت كە بڕیار لەسەر هەموو شتەكانی ژیانمان دەربكات، نابێت ئەو شتە عەجیبەی كە پێی دەڵێن "پەرلەمانی كوردستان" مافی ئەوەی پێ بدرێ كە بڕیار لەسەر ئازادییەكانی ئێمە بدا، ئەو شتە عەجیبە لەوە بێ بەهاترە كە ڕێگەی پێ بدەین بڕیار لەسەر ژیان‌و ئازادییەكانی ئێمە بدا. كێشەكە چییە كە شوێنی غەمە؟. ئەوەی شوێنی سەرنج‌و غەمی منەو دەبێت ببێتە شوێنی غەمی هەموو لایەك بەكورتی‌و كرمانجی ئەمەیە: ئێمە دەزانین كە وەزیری ژینگە لێكۆڵەرەوەیەكی بواری ژینگە نییە (كوا لێكۆڵینەوەكانی؟)، زانای بوارەكانی زیندەوەرزان‌و تەندروستی نییە، كوا لێكۆڵینەوەكانی؟، تاكو هەڵوێستی بەرانبەر بە جگەرەكێشان‌و ئەرگومێنتی ئەو دژ بە جگەرەكێشان لەو بوارانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵكو بەكورتی‌و بە كرمانجی ئەو زاتە ئەندامی ڕێكخراوێكی ئیسلامییە كە خاوەنی دیدو بۆچوونێكی بنەڕەتخوازیانەیە (فەندەمێنتالیزمانە). ئەم كۆمەڵەیە هەروەك ڕێكخراوە توندڕەوە ئیسلامییەكانی دیكە لە لیستی حەرامكراوەكانیاندا جگەرەكێشان بوونی هەیە، واتە هەروەك چۆن دژی شەرابن ئاوهاش دژی جگەرەكێشانن، نەك لەبەر ئەوەی جگەرەكێشان زیانی هەیە بۆ ژینگە یا تەندروستی مرۆڤەكان بەڵكو لەبەر ئەوەی جگەرەكێشان هێمای سێكسی لەخۆ دەگرێت، جگەرەكێشان بریتییە لە جۆرێك لە سێكس، لە جۆرێك لە مژین‌و لێرەوە لە جگەرەكێشاندا سێكس دەبیننەوەو سێكسیش حەرامە، كەواتە جگەرەكێشانیش حەرامە لەم دیدەوە چونكی

مژینه. یا ئاگاداریین که بزووتنەوه ئیسلامییەکانی کوردستان که بەشدارن له دەستەلاتی کوردیدا دەستبەرداری ئەو لیستە نەبوون لیستی "ئەمه بکه"و "ئەمه مەکه" واته لیستی دیاریکردنی حەلاڵو حەرام که لای من لیستی زەوتکردنی ئازادییەکانی ئێمەیەو ئێستا له دەستەلاتەوەو له کورسی وەزارەتەوە سەرقاڵی دابەزاندنی ئەو لیستەن. وەك گووتم من داکۆکی له جگەرەکێشان ناکەم بەلاّم داکۆکی له ئازادییەکانی مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە دەکەم لەو دیدەوەی که حکومەت نابێت دەستەلاتی تا ئەو شوێنە، تا ئەو رادەیه بڕوات که حاکمی موتلّەقی بێت بەسەر ووردو درشتی ژیانی تاکەکانەوە، لەو دیدەوە که دەبێت مرۆڤەکان ئازاد بنو ئازادانه ڕێگاو شێوازی ژیانی خۆیان دیاری بکەن بەر بنەمای تێگەیشتنو ئەرگومێنت نەك فەتوای ئەزهەر. گیروگرفتی سەرەکی هەموو بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەوەیه که له دیدێکی ئەخلاقی بەرتەسکی سادە لەوحانەوە له دنیا دەڕوانن و فیکرو فەلسەفەیان نییه بەڵکو لیستێکیان هەیه له "ئەمه بکه"و "ئەمه مەکه" ئەوەی شوێنی سەرنجه ئەوەیه که بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان، کۆمەڵو یەکگرتوو بەتایبەتی، بەشێکی هەرە جەوهەری ئەو فەسادو فسقو داڕزانەی دەستەلاتو کۆمەلگای کوردین، گەر بێتوو ڕێگەیان پێ بدرێ ئەوا وەکو خۆرکە دەکەونە گیانی ئەو چەند ئازادیه بچووکەی که هەمانە لەژێر سایەی ئەم سیستەمە ستەمکارەی که ئەوانو دوو حیزبە گەورەکە دروستیان کردوە. بەلّێ ئێمه لەژێر سایەی سیستەمێکی ستەمکاریدا دەژین بەلاّم هەندێ ئازادی زۆر بچووك هەن که پێویستن بۆ ژیان هەمانن لەوانه دەتوانین جگەرە بکێشین، دەتوانین شەراب بخۆینەوە، دەتوانین بەپێی ئارەزووی خۆمان جل بپۆشین، گەر ئیسلامییەکان ڕێگایان پێ بدرێ یەکەم شت دەیکەن خاپوور کردنی ئەو ئازادیيانەیه، دوای قەدەغەکردنی جگەرە چونکی هێمای سێکسییه نەك زیانی هەیه بۆ تەندروستی، ئینجا دێنە سەر قەدەغەکردنی سەیرانو گەشتوگوزار، حیزبەکە یا ڕاستره بلّێین کەلّتەکەی جەنابی وەزیری ژینگه (کەلّت واته گروپێکی ئاینی دەمارگیری داخراو) کۆمەڵ ئەو کاتەی که بەزۆرە ملی حوکمی ناوچەی خورماڵیان دەکرد سەرقاڵی تیرۆرکردنی خەلّکی ئەو ناوچەیه بوونو دەیەها کەسیان تیرۆر کردو کوشت، لەوانه منو خێزانەکەم لەساڵی ٢٠٠١ دا بووینە قوربانی تیرۆرو تیرۆرایزکردنی ئەو دەستەو تاقمە لەوەدا که لەلایەکەوە نەیانهێشت سەیران بکەینو لەلایەکی دیکەوە دەیانویست من بگرن، دوای قەدەغەکردنی سەیرانو گەشتو گوزارو جگەرەکێشان دێنە سەر قەدەغەکردنی شەراب، و دواجار کورتکردنەوەی پانتۆڵەکانمانو ئینجا هێشتنەوەی ڕیشو سمێڵ بەزۆر وەك ئەوەی تاڵەبانەکان کردیان له ئەفغانستان، ئینجا تەوقەنەکردن لەتەك ئافرەت و دواجار داپۆشینی ئافرەتان بە بۆرقەکەی تالیبان. ئەوەی له مەحەکدایه له فەتواکەی "وەزیری ژینگه"دا ئازادیه بچووکەکانی ئێمەیە نەك جگەرەکێشان، ئەوەی شوێنی غەمه ئەوەیه که ئەندامێکی سەر بەکۆمەڵەیەکی خاوەن ڕابووردوویەکی شوێنی گوومان، ڕابووردوویەك که باس له تیرۆرو تیرۆرایزکردنی خەلّکی دەکات له ناوچەیەکی کوردستاندا، له سەرەخۆو بەخشکییەوە، سەرقاڵی سەپاندنی ئەجێندای بزووتنەوەکەیەتی لەپایەماڵکردنی ئازادیەکانماندا بەناوی فەتوای ئەزهەرەوە بەلاّم ئەمجارە لەناو دەستەلاّتی کوردیەوە. یەکەم کاری مەحاکمی ئیسلامی له سۆماڵی دوای گرتنەوەی مەقادیشۆ بریتی بوو له قەدەغەکردنی سینەماو سەیرکردنی تۆپی پێ، ئەوەتا یەکەم کاری وەزیرێکی بزووتنەوەیەکی توندڕەو له کوردستان بریتییه له قەدەغەکردنی جگەرەکێشان.

## کەوتن لە بورجی بەرزی فەلسەفەوە..
## وەڵامێك بۆ فاروق ڕەفیق لە هاوڕێیەکیەوە

**فازل قەرەداغی**

مـن یـەکێك بـووم لەوانـەی نووسـینەکەی فـاروق سـەری سوڕماندبوون. من وای بۆچووبووم کە ناکرێت ئەو بوهتانو قسە ناڕاسـتانەی فـاروق نووسـیونی بـێ وەڵام تێپـەڕن، بۆیـە ئـەم نووسینەم بەپێویست زانی.

هەفتەنامەی (هاوڵاتی)، بە دوو بەش دابەزی: ژمارە ٣٢٠ لە ٢٠٠٧/٤/٤ و ژمارە ٣٢١ لە ٢٠٠٧/٤/١١ ، ل ١٤.

ئەگەر نووسینەکەی فاروق ڕەفیق (فەتواکـەی وەزیـری ژینگـەو ئازادییـە بچووکەکانی ئێمـە –هـاوڵاتی ٣١٩ لـە ٢٠٠٧/٣/٢٨ ل١٤) ناوی خۆی پێوە نەبوایە کەس باوەڕی نەدەکرد لە نووسینی ئەوە. بابەتەکەی لە نووسینەکانی ئەو کەسە دەچێت کە فاروق باش دەیناسێتو لەگەڵیدا کەوتبووە مشتومڕ. بەداخەوە ئەو نووسینەی فاروق هەروەکو ئەوانەی ئەو کەسە پڕە لە هەڵە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەمووی هەڵەیە، پڕە لە تۆمەتی بێ بەڵگەو بێبناغە، ئەو شتەش کە وا دەکات نووسینەکەی شایەنی وەڵام بێت ئەوەیە فاروق ناوێکی دیارە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە وەڵامەکە پەنجە خستنە سەر نەخۆشییەکی نـاو تیرۆرێکـی فیکـری کـە کـەم کـەس هەسـتی پێدەکـەنو فـاروق یەکێکـە لـە قوربانییەکانی.

هێندەی بزانم فاروقو خانەوادەکەی کاتێك لەسەر ((فەتواکەی)) وەزیری ژینگە شتیان نووسی دەقی قسـەکانی ئەو وەزیرەیان نەبیستبوو بەڵکو هەواڵەکەیان بە سەقەتی لە ڕۆژنامەیەك خوێندبووەوە. پاش پرسیار بۆم دەرکەوت مەسەلەکە نە فەتوایەو نە هیچی تر. وەزیـری ژینگـە بـۆ کۆنفرانسـێکی وەزارەتـی تەندروسـتی بـانگکرابوو و لـەو کۆنفرانسەدا وتارێکی دابوو و داوای کردبوو سوود لە ئەزموونی وڵاتانی تر وەربگیرێت سەبارەت بە قەدەغـەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکانو زیادکردنی گومرگ لەسەر جگەرە، پرۆژەیەکیش لەم جۆرەیان پێشکەش بـە پەرلەمان کراوە.

ئەمە بناغەی مەسەلەکەیە، ئەی بۆچی فاروق ئەو بابەتەی نووسی؟ بۆچی فاروق مەسەلەکەی لە ((حەرامکردنی جگەرە))وە گواستەوە بۆ باسی حزبە ئیسلامییەکانو بەتایبەت کۆمەڵی ئیسلامیو تاڵیبانو دادگا ئیسلامییەکانی سۆماڵو نووسینێکی پڕ لە هەڵەو پڕ لە تۆمەتی ناڕەوا ئاڕاستەی ئەو حزبە کرد؟

یەکەم کەس تووشی سەرسوڕمان بووبێت خۆم بووم ئەویش نەك تەنها لەبەرئەوەی نووسینەکەی لە نووسینی ئەو کەسەی ئاماژەم بۆ کردو لە نووسینی ئەو کەسە نەخوێندەوارانە دەچێت کـە جـار نییـە لەگـەڵ فاروقدا باسـیان نەکەینو پێیان پێنەکەنین، بەڵکو لەبەرئەوەی فاروق کۆمەڵی ئیسلامی بە کۆمەڵێکی توندڕەوو تیرۆریست ناودەبات لەکاتێك لەهەموو ئەو حزبە تەنها خۆمو هاوژین عومەر، بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی کۆمـەڵ دەناسـێت. مـنو هاوژین زۆر لە فاروقو خانەوادە نوێکەی، ناسك قادر، نزیك بووینو تەنانەت جارێك بیرمـان لـە پـرۆژەی هاوبـەش دەکردەوە. بەڵێ فاروق تەنها ئێمەی لەنزیکەوە دەناسی.

با مەسەلەی دامەزرانی خانەوادەکەی لە وەزارەتی ژینگە بخەمە لاوە، کە وەزیرەکەی ئامادە بوو بە پلەیـەکی بەرز دایمەزرێنێت پاش ئەوەی (سـی ڤـی)یەکـەی پێشـکەش بکـات (هێنـدەی بـزانم بڕوانامـەی خانـەوادەی فـاروق پەیوەندیی بە ژینگەوە نییە). باسی ئەمە بۆ وەزارەت جێدەهێڵمو حـەز دەکـەم پێشـەکی بـە لایـەنگرانی کۆمـەڵی

ئیسلامی بڵێم کە بەو بابەتەی فاروق ناڕەحەت نەبن و عوزری بۆ بهێننەوە چونکە بابەتەکە بە بۆچوونی خۆم کاردانەوەی ئەو هێرشانەیە کە هەندێ کەسی عەلمانیی توندڕەو کردبوویانە سەر.

فاروق بەحوکمی ئەوەی بەرگری لە شارستانیی ئیسلامی دەکات تووشی هێرشی چەند کەسێکی بێئینساف بوو. ئەو کەسانە لەو جۆرەن کە تۆمەتی توندڕەوی‌و تیرۆریست بەئاسانی دەخەنە پاڵ کەسانی تر، هەروەها لەو جۆرەن کە لەخۆیانەوە شت دەڵێن‌و زانیاریی بێسەروبەر دەڵێن. لای ئەو کەسانە بەسە مرۆڤ دیفاع لە ئیسلام‌و شارستانیەتی ئیسلامی بکات بۆ ئەوەی بە توندڕەو ناوی بەرن‌و ناوی لە لیستی نووسەرانی ((پێشکەوتنخواز)) بسڕنەوە.

گەندەڵیی کەشوهەوای ڕۆشنبیریی کوردی تەنها ئەوە نییە کەسانێك ناوی ڕۆشنبیر لەخۆیان دەنێن‌و ناوەرۆکیان بریتییە لە بۆیاخچییەکی دەربار، گەندەڵیی ڕۆشنبیری تەنها ئەوە نییە فلان‌و فیسار بۆ مووچەیەك یان ڕێزلێنانێك یان تەنانەت بۆ دەعوەتێکی دەسەڵات ئامادەن لە زۆر شت بێدەنگ بن، ئەوانە هەموو گەندەڵین بەڵام جۆرێکی تری گەندەڵی کە کەمتر هەستی پێدەکرێت لیستی ڕەش‌و سپییە کە زۆر کەس بۆ خەڵکی تری دادەنێن. لەو کەشوهەوایەدا نەك تەنها کەسێکی ئیسلامی پاسپۆرتی چوونە بەهەشتی ڕۆشنبیریی کوردیی نادرێتێ بەڵکو تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان بە عەلمانی ناساندووەو دیفاع لە ئیسلام دەکەن ترسی ئەوەیان لەسەرە ئەو پاسپۆرتەیان لێ بسەنرێتەوە. مەرجێکی دەستکەوتنی ئەو پاسپۆرتە ئەوەیە قسە بە ئیسلامییەکان بوترێت، ئەگەر قسە بە ئیسلام خۆی بوترێت ئەو کاتە ئەو کەسە ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتخوازو ئازاشە.

فاروق دیفاعی لە ئیسلام‌و شارستانییەکەی کردبوو و لەوەوە تووشی هێرشێکی بێئینسافانە بوو، بە ((سەلەفی))و جەماعەتی بن لادن ناوبرا، بۆیە ئەویش لە نووسینێکیدا بەرگریی لەخۆی کردو وتی ئەو جۆرە تۆمەتانە گاڵتە نین، ئەو تۆمەتانەشی بە ڕاپۆرت ناوبردووە، ڕاپۆرتن بۆ ئەمەریکاو ئەنجامی خراپی هەیە... بەکورتی ئەوەی بە ((تووشکردن)) لای ئەمەریکاو لای کەنەدا (کە لەوێدا دەخوێنێت) زانیبوو. لەو نووسینە کۆنەشیدا ترس‌و ئینفعالی زۆری پێوە دیاربوو.

ئێستاش ئەم بابەتە نوێیەی فاروق بە هەوڵێك بۆ پاکانەکردن دەزانم، پاکانە نەك تەنها لە هاوسۆزی بۆ ئیسلامییە توندڕەوەکان‌و بۆ بن لادن، بەڵکو پاکانەشە بەرامبەر ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرەی خەریکە دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیا دەگرێت. تۆمەتەکان فاروق دەخەنە ڕیزی ئیسلامییەکان کوردستان‌و ئەفغانستان‌و وەزیرستان، ئەوەش نەك مەترسیی بەدواوەیە بەڵکو هەروەها هەنگاوێکە بۆ دەرکردنی لەو ناوەندە ڕۆشنبیرییە کوردییەی کە جار نەبووە پێکەوە گاڵتەی پێنەکەین‌و نەیکەینە بابەتی نوکتەی خۆمان چونکە پڕە لە نەزانی‌و نەخوێندەواری‌و مەرایی کردن لەگەڵ بەشێك لە خۆفرۆشتن بە دەسەڵات، ناوەندێکە هی ئەوە نییە نە موعجەبی ببیت‌و نە لێشی بترسی. بەشێکی زۆری ئەوەی لەو ناوەندەدا دەنووسرێت‌و دەوترێت شایەنی پێکەنین‌و گاڵتەپێکردنە، زۆربەی ئەوانەش کە گەورەترین لاف لێدەدەن هەر ئەوانەن کە پڕ هەڵەترین شت دەنووسن‌و دەڵێن.

فاروق یەکێك لەو کەسانە بوو کە بە (ڕەچەشکێن) ناوم بردبوون، ئەو ڕەچەشکێنانە لە بازنەی تیرۆری فیکری دەرباز ببوون کە قبووڵی ناکات کەس دیفاع لە ئیسلام بکات‌و هەڕەشەی بێبەشکردنی کەنیسەیی (هەر وەکو هەڕەشەکانی ڤاتیکان‌و ئەوانەی ئیسلامییە پەڕگیرەکان) لەو کەسانە دەکات.

من تێبینیم کردووە کە ئەو لافەی ئەو ناوەندە کاری کردۆتە سەر هەندێك نووسەری ئیسلامی، یان ئەوانەی

پێشتر ئیسلامی بوونو لەبەرئەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز نییە کاتێك تێکەڵاوی ئەو کەشوهەوایە دەبن هەست بە کەمی دەکەن بۆیە هەوڵ دەدەن لاسایی نووسینی کەسانی تر بکەنەوەو ئەو زاراوانە بەکاردەهێنن کە بەکاریان دەهێنن، پاش هەموو ئەوەش هەست دەکەن زۆر لەدواوەن بۆیە دەبینی داکۆکی لەسەر شتانێك دەکەن کە مامۆستاکانیان (کە تەنها لێرەدا بە مامۆستا دەزانرێن) دەمێکە وتوویانە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر فاروقو بابەتەکەی دەبێت ئەوە دووبارە بکەمەوە کە ئەو بابەتە هەوڵێکە بۆ دوورخستنەوەی تۆمەتەکانو پاکانەیە بۆیە پێویستە مرۆڤ ڕەچاوی لاوازیی مرۆڤەکان بکاتو وەکو ئەوانی تردڵڕەق نەبێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە خودی نووسینەکە پێویستی بە وەڵامە چونکە وەك وتم هیچ لەو زانیارییانەی فاروق ڕیزی کردبوون ڕاست نین بەڵکو فاروق هەندێك شتی وتووە کە یەکەم جارە بوترێنو ببیسترێن.

با بە وەزیری ژینگە دەست پێبکەم. ڕاستە ئەو دەتوانێت دیفاع لەخۆی بکات بەڵام ئەوەش هەروەها ڕاستە کە هەر کەسێك شایەتییەکی هەبێت ڕەوا نییە بیشارێتەوە. فاروق دەپرسێت کوا لێکۆڵینەوەکانی وەزیر سەبارەت بە ژینگە. وەکو شایەتییەکیش دەڵێم کە ئاگام لێبوو وەزیری ژینگە چەند کتێبو لێکۆڵینەوەی لەبارەی ژینگەوە کۆکردبووەوە، هەوڵیشی دەدا وەزارەتێك دابمەزرێنێت لەسەر بناغەی لێهاتوویی، بۆیە پێش ئەوەی بڕیار بدرێت پۆستی بریکاری وەزیر نەمێنێت بڕیاری دابوو دکتۆرێکی زانکۆ بکاتە بریکاری خۆی هەرچەندە ئەو دکتۆرە نەك تەنها ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامی نەبووە بەڵکو هەروەها بۆ یەك ڕۆژێکیش ئیسلامی نەبووە، تەنانەت لەسەر بناغەی لێهاتوویی کەسێکی مەسیحیی لە پلەیەکی بەرزدا دانابوو، هەروەها وەك وتم بڕیاری دابوو ناسك قادر، خانەوادەی فاروق بە پلەیەکی بەرز دابمەزرێنێت، لەم دواییەشدا زانیم کە لێکۆڵینەوەکەی وەزیر بۆ وەرگرتنی دبلۆمی بەرز لە زانکۆی سانت کلیمنتس لەسەر ژینگەو یاسای نێودەوڵەتییەو پرسیارەکەی فاروق ((کوا لێکۆڵینەوەکانی وەزیر لەبارەی ژینگە)) قسەیەکە بەپێی بڕیارێکی پێشوەخت وتراوە.

دووەم شت لە بابەتەکەی فاروق باس بکرێت قەدەغەکردنی جگەرەکێشانە کە بە زەوت کردنی یەکێك لە ((ئازادییە بچووکەکان))ی زانیبوو.

کێ دەڵێت جگەرەکێشان لەسەددا سەد یەکێکە لە ئازادییەکان؟ من ڕقم لە جگەرەیە بەڵام باوەڕم بە حەرامکردنی جگەرەکێشان نییەو وای بۆ دەچم ئەو بەڵگانەی بۆ حەرامکردنی دەهێنرێنەوە بەس نین مەگەر بۆ هەندێ حاڵەت بۆیە بە باوەڕی خۆم جگەرەکێشان (مەکرووە)ـە، واتە حەرام نییە بەڵکو باشترە نەکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕم نییە جگەرەکێشان لەسەددا سەد ئازاد بێت. بێگومان حاڵەتی جگەرەکێشانمان هەیە لە شوێنە گشتییەکان کە هەندێ وڵات قەدەغەیان کردووە کە وەزیری ژینگە لە کۆنفرانسەکەدا باسی کردبوو و فاروق باسی نەکردووە، بەڵام حاڵەتی تری زۆریش هەن وەکو حاڵەتی ژنو مێرد، ئایا ژن گوناهی چییە تەپڵەکێکی جگەرە ماچی بکاتو هەناسە بۆگەنەکانی بکات بە سەروچاویدا؟ گوناهی من چییە هەر کاتێك لەگەڵ فاروقدا دادەنیشم هێندەی ئەو بۆنی دووکەڵی جگەرەکانی بکەم؟ خۆ ناکرێت بەو یان بە هاوڕێ جگەرەکێشانی دیکەم بڵێم تکایە جگەرە مەکێشن. ئەو ئازادییە نە بچووکەو نە گەورە، ئەوە زیانگەیاندنە بە کەسی بەرامبەر، کەسی بەرامبەریش شەرم دەکات هاوڕێ جگەرەکێشەکەی ئاگادار بکاتەوە کە بۆنی دووکەڵی ئازادییە بچووکەکەی تەعدایە لەسەر ئازادییەکەی خۆی.

کاك فاروق چەند شتێکمان پێ دەڵێت کە کەس بۆ نوکتەش باسی نەکردوون، بێگومان ئەوانە نەبێت کە فاروق پێش خەڵکی تر ڕەخنەیان لێدەگرێت. فاروق دەڵێت قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەبەرئەوە نییە زیان بە ژینگە دەگەیەنێت بەڵکو لەبەر ئەوەیە ((جگەرەکێشان هێمای سێکسی لەخۆ دەگرێت، جگەرەکێشان بریتییە لە جۆرێك لە سێکس، لە جۆرێك لە مژینو لێرەوە لە جگەرەکێشاندا سێکس دەبیننەوەو سێکسیش حەرامە)).

فەیلەسووفەکەمان لەپڕ قاچی لە قەراغی بورجەکەیەوە دەترازێتو دەکەوێتە خوارەوە. فاروق لێرەدا لاسایی کەسانێکی وەکو فلانو فیسار دەکاتەوە. دڵنیاشم هەر کەسێك ئەوەی خوێندبێتەوە دەپرسێت: ((ئەی بۆچی ئیسلامییەکان داوای قەدەغەکردنی مەساسەیان نەکردووە؟))، یەکێکیش لەوە ئازاتر دەبێتو دەڵێت مەساسە حەرامترە چونکە نەك تەنها مژینە بەڵکو لیستنەوەشە (لە سایتێکی ئینتەرنێتدا شتێکی وا نووسرا!) بێگومان ئەو چلوورانەی لە کوردستاندا دروست دەکرێن حەرامترن هەم بەهۆی شێوەکەیانو هەم لەبەر ئەوەی پڕ بەفرنو مژینیان قەباحەتترە، لیستەکەش بەم جۆرە گەورەتر دەبێت: قەپاڵگرتن لە مۆز، ساردیی شووشە بێ قەسەب، ساردیی قوتوو بە قەسەبەوە، مژینی بەنزین لە تەنکیی سەیارە بە سۆندە...

فاروق تا دواسنووری سەرسوڕمان سەرمان دەخولێنێتەوە کاتێك دەڵێت ((سێکسیش حەرامە)).. بیشیوتایە زینا حەرامە هیچ ئیسلامییەك، بەڵکو هیچ موسڵمانێکی ئاساییش نەیدەوت وا نییە، بەڵام کە ئاوا بەڕەهایی باسی سێکس دەکات ئەو کاتە کافرەکەش دەپرسێت: ئەگەر سێکس بەڕەهایی لای ئیسلامییەکان حەرامە ئەی ئەو هەموو ئیسلامییە سەرزلانە لەکوێوە دەرپەڕیون؟! بەداخەوە فاروق وایکردووە ئەو نەخوێندەوارانەی گاڵتەیان پێدەکات حەسوودیی پێبەرن.

فاروق دەڵێت ئەو داکۆکی لە جگەرەکێشان ناکات بەڵکو داکۆکیی لە ئازادییەکانی مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە دەکات. ئەم داکۆکییەکەی فاروق ئەرکی هەر هەموومانە بەڵام پاش خوێندنەوەی هەموو بابەتەکەی فاروق دەبینین ئەو مەترسییانەی ئیسلامییەکان لەسەر ئازادییەکان دەیکەن بریتین لە جگەرەکێشانو مەشرووب خواردنەوەو هەڵبژاردنی پۆشاك. فاروق ئەوەشی لەبیر ناچێت ناویان بنێت ئازادیی بچووك، بەڵام ئایا چ شتێکی ئەم تەرحە جیاوازە لە تەرحی هەرزە نووسەران؟ ئایا چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ قسەی ئەو کەسەی وتبووی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە... بۆچی؟ چونکە حەزی لە جلی جوانە، حەزی لە گەڕانو سەیرانە!!

فاروق بەردەوام دەبێت لەسەر لاساییکردنەوەی ئەو کەسانەی حسابی مێشوولەیەکیشان بۆ ناکاتو دادگایەك بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان دادەنێت بەر لەوەی حوکمیان دەست دەکەوێتو دەڵێت فلانە شتو فیسارە شت قەدەغە دەکەن. ئەم بڕیارەش لەسەر دوارۆژ دروستە بەڵام نەك بەو شێوەیە. من وەك ئەندامێکی کۆمەڵ لەوە ناترسم ئەو حزبە یان هەر حزبێکی تری ئیسلامی ئەگەر دەسەڵات بگرێتە دەست ئەو ((ئازادییە زۆر بچووکانە)) قەدەغە بکات، من لەوە دەترسم وەکو دوو حزبی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ ستەمکاری بکات: چینێکی گەندەڵی بێئاگا لە میللەت دروست بکات، کەسی نەشیاو لە پلە گرنگەکان دابنێت، کەس نەتوانێت پرۆژەیەك بکات ئەگەر بەرپرسێك شەریکە بەشی نەبێت، دەترسم بەندیخانەی نهێنیی هەبێت، ئەشکەنجەی زیندانییەکان بکات، زانکۆ پڕ بکات لە مامۆستا بێئاستو بەلێشاو قوتابیی بێ نمرە لەو زانکۆیانە وەربگرێت، دەترسم وەزیرەکانیان وەکو ئەو وەزیر بن کە وتبووی میللەت بێسفەتە بزانە چیمان بۆ کردووە کەچی هەر ناڕازییە، دەترسم کەسێك بۆ ڕاگەیاندن دابنێن هێرش بکاتە سەر ئەمو

ئەو و پاشان هێندە لە دەسەلاتی خۆی راببینێت پەلاماری هەموو کورد بداتو بە سەگیان بزانێت... من دەترسم ئەو حزبە ئیسلامییە ئەوانە بکات نەك جگەرەو مەشرووبو جلی رووت قەدەغە بکات، ئەوانەش کە دەترسم ئەو حزبە بیانکات کەمترین شتن بۆ ئەوەی مرۆڤی ولاتەکەمان مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت بێت، بەلام خەمخواردن بۆ تەنها جگەرەکێشانو مەشرووبو جلی رووت ئەخلاقی کۆیلەکان پیشان دەدات.. بەعس رێگەی لەوانە نەدەگرت بگرە پێشی خۆش بوو مرۆڤی عیراقی ئەو ئەخلاقی کۆیلێتییەی هەبێت، حکومەتی کوردستانیش پێی خۆشە مرۆڤی کورد جگەرەکانی هەموو جیهان سەرف بکاتو هێندە دەریاکان مەشرووب بخواتەوەو ئافرەتانی کورد پۆشاکێك بکەنە بەریان کە زمانەوانی قبوولی ناکات وشەی ((کردنە بەر))ی بۆ بەکار بێت.. ئیتر مرۆڤی کورد لێرەدا بوەستێو توخنی ئازادییەکانی تر نەکەوێت. ئەمەش دابەزێنێکی تری فاروقە بۆ ئاستی ئەوانەی گالتەیان پێدەکات.. هەمووشی بۆ پاکانەکردن بۆ خۆی.

هەولێکی تری فاروق بریتییە لە پاکانە بۆ خۆی بەرامبەر ئەو دێوەی بەتەسەوری خۆی خەریك بوو لەگەلیا بەگیر بێت، واتە ئەمەریکا. وەك وتم فاروق لەنووسینێکیدا بەئینفعالەوە باسی ئەوانەی کردووە کە وەکو کەسێکی سەر بە بن لادن کردووەو وتوویەتی کە ئەمە وەکو راپۆرت وایە. فاروق لەم نووسینەی ئێستایدا باسی سەردانێکی بۆ خورمال دەکاتو کە چۆن نەیانهێشتووە سەیران بکاتو ((تیرۆر کراوە)) تا بەو دێوە (هەروەها بە حکومەتی کەنەدا) بلێت منیش قوربانییەکی تیرۆرم. من نازانم سەیرانەکەی فاروق چۆن بووە بەلام دەزانم سەیران لە خورمالدا ناکرێت بەلکو لە ئەحمەدئاواو لەو دۆلەی ئاوەکەی پیادا دەروات (هیوادارم فاروق ئەو وشانە وەکو خۆی وەربگرێتو نەلێت ئاماژەیەکی سێکسییان هەیە). بەلام خۆرمالو دەوروبەریو ئەحمەدئاوا پڕ بوون لە بارەگای حزبیو شوێنی سەربازیی، لەدۆلەکەش دۆلێکی تر دەرچووە، ئەویش وشکەناو کە ناوچەیەکی سەربازی بوو. زۆر سەیریشە کە کۆمەلی ئیسلامی کە لەوەتەی دروست بووە تووشی هەڕەشەو هێرشو ناهەقی بووە رێگەی بەخەلك داوە لەو ناوچانە سەیران بکەن. بەلێ خەلك سەیرانیان کردووە لەکاتێکدا لەژێر دەسەلاتی پارتیو یەکێتی تا ئێستا شوێنی قەدەغەکراو هەن، ئەوەش ئەگەر باسی ئەو گردو شوێنە بەرزانە نەکەین کە بەرپرسان خانووی خۆیان لەسەر دروست کردوونو منو فاروق بۆمان نییە بەو بەرزاییانەدا سەرکەوینو دەبێت لەژێرەوە تەماشایان بکەین.

من شایەتم کە پێش شەڕی دوایەمینی ئەمەریکا لە عیراقدا چەندین رۆژنامەنووسی بێگانە هاتوونەتە ئەحمەدئاواو بە ئازادیی سووڕاونەتەوە. من کە سەرپەرشتیی زۆری ئەو گەشتانەم دەکردو بەپال وەرگێڕەکانی ئەو رۆژنامەنووسانە وەرگێرانم دەکرد دەمبینی کەس رێگەی لێ نەدەگرتن لە گەڕان بەناو گوندی ئەحمەدئاواو قسەکردن لەگەل خەلك. ئێمە تەنها لەناو خورمالدا دەترساین چونکە دەترساین کەسێکی ئەنسار دەست لەو میوانانە (کە ئەنسارو خەلکی تریش بە سیخوڕیان دەزانین) بوەشێنن. هەندێك لەو رۆژنامەنووسانە زیاتر لە یەك جار هاتبوونو لەناو ئەحمەدئاوادا نەدەترسانو هەستیان بە ئەمینی دەکرد. ئەوانە لای ئەنسارو لای بەشێکی ئەندامانی کۆمەل وەك سیخوڕ تەماشا دەکران کەچی سەرکردایەتیی کۆمەل رێگەی پێدابوون بچنو پرسیار لەوانیشو لە خەلکەکە بکەن، بۆ نیو جاریش نەمبینی ئەندامێك یان پێشمەرگەیەکی کۆمەل قسەیەکی ناڕەوایان ئاراستە بکات یان بە روویەکی مۆنەوە تەماشایان بکات. لەناو ئەوانەشدا ئافرەت هەبوون کە بۆ خۆیانو بێ ئەوەی کەسمان پێیان بلێین سووکە لەچکێکیان دەکردە سەریان، من ئاگاداری هەموو ئەوانە بووم ئیتر نازانم چۆن رێگە لە فاروق گیرابوو سەیران

بكات.

بەڵام ئەوە هەموو لەلایەكو تەعبیرەكەی فاروق لەلایەك كاتێك ئەو ڕێگەگرتنە بە تیرۆركردن ناودەبات. فاروق دەڵێت گوایە كۆمەڵ ((سەرقاڵی ترۆركردنی خەڵكی ئەو ناوچەیە بوونو دەیەها كەسیان ترۆركردو كوشت)). من تەحەدا دەكەم ناوی یەك كەس بڵێت كە كۆمەڵ كوشتبێتی. كۆمەڵ دەتوانێت لەسەر ئەو قسەیە دەعوایەك لە دادگا قەید بكاتو بەدڵنیایی دەیباتەوە، بەڵام دڵنیاشم ئەوە ناكات چونكە چەندین ناهەقیی بەرامبەر كراو تۆڵەی نەسەندەوە، زۆریش لەبارەیەوە نووسراو نەیكردە مەسەلە، دڵنیاشم ئەگەر وەكو خۆم فاروق بناسنو بزانن كە ئەوەی نووسیویەتی لە نووسینی ئەو ناچێت نەك تەنها نووسینەكەی ناكەنە كێشە بەڵكو بۆ دانیشتنێكی دۆستانە بانگهێشتی دەكەن.

فاروق لەبارەی تیرۆركردنی ئەو خەڵكە دەنووسێت ((لەوانە منو خێزانەكەم لە ساڵی ٢٠٠١ دا بووینە قوربانیی تیرۆرو تیرۆرایزكردنی ئەو دەستەو تاقمە لەوەدا كە نەیانهێشت سەیران بكەینو لەلایەكی دیكەوە كە دەیانویست من بگرن)). وەسفی نەهێشتنی سەیران كردن بە تیرۆركردن قسەی ئەو كەسەم دەخاتەوە یاد كە لەبارەی ئەنسارەوە وتی: ئەمانە تیرۆریستن چونكە ناهێڵن بچینە ناو باخەكانمان.. فاروق لەو بەرزاییە خۆی تێدا دەبینیٚو بەشایستەی خۆی دەزانێت بۆ لای ئەو باخەوانە دادەبەزێت.. پێویستیشە بپرسین كە ئەو تاقمە ئەگەر ئەوەندە پیسو خراپو قێزەونە چۆن نەیانگرت، ئەوان ((ویستیان بیگرن)) بەڵام دیارە ئەوە تەنها ویست بووە.

هەڵەكانی بابەتەكە دەگاتە زاراوە. فاروق كۆمەڵی ئیسلامی وەكو (كەڵت)ێك پێناسە دەكات، كەڵتیش بەم شێوەیە پێناسە دەكات: ((كەڵت واتە گروپێكی ئاینی دەمارگیری داخراو)). ئەم پێناسەیە وامان لێدەكات بەو زانیارییانەی كاك فاروقدا بچینەوە كە لە نووسینەكانی تریدا هاتوون. كەڵت جگە لە واتای پەرستن واتایەكی هەیە زۆر دوورە لەوەی فاروق نووسیویەتی. بڕوانە (فەرهەنگی كورتی ئۆكسفۆردی ئاینەكانی جیهان) بكە كە بەم جۆرە پێناسەی دەكات: كەڵت زاراوەیەكە ئاماژە بۆ چەندین بزاڤی ئاینیی ناتەقلیدی دەكات. ئەكادیمییەكان هەندێ جار كەڵت بەجیا لەگەڵ (سێكت – تایفەی ئاینی) دادەنێن ئەویش لەسەر بناغەی ئەوەی كە كەڵت زۆرتر لە ئاینە تەقلیدییەكان دووركەوتوونەتەوە، یاخود كەڵتەكان لەچاو تایفەكان داهێنەرترن (John Bowker, Oxford Concise Dictionary of World Religions, 2000, p.141)، ئیتر نە باسی داخراوەیو نە باسی دەمارگیری كراوە. نووسەری ئەو فەرهەنگە كەڵتی (كارگۆ) وەكو نموونە دەهێنێتەوە كە یەكێكە لە بزاڤەكانی (هەزارە) واتە ئەوانەی باوەڕیان بە سەردەمی زێڕینی داهاتوو هەیە. هەڵەكەی فاروق لە قسەی ئەوانە دەچێت كە ڕۆشنبیرییەكی كزیان هەیەو لەخۆیانەوە پێناسەی شتەكان دەكەنو فاروق پێش هەموو كەسێك نەك تەنها ڕەخنەیان لێدەگرێت بەڵكو گاڵتەشیان پێدەكات. ئەو مەبەستەش پاڵی بە فاروقەوە ناوە ئەو بابەتەی بنووسێت لەو بورجە فەلسەفییە بەرزەیەوە فڕێداوەتە خوارەوەو بەدەما خستوویەتی.

بابەتەكەی فاروق زۆرتر هەڵدەگرێت لەسەری بنووسرێت چونكە نموونەیەكە لەسەر گیانێكو ڕەوتێك لەناو ڕۆشنبیریی كوردیدا بڵاوبۆتەوەو خەریكە دەبێتە مۆركی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەوەش ئەگەر نەبۆتە ئەو مۆركە، پاش هەموو شتێكیش دڵنیام فاروق ئەو نووسینەی دەخاتە ڕیزی ئەو بابەتانەی حەزی دەكرد نەنووسرانایە وەكو چۆن هەر یەك لە ئێمە بابەتی هەیە ئاواتەخوازە قەت نەینووسیایە.

# تیرۆرکردنی کاراکتەر وەک هەڵەیەکی لۆژیکیو وەک تاکتیکێکی ئیسلامگەراکان

## "ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هێرشە ژەهراوییەکەی ئیسلامییەکان"

فاروق رەفیق

بەشی یەکەم

هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە ٦٦ لە ٢٤/٤/٢٠٠٧، ل١٤

وتم بەڵكو نووسینەكەی هاولاتیی فاروق ((زەللەیەك)) بووبێت، وتم ڕەنگە نووسەرەكەی لێی پەشیمان بووبێتەوە، بەڵام بەم نووسینەی ئاوێنە دەركەوت ئەوە بیركردنەوەی ئەسیڵی خۆیەتی. لێرەدا فاروق توخنی ڕەخنەكەم نەكەوتووەو لەجیاتی ئەوە نیوەی ئەم بابەتە درێژەی لەسەر قسەیەكی وەزیری ژینگە بووە.

ساڵ، ساڵی ١٩٨٥ بوو، لەو سەردەمەدا کە مامۆستا عەبدولخالق مەعروف ترۆرکرا، بەڵێ شەهیدکرا لەلایەن هێزێکی توندڕەوەوە، دوای ئەوەی کە ڕووبەڕووی هێرشو پەلاماردانی شەخسی بووەوە لەلایەن هەندێک مەلاو کەسایەتی ئیسلامییەوە، کە شەهیدکردنی ئەو زاتە لەلای من سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستانەو سەرەتای پەخشبوونەوەی دیاردەو ئایدۆلۆژیای ئیسلامگەراییە لە کوردستاندا، ئا لەو سەردەمەدا منیش ڕووبەڕووی هێرشێکی ناڕەوا بوومەوە لەلایەن کۆمەڵێک وتاربێژو "مامۆستا"ی ئایینی مزگەوتەکانی کوردستانەوە. هێرش نا، بەڵکو کۆمەڵێک جنێوو تەشهیرو داشۆرانو سووکایەتی پێکردن لەسەر هیچ نا، بەڵکو لەســەر وتارێک کە لە گۆڤاری "کاروان"دا بڵاوبووەوە بە ناونیشــانی "دەروازەیەک بۆ میتۆلۆژیا (علم الاساطير)"، کار بەوە گەیشت کە لەلایەن چەند کەســــــایەتییەکی ئەدەبی ناو یەکێتی نووسەرانەوە ئاگادارکرامەوە کە پێویستە خۆم بشارمەوە، چونکی هەروەک مامۆستا عەبدولخالق ترۆرم دەکەن. ئێستا دوای بیستو دوو ساڵ، دوای گۆڕانێکی زۆر، من ڕووبەڕووی هەمان هێرش دەبمەوە لەلایەن هەندێک لە ئیسـلامگەراکانی کوردستانەوە، دیارە بە جیاوازیەکی دیارەوە لە شێوەدا، بەڵام لە جەوهەردا هێرشەکە هەر هەمان هێرشەو زەینە شێواوەکەی پشتی هێرشەکە هەر هەمان زەینە شێواو ویژدانە بیمارو عەقڵە نەزۆکەکەیە.

گەر ئەوسا لەمزگەوتی گەورەو مزگەوتی خانەقاو چەند مزگەوتێکی دیکەو چەند مەحفەلێکی دیکەوە لەلایەن چەند مەلایەکەوە هێرش کرایە ســەرمانو هێرش دەکرایە سەر نووسەران، ئەوا ئەمڕۆ لە سایتەکانو لە ڕۆژنامەو هەفتەنامەکانەوە هێرش دەکرێتە سەرمان، گەر ئەوسا تەنیا مزگەوت هەبوو وەک مینبەرێک بۆ هێرشکردن، ئەوا ئەمڕۆ سایتەکانو ڕۆژنامەکان هەن بۆ تەشهیر پێکردنو سووکایەتی کردن بەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەجێندای ئیسلامگەراکاندا نین.

گەر ئەوسا مەلایەک هێرشی کردبێت، ئەوا ئێستا ئەندامانی حیزبە ئیسلامییەکان بەو ئەرکە هەڵدەســـتن، وەک ئەرکێکی حیزبیو وەک ئەرکێکی (عەقیدەیی)، گەر ئەوسا لەم وڵاتەدا فەندەمێنتالیزم (بنەڕەتخوازی)ی ئیسلامیی وەک ئایدۆلۆژیاو وەک بزووتنەوەیەک تازە بە تازە دەردەکەوت، ئێستا ئیسلامییەکان "حیزبی سیاسی"یان هەیە، تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەو رادیۆو ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیان، بگرە چەکدارو چەکو تەقەمەنیو شێوازە جیاوازەکانی هەڕەشەکردنو ترۆرو تۆقاندن، گەر ئەو سەردەمە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم دیاردە نەخۆشیە، دیاردەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بوو لەم ناوچەیەدا، ئێستا سەردەمی پەخش بوونەوەی ئەو ئایدۆلۆژیاو ئەجێندایەی ئیسلامییەکانە کە ئەجێندایەکە لە ستەمکاریو ترۆر دەدوێو بە هەزاران فرسەخ دوورە

له هەستی عەدالەتخوازیانەی ناو ترادسیۆنی ئیسلامی کە یەکێک لە دوژمنەکانی ئەم ترادسیۆنە ئیسلامییەکانن. بەڵێ ئێستا سەردەمی پەخش بوونەوەی لاعەقلانییەتێکی ترسناکە کە جەوهەری ئیسلامگەرایی پێکدەهێنێت، گەر ئەوسا زۆر دیار نەبوو کە ئیسلامگەرەکان چییاندەوێت ئێستا دوای بیستو دوو ساڵ، دوای ئەزموونی ئیسلامگەرا، ترۆریستەکانی جەزائیرو سودان (توندڕەوی ئیسلامی بووە مایەی گەورەترین کارەسات لە وڵاتی سودان کە لە مێژووی خۆیدا رووبەڕووی بۆتەوە)و ئەفغانستان (ئەزموونە ترسناکەکەی تاڵیبان)و عێراق (بەشێکی ئەو ترۆرەی کە چوار ساڵە لە عێراقدا خۆی پەخش دەکاتەوەو بەشێکی ئەو خوێنەی رژاوە، گروپی ئیسلامیی لێی بەرپرسیارن)و کۆمەڵێک شوێنی دیکەی جیهان، ئێستا دیاردە ئیسلامگەراکان چییان دەوێت و ئەجێنداکانیان روونو ئاشکران بۆ هەموو لایەک، بانگەشەی ئیسلامییەکان پشت بە خوێندنەوەیەکی حەرفیانەی چەند تێکستێکو خودی واقیع دەبەستێت، نەک هەموو ئەو تێکستانەی کە ترادیسیۆنی ئیسلامی بەرهەمی هێناون، لێرەوە سەدان تێکستی فەلسەفیو عیرفانیو ئەدەبی فەرامۆش کراونو جەخت لەسەر چەند تێکستێکی ناو فیقهی ئیسلامیو جەختەکە لەسەر شەریعەتە، بگرە ئەم خوێندنەوە حەرفیو سادە لەو حانەیە خۆی شێواندنێکی سەیری ئەو تێکستانەیە، ئاخر بزووتنەوەی بنەڕەتخوازی ئیسلامیی (فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی) چییە جگە لە شێواندنو رووشاندنی ئیسلامو ترادسیۆنی ئیسلامیی؟ بەڵێ هیچ نییە جگە لە شێوەیەکی کاریکاتۆری خودی ئایینی ئیسلام، من لە زنجیرەیەک وتاردا بەم نزیکانە لەسەر ئەم بابەتە قسە دەکەم.

بەڵێ ئەم رۆژانە خۆمو هاوڕێکەم (هاوسەرەکەم) رووبەڕووی هێرشێکی ناجوامێرانە بووینەوە لەلایەن هەندێک لە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە، با بپرسین بۆ؟ من لە هاوڵاتی ژمارە ٣١٩ (٢٠٠٧/٣/٢٨)دا وتارێکی زۆر کورتم بڵاوکردەوە لەسەر هەواڵێک دەربارەی تەسریحێکی وەزیری ژینگە کە مەبەست لەو وتارە نەجگەرەکێشان بوو، نەخوانەخواستە هێرشکردن بۆ سەر وەزیری ژینگە، بەڵکو چەند مەبەستێکی دیکەم هەبوو، ئەو کەسەی بە ویژدانەوە خوێندبێتییەوە لە مەبەستەکان گەیشتووە. لە راپۆرتێکدا کە لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی دا بلاوبوتەوە هاتووە "دارا محەمەد ئاماژە دەکات بە وتەیەکی شێخی ئەزهەرو وتی، شێخی ئەزهەر فتوای داوە کە جگەرەکێشان حەرامە، هەر بۆیەش ئێمە کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانین دەتوانین ئەو فتوایە بەکاربهێنین". (ئاڵای ئازادی ژمارە٧٠١ی ٢٠٠٧/٣/١٣)، مەبەستی سەرەکی من لە بەر رۆشنایی ئەو هەواڵەو ئەو ئاماژەکردنەدا بە فەتوای ئەزهەر، بریتی بوو لە وەبیرهێنانەوەی ئەجێندای ئیسلامییەکان، واتە دنیابینیو ئەجێندا "سیاسییە" هەرە سەرەکیەکەیان کە بریتییە لە بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگاو دامەزراندنی حکومەتی ئاینی (سەرووەریی شەریعەت)و مامەڵەکردن لەتەک دنیاو کێشەو قەیرانەکانی لە دیدە بنەڕەتخوازییەکانەوە (دیدی فەندەمێنتالیستانەیان) کە دیدێکی پڕ لە ئیشکالیەتی عەقڵیو مەعریفیو بگرە ئەخلاقییە. ویستم بە ئیسلامییەکانی کوردستان (بێ جیاوازیکردن لە نێوان ئەم حیزبی ئیسلامیو ئەو حیزبی ئیسلامی دیکەدا، چونکی هەر هەموو یەک ئەجێندایان هەیە) بڵێم کە ئێمە دەزانین ئێوە چ ئەجێندایەکتان هەیە، لە هەمانکاتدا بە جڤاتی کوردیش بڵێین هۆشیاربن بەرامبەر ئەو ئەجێندایە کە دواجار بە کۆیلەکردنی هەموومان دەشکێتەوەو لە دەستدانی هەندێک ئازادی زۆر بچووک کە ئێمە دەتوانین لەم هەلومەرجە سیاسیو کلتورییە نالەبارەی کوردستاندا خاوەنیان بین.

ئەمڕۆ بێباکییەک هەیە لە بەرامبەر گروپە ئیسلامییەکانی کوردستانو عێراقو ناوچەکە، بەو مانایەی کە نەبوونەتە بابەتی گفتوگۆکانو لێکۆڵینەوە فیکریو ستراتیژییەکان کە زۆر پێویستن، هەم بۆ تێگەیشتن لە ئەجێنداکانیانو هەم خۆئامادەکردن بۆ رێگەگرتن لەوەی کە بە تەواوی دەسەڵات بگرنە دەست (ئێمە دەزانین حیزبە ئیسلامییەکان ئەمڕۆ بەشداری دەسەڵاتنو لەسەرخۆ خزمەتی ئەجێندا سیاسییەکانیان) دەکەن ئەمجارە

لەناو دەسەڵاتی کوردیو لەناو حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە، بێباکییەک هەیە دەربارەی ئەوەی کە چی لە عێراقدا دەگوزەرێ، ئەمڕۆ لە عێراقدا شیعەکان سەرقاڵی سەپاندنی ولایەتی فەقێن لەو شوێنانەی کە کۆنترۆڵیان کردوون، سونەکانیش بە هەمانشێوە سەرقاڵی دامەزراندنی ئیمارەتی ئیسلامین لە چەند ناوچەیەکی دیکەدا، بۆ نمونە لە پارێزگای دیالەو لە دەوروبەری بەعقوبە، ناوچەی موحەڕەمەیان هەیەو تێیدا سەرقاڵی دامەزراندنی حکومەتی ئاینین. هەندێک هەواڵ باس لە فەتواکانیانو بڕیارەکانیان ئەکەن بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە، لەوانە حەرامکردنی تایەی سپێری ئۆتۆمبێل، چونکە هەبوونی تایەی سپێر باس لە بێئیمانی ئەکاتو باوەڕ نەبوونە بە قەزاو قەدەر، هەروەها دروستکردنی ئەڕپێ بۆ ئاژەڵەکان (لەوانە مانگاو بزن) ئێمە هیچ لە ڕاستی یان ناڕاستی ئەو هەواڵانە نازانین، بەڵام ئەوە باش دەزانین کە بیرکردنەوەی هەندێک لە ئیسلامییەکان لەو ئاستە تێناپەڕێت، بە تایبەت ئیسلامییەکانی کوردستان. بارودۆخی عێراق ئەمڕۆ لە هەر ساتە وەختێکی دیکەی چوار ساڵی ڕابردوو، ترسناکترەو کراوەیە بۆ هەموو ئەگەرەکان. لەوانە ئەگەری شکستی تەواوی ئەمەریکاو ڕۆیشتنە دەرەوەی لە عێراقو ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە کە بە دڵنیاییەوە یەکەم کاری حکومەتێکی یان ئیمارەتێکی ئیسلامی لە عێراق بریتی دەبێت لە هەوڵی داگیرکردنەوەی کوردستانو ئەو هەلومەرجەش هەلێکی ئاڵتوونی دەخاتە بەردەم ئیسلامییەکانی کوردستان بۆ هێنانەدی خەونەکەیان کە بریتییە لە بە ئیسلامکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی (بڕوانە کتێبی ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار) وە چەسپاندنی دیدە سیاسییەکەیان (چەسپاندنی بێقەیدو شەرتی شەریعەت لە کوردستاندا)، هەروەها لە پەیوەندیدا بە سیناریۆی هێرشکردنە سەر ئێران دەبێت ئاگاداری ئەوە بین گەر ئەو پەلامارە ڕوویدات یەکێک لە بەرئەنجامەکانی بریتی دەبێت لە بەهێزکردنو پڕچەک کردنەوەی ئەنسارولئیسلامو هێنانەوەیان بۆ ئەم دەڤەرە، ڕاستە کە ئەم گروپە گروپێکی توندڕەوەو تڕۆریستەو لە شێوەدا جیاوازییەکی کەمی هەیە لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامییدا، بەڵام من گومانێکم نییە لەوەی کە هەر هەموو لەسەر خوانی یەک ئەجێنداو یەک پرۆژە کۆدەبنەوە. کەواتە ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم هەلومەرجێکی سکپڕداین، سکپڕ بە کۆمەڵێک ئەگەر، ئەگەری دامەزراندنی "ئیمارەتێکی" ئیسلامی بەربنەمای دیدی ئەو گروپە بنەڕەتخوازانە، ئەگەری بڵاوکردنەوەی تڕۆرو ترسو تۆقاندن لە کوردستاندا، ئەگەری تڕۆرکردنی کۆمەڵێک کەسایەتی (لەوانە نووســــــەران)و هێرشکردنە سەر کۆمەڵێک دامودەزگا، ئەگەری سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتییەک لە نێوان گروپە ئیسلامییەکانی کوردستانو گروپە ئیسلامییەکانی ســـوننە مەزهەبەکانی عێراق (ئێستا نزیکییەک هەیە لە نێوان حیزبی ئیسلامی عێراقو کۆمەڵی ئیســلامیداو ڕۆشنبیرانی کۆمەڵ گرنگی بە ئەدەبیاتی سیاسییەکانی حیزبی ئیسلامی ئەدەن)، هاوپەیمانێتییەک کە دواجار ئەکرێت بە کۆمەڵێک بەرئەنجامی نەخوازراو بشکێتەوە.

من ویســــــتم لە ڕێگای ئەو وتارە کورتەوەو بەچەند دێڕێک چەند مەسەلەیەک بوروژێنم تاکو مشتومڕێک دروست بکاتو هەرخۆشم دواجار بەشداری ئەو مشتومڕو گــفتوگــۆیە بم، بە پەرچەکرداری هەندێک لە ئیسلامییەکانو بە تایبەت کەڵتی کۆمەڵی ئیسلامی، هیچ شۆک نەبووم. دیارە ئەوان بتوانن بە بلۆک سەری خەڵکی (نەیارانی خۆیان) پان بکەنەوە، دەشتوانن جنێوبدەنو کاراکتەرمان تڕۆربکەن، وەک کردیان. مەبەستێکی دیکەی ئەو وتارە کورتە، بریتی بوو لە کێشەی فەتوا، ئەمڕۆ فەتواو فەتوادەرکردن نەک ئیشکالیەتە، نەک کێشەیەکی گەورەیە، بەڵکو خودی ئەو پرۆسەیەو ماناکانی لە قەیرانێکی گەورەدایە، بە پلەیەک کە ئیدی فەتوا هیچ مانایەکی نییە لەڕووی ئیلاهیاتەوە، بەڵام وەک چەکێک بەکاردەهێنرێت لە خزمەت ئەجێندای فەندەمینتالیستەکاندا. هەرکەسێک دوو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) لەبەرکردو جارێک قورئانی خوێندەوە، هەق بەخۆی دەدات فەتوایەک دەربکات (من لەو زنجیرە وتارەی کە لە ئایندەدا بڵاویان دەکەمەوە

لەسەر ئەم کێشانە زیاتر قسەدەکەم)، لە کاتێکدا لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا، رۆژگارێک فەتوادەرکردن کارێکی سەخت بووەو قەیدو بەندی خۆی هەبووە، هەر لەم رووەوە ویستم بە ئیسلامییەکان بڵێم کە لەم وڵاتەداو لەم دەڤەرەدا خەڵکانێک هەن هیچ خوازیاری ئەوە نین کە ژیانیان لەلایەن فەتواو فەتواچییەکانەوە رێکبخەن. من خۆم یەکێکم لەو کەسانە کە تا ئێستا ژیانم بەربنەمای فەتوا نەرێکخستووەو نە ژیانم بەپێی فەتوا رۆیشتووە بەرێوەو نەدەشرواتبەرێوە لە ئایندەدا. جڵەوی ژیانم نە داوەتە دەست فەتواو فەتواچییەکانو بڕیاریش نییە لە ئایندەدا جڵەوی ژیانم بدەمە دەستیان، جڵەوی ژیانم وا بەدەست خودی عەقڵەوە، گەر ئێوەش باوەڕتان بە عەقڵ هەیە باس لە فەتوا مەکەنو وەرن بە عەقڵ مونازەرە (دبەیت) بکەین لەسەر کێشەکان، ئەمە مەبەستی من بوو لەو وتارە کورتە، هەندێک لە ئیسلامییەکان چاک لە مەبەستەکەم گەیشتن، بەڵگەشم ئەو هێرشەیە کە کردیانە سەرم، هێرشێک کە خۆی لە کۆمەڵێک تۆمەتو خستنەڕووی تیۆری موئامەرەو جنێودانو تەشهیر پێکردنو ترۆرکردنی کاراکتەر بەیانکرد، هێرشێک کە لە میدیاوە خۆی بەیانکرد، لەوانە تەسریحێکی وەزیری ژینگە. با لە تەسریحەکەی وەزیری ژینگە، دارا محەمەد بڕوانین.

لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرتدا (ژمارە ١٨٠ لە ١٠/٤/٢٠٠٧) بە مانشێتێک نووسراوە "وەزیری ژینگە: فاروق رەفیق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بەمەبەستی دابینکرنی نەسریەو بودجە"، با بەچەند سەرنجێک ئەم تەسریحە شیبکەینەوە، نا.. ئیعرابی بکەین:

یەکەم: ئەم تەسـریحە لەیەک کاتدا دوو هەڵەی لۆژیکییە، ترۆرکردنی کاراکتەرو ژەهراویکردنی سەرچاوە. لە تێکسـتە لۆژیکییەکاندا ترۆرکردنی کاراکتەر وەک هەڵەیەکی لۆژیکی ناوزەد دەکرێت کە بریتییە لەم حاڵەتە: کەسێک ئەرگومێنتێک یان چەند ئەرگومێنتێک دەخاتە روو، یا هەڵوێستێکی فیکری لە سەر کێشەیەک دەخاتە روو، کەسێکی دی لەجیاتی وەڵامدانەوەی بە ئەرگومێنت، لەجیاتی مامەڵەکردن لەتەک ئەرگۆمینتەکانی ئەو کەسەدا، راســتەوخۆ پەلاماری کاراکتەری ئەو کەسە دەدات بە نیازی ترۆرکردنی ئەو کاراکتەرە، مامەڵە لەگەڵ ئەرگۆمێنتەکانی ناکات، بەڵکو هێرش دەباتە سەر خودی کەســـەکە، کاراکتەری، لەو دیدەوەی کە ئەگەر بێتو کاراکتەری ترۆربکات ئەوا ئەو شتانەی کە دەیانڵێت هیچ کرێدت (رەسـید)ێکیان نابێتو خودبەخود پووچەڵ دەبنەوە، گەر کرێدت (رەســید) لەو کــەسە وەرگــیرایەوە، یا کارێک کرا کە ئەوە نیشان بدرێ کە ئەو کەسە خاوەن کاراکتەرێکی هەشو لاوازو پڕ لە ئیشکالیەتە، ئەوا ئەمە خود بەخود دەبێتە مایەی پوچەڵکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەیانڵێت، واتە لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە لە کاراکتەرەکە دەداتو رادەکات لەوەی کە مامەڵە لەتەک ئەوشتانەدا بکات کە ئەو کەسە خستوونیەتە روو.

بۆیەشـــــە لۆژیک پێمان دەڵێت ئەمە هەڵەیە، چونکی کاراکتەری ئەو کەسە پەیوەندی بە ئەو ئەرگومێنتانەوە نییە کە ئەو کەسە خســـــتوونیەتە روو، پێویستە مامەڵە لەتەک ئەرگۆمێنتەکاندا بکرێت، نەک کاراکتەری ئەو کەسەی کە دەیانخاتە روو.

تەســـریحەکەی وەزیری ژینگە (دارا محەمەد) دەچێتە خانەی ئەم هەڵە لۆژیکییەوە لەوەدا کە دەیەوێت بڵێت فاروق رووی پیس بووە لای عەلمانییەکانو ئێستا سەرقاڵی پاککردنەوەی رووە پیسەکەیەتی، جارێ ئەمە تەشهیرپێکردنو نواندنی بەدرەفتارییە بە ئێمە، هەروەها راکردنە لە خودی بابەتەکە، هەڵوێستی فیکری من کە لەو وتارەدا خراوەتە روو. جەنابی وەزیر لەجیاتی ئەوەی مامەڵە لەتەک ئەو شتانەدا بکات کە من گووتوومن، پەلاماری کاراکتەری من دەدات. جەنابی وەزیر دواجار رەمڵ لێدەداتو دەڵێت "فاروق بۆیە ئەمە دەکات بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە"، ئەمەی دوایی گورزێکە لە کاراکتەری من، دیارە کەسێک هەڵوێستێک بنوێنێت، وتارێک بنووسێت بە نیازی دەسکەوتی شەخسی، بۆ پارەو نەسریەو مووچە، کاراکتەرێکی لاوازو خراپو

شوێنی گومانی هەیە، کەسێکیش لەمجۆرە شوێنی متمانە نییەو شایانی ئەوە نییە گوێی لێبگیرێت، بەم گورزە جەنابی وەزیر هەڵە لۆژیکیەکەی تەواودەکات، بێئەوەی یەک حەرف چییە لەسەر ئەو وتارەی من بیڵێت، یا وەڵامی قسەکانی من بداتەوە، هێرشێک دەکاتە سەر کاراکتەری من بەنیازی ترۆرکردنی. ئەمەش هیچ نییە جگە لە هەڵەیەکی لۆژیکیو تاکتیکێکی هەر زۆر نزمو بەدوور لە ئەخلاقی مەدەنیو رێورەسمی دبەیەت (مونازەرە) کردن. ئێمە ئەزانین زۆرجار ئیسلامییەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا پەنا بەر ئەم تاکتیکە دەبەن بۆ رووشاندنو ترۆرکردنی کاراکتەری نەیارەکانیان یاخود ئەو کەسانەی کە هاورا نین لەگەڵ بیروڕای ئەواندا. سەرەتا لەرووی مەعنەوییەوە کاراکتەری ئەو کەسانە (نووسەرو بیریارو سیاسیو...هتد) ترۆر دەکەن، دواجار کە پێویست بوو بەفیعلی ترۆریان دەکەن، واتە ئەیانکوژن. بۆئەوەی نمونە بهێنینەوە ئەبێت لاپەڕەکانی مێژووی هەشتا ساڵی وڵاتە ئیسلامییەکان هەڵبدەینەوە، مێژووی تەشهیرکردنو ترۆرکردنی کاراکتەری دەیەها نووسەرو بیریارو هونەرمەند لەلایەن ئیسلامییەکانەوە کە ئێرە شوێنی ئەو لاپەڕە هەڵدانەوەیە نییە.

لەلایەکی دیکەوە تەسریحەکەی جەنابی وەزیر دەچێتە خانەی هەڵەیەکی لۆژیکی دیکەوە کە لە تێکستە لۆژیکییەکاندا بە "ژەهراوی کردنی سەرچاوە" ناوزەد ئەکرێت، بەڵام ئەمە چ هەڵەیەکە؟ لە دبەیتێکدا (مونازەرەیەکدا)، لە گفتوگۆیەکدا لەسەر کێشەیەک، A هەڵوێستێکی فیکری دەخاتەڕوو، ئەرگۆمێنتێک یان چەند ئەرگۆمێنتێک ئەخاتەڕوو، کەسیB لەجیاتی تاقیکردنەوەی ئەرگۆمێنتەکان، دێتو سەرچاوەی ئەو ئەرگۆمێنتانە، ئەو کەسەی کە ئەو ئەرگۆمێنتانەی داڕشتووە، ژەهراوی ئەکات، پەلاماری سەرچاوەکە (خودی کەسەکە) دەدات، لەجیاتی مامەڵەکردن لەتەک ئەو شتەی کە ئەو کەسە دەیڵێت، لەجیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرگۆمێنتەکان، سەرچاوەکەیان ئەگرێتو ژەهراوی ئەکات، بەنیازی پووچەڵکردنەوەی ئەو شتانەی کە لەو سەرچاوەیەوە (خودی کەسی خاوەن ئەرگۆمێنەتەکان) سەرچاوەیان گرتووە. ئەم هەڵە لۆژیکییە وەڵام نادرێتەوە، چونکی خۆی جۆرێک لە تەڵزگە (مەئزەق) دروستدەکات. ئەو کەسەی سەرچاوەیەک ژەهراویو ئالودە دەکات، ئەیەوێت بڵێت هەرچی لەو سەرچاوەیەوە هاتووەو دێت، ژەهراوییە. لێرەوە هەر وەڵامێک بۆ ئەم هەڵە لۆژیکییە، خۆی وەک وەڵامێکی ژەهراوی سەیر دەکرێت، چونکی پێشتر سەرچاوەکە ژەهراوی کراوە.

لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین "ئەمەی تۆ کردت هەڵەیەکی لۆژیکییە، ژەهراویکردنی سەرچاوە (سەرچاوەی ئەرگۆمێنتەکانی من، کە خودی کەسایەتی منە)، ئەم کارەی تۆش وەڵامی نییە جگە لە دەستنیشانکردنی ئەو ژەهرەی ڕشتت، هەروەها من تەنیا ئەوەم لەسەرە کە ئەرگۆمێنتەکانم بخەمە روو..".

لە هەڵەی لۆژیکی "ژەهراویکردنی سەرچاوە"دا تا ئەو کەسەی بەم ژەهراویکردنە هەڵدەستێ بێڕەحمتر، نا مەدەنی تر، بەربەری تر، ملهوڕتر، توندڕەوتر، ناجوامێرتر بێت، سەرچاوەکە ژەهراوی تر ئەبێت، یا دەخوازرێ ژەهراوی تر بێت، تەسریحەکەی جەنابی وەزیری ژینگە دەچێتە خانەی ئەم هەڵە لۆژیکییەوە، ئەم ژەهراوی کردنی سەرچاوەیە، بریتییە لە ژەهراوی کردنی سەرچاوەی بیرۆکەکانی ناو وتارەکەی من کە کەس نییە جگە لە خودی خۆم.

جەنابی وەزیر لەجیاتی ئەوەی بە جڤاتی کوردی بڵێت ئێمە تالیبان نینو نیازمان نییە شەراب یاساغ بکەین، حیجاب یا بۆرقە بەسەر ئافرەتاندا بە زۆرەملێ بسەپێنین، دەستکاری جلوبەرگی پیاوان ناکەین، ریش هێشتنەوە قیاسی ئەخلاقو ئیمان نییەو بە زۆرە ملێ نایسەپێنین، تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەت یاساغ ناکەین (کە ئێستا ئێمە تەوقە لەگەڵ ئافرەت ناکەین لەوەوە نییە کە بە بوونەوەرێکی پیسو گڵاو سەیری دەکەین)، ئازادی بیرورا یاساغ ناکەین، بە کورتی نیازی دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامیمان نییەو ئەمیرەکەشمان ئەمیری کەس نییە جگە لە خودی ئەو دەستەو تاقمەی کە لە دەوری کۆبوونەتەوەو لە بەرنامەشماندا نییە سەری کەس بە بلۆک

پان بکەینەوەو کەس ترۆر ناکەین. ئەمە ئەو وشانەن کە من گوتوومەو ئێستاش دەیڵێم کە دەسەڵاتی تەواو بگرنە دەست دەیکەن، لەجیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم شتانە جەنابی وەزیر هەستاوە بە پیسکردنو ژەهراویکردنی سەرچاوەی ئەو بیرۆکانە کە خودی نووسەری ئەو وتارە کورتەیە، واتە من ئەو فازیڵ ناوەش کە لە هاولاتیدا (ژمارە ٣٢٠/٣٢١ لە ٤-١١/٤/٢٠٠٧) کۆمەڵێک جنێوو تەشهیرو سووکایەتی بڵاوکردۆتەوە، ئەو بەناو نووسینەی (کە هیچ نییە جگە لە ژەهر رشتن) پڕن لە هەڵەی لۆژیکی لەناویاندا ئەم دوو هەڵەیەی کە ئاماژەمان پێدان (تیرۆرکردنی کاراکتەرو ژەهراویکردنی سەرچاوە) کە دواجار سەرنجێکیش لەو ژەهرە دەدەین.

## بەشی دووهەمو کۆتایی

هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە ٦٧ لە ١/٥/٢٠٠٧، ل ١٤

سەرنجی دووەم دەربارەی تەسریحەکەی وەزیری ژینگە:

لە تەسریحەکەی وەزیری ژینگەدا "فاروق رەفیق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە".

چەند گریمانەیەکی (assumptions) تەعبیرلێنەکراو خۆی مەڵاسداوە، لەوانە، یەکەم: فاروق هیچی نییە بیڵێت تەنیا مەبەستێتی دەستی بە نەسریەو بودجە بگات، دووەم: فاروق ئیسلامییەو ئێستا دەیەوێت لای عەلمانییەکان رووی خۆی پاک بکاتەوە، سێهەم: ئیسلامییەکان روویان پیسەو فاروق نایەوێت ئیدی پیس بێت. هەموو ئەرگومێنتەکەی کاک دارا محەمەد کە بریتییە لە دوو هەڵەی لۆژیکیو چەند گریمانەیەکی تەعبیر لێنەکراو (پەنهان لەناو خودی یەک پێشەکی لۆژیکیدا) دەتوانین بەمشێوەیە فۆرماتی بکەینو فۆرمە لۆژیکییەکەی دیاری بکەین، بەپێی ستانداردی لۆژیکی:

پێشەکی یەکەم: فاروق رەفیق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بەمەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە.

یەکەم: گریمانەی تەعبیر لێنەکراو (فاروق هیچی نییە بیڵێت تەنیا مەبەستی نەسریەو بودجەیە).

دووەم: گریمانەی تەعبیر لێنەکراو (فاروق ئیسلامییەو ئێستا دەیەوێت لای عەلمانییەکان رووی خۆی پاک بکاتەوە).

سێیەم: گریمانەی تەعبیر لێنەکراو (ئیسلامییەکان روویان پیسەو فاروق نایەوێت ئیدی پیس بێت).

---

کەواتە ئەو شتەی فاروق دەیڵێت شوێنی گومانەو خودی فاروق شوێنی گومانەو نابێت گوێی لێبگیرێت.

وەک دەبینین ئەم بەناو ئەرگومێنتە، لە یەک پێشەکیو بەرەنجامێک پێک هاتووە، وەک دیمان ئەو پێشەکییەش (تەسریحەکەی جەنابی وەزیر) دووهەڵەی لۆژیکییە (زۆر کردنی کاراکتەرو ژەهراویکردنی سەرچاوە) هەڵەی لۆژیکیش لە هەڵسەنگاندنی ئەرگومێنتدا قبووڵ ناکرێتو لێرەشەوە ئەرگومێنتەکە هەرەس دەهێنێت.

هەروەها ئەوگریمانانەی کە تەعبیریان لێنەکراوەو قسەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام بە پەنهانی بوونیان هەیەو فێڵبازانە لەودیو پێشەکییەکەوە بە پەنهانی دانراونو یا ڕاستەرە بڵێین نیازێکن لەوێ هەن، چونکی روون نەکراوەتەوە، بەڵکو تەنیا وەک راستی بینراو سەیرکراون بەپێی لۆژیک شوێنی ئیشکالیەتنو قبووڵ ناکرێن، کەواتە وەک موعتەزیلەییەکان دەیانگووت "کەرەکەی شێخ وەستا"، کەواتە ئەرگومێنتێک لە ئارادا نییە،

ئاماژەیەک بەو گریمانانە بدەین کە لە تەسریحەکەی جەنابی وەزیردا خۆیان مەلاس داوە، وەزیری ژینگە دەیەوێت بڵێت "فاروق هیچی نییە بیڵێت تەنیا مەبەستی نەسریەو بودجەیە" (گریمانەی یەکەمی تەعبیرلێنەکراو بەلام خاوەن ئامادەیی لەو تەسریحەدا. لە دارا محەمەد دەپرسین کوا بەڵگەکانت؟ کوا دۆکیۆمێنتەکانت لەربارەی ئەوەی کە نەسریەیەکو بودجەیەک لەئارادایە؟ تۆ نابێت لانی کەمی ویژدانو مۆراڵت هەبێتو ئەوە ببینیت کەئێمە ساڵو نیوێکە گەڕاوینەتەوە کوردستان وە تائێستا دینارێک چییە چ وەک مووچە چ وەک یارمەتی چ وەک نەسریە لە هیچ لایەنو لەزگاو حکومەتێک چییە وەرمان نەگرتووە، پسپۆڕیمان لە چەندکایەیەکدا هەیە، دەتوانین زۆر بەسوود بین بۆ حکومەتو دامو دەزگاو وەزارەتەکانی وەک راوێژکارو خاوەن دیدو بۆچوون لە بواری حوکم کردندا کار بکەین، بەلام بێکارین، مامۆستای زانکۆ بووینو ئێستا لە لەرەوەی زانکۆین، دەمانتوانیو بگرە دەبووایە لە زانکۆکاندا وانە بڵێینەوە، بەلام لە دەرەوەی زانکۆین، دەزانیت بۆ؟ چونکە ئێمە مرۆڤی ئازادو سەربەخۆینو نامانەوێت سیاسییەکان دامان مەزرێننو ئەو سیاسیانەی کە هیچ لە خوێندنو پەروەردە نازانن، ئەو سیاسییانەی کە ئێمە چەندین ساڵە تێبینیو رەخنەی خۆمان، لەسەریان هەیە. بەڵێ ئێمە لە وڵاتێکدا کەوەک دەرمانی چاوئێشە پێویستی بە ئێمەیە، زانکۆکان پێویستیان بە ئێمە هەیەو ئێمە بێکارینو لەسەر ئەو برە کەمە پارەیە دەژین کە لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانمان بەدەستی دەهێنین.

ئێمە لە ٢٠٠٥/٩/٦ ەوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەمان دامەزراندووە بەناوی "خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی" تا ئێستا یەک دینارمان لە هیچ لایەنێکو لە هیچ حکومەتێک وەرنەگرتووەو خۆبەخشانە کاردەکەین، ئەمە لە کاتێکدا بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیو گشت ئیسلامییەکانی دیکەو سەنتەرو رادیۆو رۆژنامەی ئیسلامییەکانو خودی حیزبە ئیسلامییەکان، لەوانە حیزبەکەی جەنابی وەزیر لەسەر بودجەو نەسریەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەژینو ناو بەناویش (ئەمیرەکەیان)، داوای ئەوە دەکات کە نەسریەکەیان بۆ زیاد بکرێتو دەڵێت "زوڵم لە ئێمە دەکەنو پارەی کەممان لەدەنێ".

سەدەها سەنتەری بێکەڵک هەن لە کوردستاندا کە بە هەزارەها دۆلار نەسریەو مووچە وەردەگرنو هۆڵو بینای تایبەتی خۆیان هەیەو ئێمەش نە بودجەمان هەیەو نە بیناو ماڵەکەی خۆمان کردۆتە شوێنی خانەی حیکمەت، ماڵو خانەکە بوون بە یەک. بۆ رەوایە کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتووی ئیسلامی لەسەر حکومەت بژینو ئەو هەموو رێکخراوو بارەگاو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفیزیۆنانەیان بە پارەی ئەو وڵاتە بەرن بەرێوەو بودجەو نەسریە وەربگرن، بەلام بۆ ئێمە مایەی تانەو تەشەر بێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە نەنەسریەیەک لە ئارادا هەیەو نە بودجەیەک. ئەوەی ئێمە لە خانەی حیکمەت لەو ماوە کەمەدا کردوومانە (سێ کۆرسی فەلسەفی لە سلێمانیو کۆرسێک لە هەولێرو دوو چالاکی کۆبوونەوە لەسەر خوانی کتێبێک ماوەی دوو مانگو چاپکردنی کتێبێک). بە دڵنیاییەوە ئیسلامییەکان نەک لەمێژووی چەندین ساڵەیان نەیان کردووە، بەڵکو هەق بەخۆم دەدەم بڵێم هەرگیز ناتوانن بیکەن، چونکی لەجەوهەریاندا نییە، مایەی ئەوەیان نییە کاری جیدیو چاکو مەدەنیو کاری فیکری بکەن، دەی با ئەو مووچەخۆرانە، مشەخۆرانە، بێدەنگ بنو بە رێزەوە ناوی ئێمە بهێنن.

گریمانەی دووەمی تەعبیر لێنەکراو:

گریمانەی دووەمی ناو هەڵە لۆژیکییەکەی جەنابی وەزیری ژینگە ئەمەیە (فاروق ئیسلامییەو ئێستا لەیەوێت لای عەلمانییەکان رووی خۆی پاک بکاتەوە)، بە ئیسلامی کردنی فاروق خۆی داستانێکی دوورو درێژەو لەبێت بە کتێب لەوداستانە قسەبکەین کە من نە ئامادەیی نووسینی ئەو کتێبەم هەیەو نە هیچ کات بەپێویستم زانیوە سەرقاڵی ئەو تۆمەتەو تەشهیر پێکردنە ببم، بەلام لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەڵێم بە ئیسلامی کردنی من خۆی بەرئەنجامی چەند هەڵەیەکی لۆژیکی بوو، لەوانە (ترۆرکردنی کاراکتەر)و (ژەهراوی کردنی سەرچاوە)و (هەڵەی

ستۆرمان "داهۆڵ"). خۆی بریتی بوو له هێرشێکی دیکه بۆ سەر کاراکتەرو خودی شەخسی من لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکەوەو لەلایەن حیزبێکی سیاسی خاوەن دەسەڵاتەوە، له ساڵی ١٩٩٨ەوە میدیای ئەو حیزبه لەلایەکەوە تەعتیمێکی ئیعلامی خستۆته سەر کارو پرۆژەکانی منو لەلایەکی دیکەوە کەسایەتییەکی سیاسی ناو ئەو حیزبه لەو کاتەوە سەرقاڵی ترۆرکردنی کاراکتەری منه.

نووسینێکی من نییه، چ وتارو چ کتێبو چ چاوپێکەوتن که باس لەوە بکات که ئەم کەسه (فاروق) ئیسلامییه، که بتوانێت خوێندنەوەی ئەوەی بۆ بکەیت که ئەم کەسه بۆته ئیسلامی، کەواته به ئیسلامی کردنی فاروق خۆی بەرئەنجامی شێواندنو خراپ خوێندنەوەی یەک دوو دێڕی ناونووسینەکانی منه که له سیاق دەرکراون (له سیاق دەرکردن خۆی هەڵەیەکی دیکەی لۆژیکییه)و بەرئەنجامی هێرشی شەخسی به نیازی، به قەولی ئەو کەسانەی بەم کاره هەستان (تەخت کردنی فاروق)، ئیسلامێک که من ئاماژەم پێداوه ترادسیۆنی ئیسلامییه، ئیسلامێکی شارستانییه، دەڵێم "ئاماژەم پێداوه" چونکی من تا ئێستا قسەم لەسەر ئیسلام نەکردووە، مەبەستیشم له ترادسیۆنی ئیسلامیی فەلسەفەو عیرفانو ئەدەبو مۆسیقاو هونەری بیناسازی ئەو شارستانێتییەیه که بابەتی سەدەها کتێبو لێکۆڵینەوەیه، له خۆرئاواو لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە، ئایا دەتوانین بەو لێکۆڵەرەوانه بڵێین ئیسلامی، بێگومان نا، بەڵام گەر بڕیار بێت کەسێک تەخت بکەینو کاراکتەری بشێوێنینو ترۆری بکەین، هەموو شت ڕێگەی پێدەدرێتو ڕەوایه، ئەوەش ئەو پرنسیپەیه لەپشت به ئیسلامی کردنی فاروقەوە، من له یەک دوو بۆنەدا یەک دوو شتم گوتووە که له بەرژەوەندی ئیسلامییەکان بووەو به خراپ تەفسیر کراوه:

یـــەکەم: له یەک دوو بۆنەدا گوتوومه "که ئەخلاقی مەدەنیو خودی هونەری سیاسەت دەخوازێت که ئێمه ئیسلامییەکان قبووڵ بکەینو بکەوینه گفتوگۆ لەگەڵیان".

لەجیاتی ئەوەی بچنه ژێرزەمینەکانو سەرقاڵی پلان دانان بن بۆ کاری ترۆریستی، پێویسته منازەرەیان لەتەکدا بکەینو با له پەرلەمان بنو بیانبینین، با لەجیاتی جنێودان پێیان (که تا ئێستا چەند ڕۆشنبیرێک بەمکاره هەستاون) با بەعەقڵ لەتەکیاندا مامەڵه بکەنو کارێک نەکەین تووشی پەرچه کردار بین، خۆیان هێزێکی پەرچەکردارین (ریاکتیڤ) گەر گوشاریان بۆ بهێنیت خۆیان دەتەقێننەوە هەروەها ئەو ئیسلامییانه خەڵکی ئەم وڵاتەنو مافی ئەوەیان هەیه بدوێنو کار بکەن (کاری سیاسیی)و ڕاو بۆچوونی خۆیان بخەنه ڕوو، ئایا ئەمه مانای قبووڵکردنی ئەو ئایدۆلۆژیایەیه؟ ئەمه ئەخلاقو خودی سیاسەت دەخوازێت کەوا مامەڵەیان لەتەکدا بکەین. ئایا ئەمه به ئیسلام بوونه یان عەقڵ گەورەیی؟

دووەم: کاتێک که بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆمب باران کرا، من له نووسینێکدا دژی ئەو تاوانه وەستامەوە لەبەرئەوە نا که (ئیسلامی) بووم، بەڵکو لەبەرئەوەی که کارێکی ناعادیلانەو بگره تاوان بوو. عەقڵ پێمان دەڵێت لەو شوێنەی ناعەدالەتیتان بینی، ناوی بهێنن وەک ناعەدالەتی، دژی ئەو ناعەدالەتییه بووەستەوە، جا کەسی زوڵم لێکراو، ناعەدالەتی بەرامبەر نوێنراو هەرکەسێکو هەر گروپێک بێت.

سێیەم: من له چەند بۆنەیەکدا ئاماژەم به ترادسیۆنی ئیسلامیو شارستانێتی ئیسلامی داوه له نێوەندێکدا که بڕیاری داوه شتێک نییه بەناوی شارستانیەتی ئیسلامییەوە، ئەوەی هەیه هەر ئایینی ئیسلامەو، ئاینی ئیسلامیش ئایینی شمشێرو کوشتنو بڕینو توندوتیژییه، نێوەندێکه هەر وەک تەکفیرییه ئیسلامییەکان سەرقاڵی تەکفیرکردنه، به کافرکردنه، بەڵام به مانایەکی دیکه، کوفره باس لەوە بکەیت که (ڕاسته ئیسلام جەلادی زبردەستی دروستکردووە، بەڵام ئیبن ڕوشدو ئیبن سیناو فارابیو مەولاناو ئیبن عەرەبیو دەیەها بیریارو فەیلەسوفو عارفیشی بەرهەمهێناوەو ناشێت هەر هەموویان وەک یەک سەیر بکەین، تەڕو وشک پێکەوە

بسووتێنین).

لە پەیوەندیدا بە فەزاحەتی "بەئیسلامی کردنی فاروق"ەوە، خودی ئیسلامییەکان رۆڵێکی زۆر زۆرزانانە (فێڵبازانە)یان بینی، یەکگرتووی ئیسلامی بەرهەمێکی من کۆپی دەکاتو بەسەر ئەندامەکانیدا دابەشی دەکات، ئەمرێکی حیزبیش (ئەمرێکی سوڵتانانە) دەردەکات بۆ ئەندامەکانی کە ئەم نووسەرە بخوێننەوە، لە سەرچاوەیەکەوە ئاگادار کرامەوە کە ئەو نامەیە (ئەو ئەمرە) دەست یەکێتی نیشتیمانی کەوتووە (مەڵبەندی سلێمانی). دەپرسین یەکگرتوو بۆ ئەمکارەی کرد؟

یەکگرتوو کە دەستەو تاقمێکی ئیسلامییەو لە فەلەکی ئیخوانەکاندا دەسوڕێتەوە، واتە خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی بنەڕەتخوازانە (فەندەمێنتالیستیانە)یە، لە دروستبوونییەوە تا ئێستا نەیتوانیوە یەک حەرفی جیدی، فیکری، هەڵسەنگاندنێکی فیکری دەربارەی هەلومەرجی نالەباری ئەم وڵاتە بخاتە روو، یەک هاونیشتیمانی لێپرسراوی دروست نەکردووە کە پرچەک بێت بە فیکرو مەعریفە، کەسێک کە ئاگای لە سیاسەتی جیهانی، لە خودی شارستانێتی خۆرئاوا بێت، کەسێک کە فیکرو فەلسەفەی خۆرئاوای خوێندبێتو شارەزا بێت، سەبارەت بە عێراقو خودی هەلومەرجی کەلتووریو سیاسیی کوردستانیش شتێکی ئەوتۆی نەگووتووە شایانی لەسەروەستان بێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەژارییەکی فیکری سەرسوڕهێنەریشی نیشان داوە سەبارەت بە خودی ترادسیۆنی ئیسلامی، نەک ئەمەندە بەڵکو ئەم دەستەو تاقمە هەروەک ئەوانی دیکە دژ بەکۆمەڵێک رەهەندی فیکریو رۆحی ترادیسیۆنی ئیسلامیە، لەوانە عیرفانی ئیسلامیو فەلسەفەی ئیسلامی (ئیقتیباسێکتان بینیووە ئەم گروپە ئایینییە بهێننەوە لە فارابیو ئیبن روشدو ئیبن عەرەبیو عارفە گەورەکانی ناو ئیسلام)، لەرووی سیاسیشەوە یەکگرتوو بە هەموو ستانداردەکانی دونیا سیاسەت ناکات، واتە خاوەنی تەفسیری سیاسییو دیدی سیاسی نییە بۆ رووداوەکان (ئەمە ئەگەر تێکەڵەیەک دروست نەکەین لە نێوان ئەجێندا ئایینیە بەرتەسکەکەی یەکگرتووو خودی هونەرو زانستی سیاسەتدا)، عێراق خاپوور کرا نەک حەرفێکیان نەبوو دژ بەو هەموو ترۆرو ناعەدالەتییە، بەڵکو بەشداربوون لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراقداو بوونە بەشێک لە حکومەت، ئەو داموو دەزگایانەی کە ئەمەریکا دروستی کردن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، یەک حەرفیان نییە بۆ گووتن دەربارەی ئەو جەورو ستەمەی کە لەم دەڤەرەدا خۆی پەخش دەکاتەوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت وەک چاودێر سەیری بارودۆخەکە دەکەن، تاکەی تای تەرازووەکە بەلای ئەواندا دەشکێتەوەو هەلەکە دەقۆزنەوە بۆ چەسپاندنی ئەجێندا ئایینیەکەیان کە بریتییە لە بە ئیسلامی کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیو دابەزاندنی لیستەکەیان، لیسی حەڵاڵو حەرام، نا.. ڕاستترە بڵێین دامەزراندنی ستەمکارییەکی بێوێنە کە خۆی مەڵاس داوە لە بەرنامەو ئەجێندای یەکگرتووی ئیسلامیدا.

من لە نووسینێکدا چەند ساڵ بەر لە ئێستا گوتوومە، کە بووە مایەی بە ئیسلامی کردنی من "یەکگرتوو ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن"، بەڵام ئێستا ئەو ئەگەرەش لە ئارادا نییەو نەبوو بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە هەلومەرجی نالەباری کوردستانو بەشێک لەو فەسادەی کە هەیە. یەکگرتوو لە مەحفەلە داخراوەکاندا گلەییو گازندە دەکات لە دەسەڵاتی کوردی، کە گوایە ستەمو فەسادبوونی هەیە، لەکاتێکدا دەبا وەک رێکخراوێکی (سیاسی) قسەی کردباو راپۆرتو باسو لێکۆڵینەوە قسەی لەسەر ئەو فەسادە کردبا، ئەمە جگە لەوەی کە خۆی بەشێکە لەو فەسادەو ماوەیەک مووچەی لە هەردوو ئیدارەکە وەرگرتووەو ئێستاش بەشداری دەسەڵاتەو مووچە لەحکومەت وەردەگرێت، بۆچی وەریدەگرێت؟ نازانم، بۆ کارە سیاسیەکان؟ (باڵیی گەرێین چەندە کاری کۆمەڵایەتی سەیرو سەمەرەیان کردووە لەناو ئەم جڤاتەدا).

هێرشێک لەسەر ئیسلامو خودی شارستانی ئیسلامی هەیە، ئەم گروپە ئایینییە (یەکگرتوو) تا ئێستا نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی عەقڵانیو مەدەنیانەو بەدوور لەهەڕەشە کردنو شکات کردن لای سەرکردایەتی کوردی (پارتیو

یەکێتی) وەلأمێکی عەقڵیانەو مەدەنیانەو فیکریانە بدەنەوە، کتێبێک تەرجومە بکەن، کتێبێک بنووسن. کاتێک نووسەرێک دێتو بە رۆشنبیرانی کورد دەڵێت: بوەستن ئێمە دەبێت ئەو میراتە فیکرییە شارستانییە لەیادنەکەینو زاڵمانە حوکمی بەسەردا نەدەینو تێکەڵی ئیسلامییەکانی نەکەین، کاتێک نووسەرێک دێت کە خۆی پەروەردەی زانکۆکانی خۆرئاوایەو رەخنە لە مۆدێرنتی دەگرێتو لە هەندێک سیاسەتی ناعەدالەت خوازانەی خۆرئاوا بەرامبەر بە گەلانی ئەم ناوچەیە، یەکگرتوو دێتو فێڵبازانە ئەو ئینتیباعە دروست دەکات کە ئەم کەسە ئیسلامییە، یان نەشێت ئیسلامی بێت، گروەوەکەی یەکگرتوو ئەمە مەغزاکەیەتی: ئێمە سوود لەو شتانە وەردەگرین کە ئەم نووسەرە (فاروق) دەیانڵێت، گەر باش بوون دەڵێت ئەمە رای ئێمەشەو ئەم نووسەرە ئیسلامییە، گەر خراپ بوون چونکی ئیسلامی نییە کارێکی بە ئێمەوە نییە، گەر شتی چاکی وتو خەڵک قبووڵی کردن، ئەوا ئێمە دەڵێین ئیسلامییە، گەر شتی دیکەی ووت کە نەچووە خانەی ئایدۆلۆژیاکەی ئێمەوە، ئێمە خۆمانی لێبێبەری دەکەین، لە هەموو حاڵەتەکاندا با ئەم پیاوە شەڕەکانی ئێمە بکات، ئێمە هیچ زەرەرێک ناکەین، گەر کوشتیشیان دەچینە سەرقەبرانو دەڵێین "کل نفس ذائقة الموت"، ئەمە گروەوەکەی یەکگرتوو بوو لەسەر من. کە من رووبەڕووی ترۆرکردنی کاراکتەر بوومەوە، یەکگرتوو بە خشکەیی وەک ئەوەی کەئاو لەئاو نەکەوتبێت، لە بە ئیسلامی کردنی من کشانە دواوەو ئەو پیاوەی کە ئێستا وەزیری بێوەزارەتە (ئەبوبەکر عەلی) فەرمایشتێکی داو وتی "ئەم پیاوە ناسیۆنالیستە" نەک ئەمەندە، بەڵکو دەنگۆی ئەوە هەیەو بەرگوێم کەتۆتەوە کە بەئەندامەکانیان گووتووە "لە فاروق رەفیق نزیک مەبنەوە، چونکی دەڵێن مەترسیدارە"، لە راستیدا ئەوان باش دەزانن کە من ئیسلامی نەبووم، نەک ئەوەندە بەڵکو من رەخنەی توندم هەیە لەبوونو ئەجێندای ئەوانو زۆر سڵ دەکەنەوە لە پرۆژەکەی من، هەربۆیەشە لەو کاتەوەی کە گەڕاومەتەوە دەموچاوی کەسیانم نەبینیووە.

یەکگرتوو بەهۆی ترسنۆکیو سیاسەتە ماکیاڤیلییەکەیانەوە رۆڵێکیان بینی لەو هەوڵەی درا بۆ ترۆرکردنی کارکتەری من کە تا لە ژیاندا مابن نایانبەخشمو هەتا هەناسەش بەم دژ بە ئەجێندای ئایینیو سیاسییەکەیان دەوەستمەوە، وانەیەک کە لە یەکگرتووەوە فێری بووین ئەوەیە کە ئەوانیش زادەی هەر هەمان پاشاگەردانی عەقڵیو رۆحین، کە لێرە بەرکەماڵەو بگرە ترسناکتریش، چونکی ئەوان قوتابی قوتابخانەیەکی هەر زۆر ترسناکن، ئەویش فەندەمێنتالیزمی ئیسلامییە.

تا ئێرە گریمانەی دووەممان شی کردەوە، لەناو هەڵە لۆژیکییەکەی جەنابی وەزیری ژینگەدا، گریمانەی تەعبیر لێنەکراوی سێهەم (ئیسلامییەکان روویان پیسەو فاروق نایەوێت ئیدی پیس بێت). هەڵدەگرم بۆ خوێنەران شیبکەنەوە.

سەرنجی سێهەم لەسەر تەسریحەکەی جەنابی وەزیری ژینگە:

جەنابی وەزیر ئیسلامییەو سەر بە گروپێکی ئیسلامییە، واتە بانگەشەی ئیمانداریتی دەکاتو کەسی خاوەن ئیمانیش، بەپێی ئاینی ئیسلام، قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر، لە خۆوە گومان لەکەس ناکات، بوختان ناکات، تۆمەت ناداتە پاڵ کەسانی دیکە، لەبەر چەند هۆیەک:

یەکەم: چونکی گوناهە، زوڵمە، لە کەسێکی دیکە "هەندێک گومان کردن گوناهە".

دووەم: چونکی یەزدانێک هەیە شاهیدی حاڵەو پێی دەڵێت "درۆ مەکەو ئیمانت لە خۆڕا پووچەڵ مەکەرەوە".

سێیەم: چونکی لەخۆڕا گومان کردنو دانی تۆمەت بە کەسانی دیکەو رەمڵ لێدان دەبێتە مایەی ئالودە بوونی دڵو رۆح.

چوارەم: بێ هەبوونی بەڵگە تۆمەت بەخش کردنەوەو گومان کردن کارێکی لاعەقڵانییەو کەسی ئیمانداریش چونکی کەسێکی لاعەقڵانی نییە، هەر لەخۆڕا تۆمەت ناخاتە پاڵ کەسانی دیکە.

دەی جەنابی وەزیر کە دەڵێت (فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانیەکان پاک بکاتەوە بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە) ئەمە عەینی تۆمەتو بوختانە، تەنیا گومان کردن نییە، کە خۆی گوناهە بەپێی ئیسلام، بەڵکو تۆمەتبارکردنی کەسێکی دیکەیەو دانەپاڵی تۆمەتێکە بە کەسێکی دیکە بێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەک، ئا ئەمەیە ئیمانو ئایین پەروەرییەکەی ئیسلامییەکان؟ ئەمانە هەموومان بەبێ ئیمانو کافر لەقەڵەم دەدەنو رۆژانە ئیمانمان پێدەفرۆشن، ئەوەش ئیمانەکەیانە کە بریتییە لە نواندنی زوڵم بەرامبەر بەئێمە. جەنابی وەزیر لە سەر عەرشی وەزارەتەکەیەوە زوڵمێکی گەورەی لێکردینو دواجار ئیمانیشمان پێدەفرۆشێت. بەداخەوە لێرەدا بوار نییە دەنا لەسەر ئیمانو تەندروستی ویژدانو عەدالەت موحازەرەیەکی چاکی ئیسلامییەکانم دادەدا، بەرئەنجامێک کە پێی دەگەین ئەوەیە کە جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەم ئیماندارانە (ئیسلامییەکان)و ئەوانە کە بە ڕەسمی دەڵێن بێئیمانین، هەرچی پەیوەندی بەو پاشا گەردانییەوە هەبێت کە خۆی پەخشی دەکاتەوە، هەرهەموو باس لە بیماری ویژدانێک دەکەن کە هەیە، وە ئێمە لە مێژە دیاریمان کردووە، بیماریی ویژدان.

هەرچی پەیوەندی بەو نووسینەوە هەبێت کە فازیل قەرەداغی لە هاوڵاتیدا بڵاوی کردۆتەوە (پێشتر ئاماژەم بە ژمارەکانیدا) رام وایە کە شایانی وەڵامدانەوە نییە. گەر قسەی لەسەر بکەم دەبێت وەک تەسریحەکەی جەنابی وەزیری ژینگە، ئیعرابی بکەمو پەنجە بخەمە سەر گشت هێرشو تۆمەتو هەڵە لۆژیکییەکانی کە بە پێویستی نازانم، هێندە بەهای بۆ دابنێم.

دەتوانین لەسەر مەغزای ئەم هێرشەی ئیسلامییەکان بۆسەر ئێمە، چەندین وتار بنووسین، بەڵام لێرەدا بەم دوو سەرنجە کورتە کۆتایی بەم وتارە دێنین:

یەکەم: ئیسلامییەکان وەک لەم هێرشەدا نیشانیان دا لە جیاتی ئەوەی وەڵامی قسەکانی ئێمە بدەنەوە، پەنایان بەر شتێک برد کە زبردەستن تێیدا، ئەویش تیرۆرکردنی کاراکتەری ئەو کەسەی دژ بە ئەجێنداکەیانە.

دووەم: ئەم هێرشەیان بۆسەر نووسەرێکە کە ئەوان باش دەزانن کە کەسایەتییەکی سەربەخۆیەو هیچ هێزێکی سیاسیی لەپشت نییە، لەبەرئەوە لای ئەوان "نیشانەیەکی ئاسانە" (Easy target)، دەنا ئەوان جورئەت ناکەن هێرشی ئاوا بکەنە سەر کەسێک کە حیزبێک یان لایەنێکی لەپشت بێت، چونکی نانیانو مووچەیان دەکەوێتە مەترسییەوە، دیمان کە لە تەلەفزیۆنەوە پێیان گوترا "تیرۆریست" فزەیەکیان نەکرد، کەواتە ئەم هێرشە رەهەندێکی دیکەی هەیە، ئەویش ناجوامێریو هەلپەرستی ئەوانە.

# وانەیەکی مەنتق بۆ مامۆستای مەنتق.. وەڵامێکی تر بۆ فاروق رەفیق

فازڵ قەرەداغی

ئەمەش وەڵامی نووسینەکەی (ئاوێنە)ی فاروقە. وەڵامەکەم زیاتر لە چوار هەزار وشە بوو و هێشتا باسی تەنها بەشێکی موغالەتەکانی فاروقم کردبوو بەڵام لەسەر داوای هەفتەنامەکە کە بواری دوو هەزار وشەی دابوو زۆریم کوژاندەوەو هێشتا لەو دوو هەزار وشەیە زۆرتر دەرچوو.

هەفتەنامەی ئاوێنە ٦٩ لە ١٥/٥/٢٠٠٧، ل١٤

بە تەشهیری زۆرەوە، بە بوهتانی گەورەوە، زانیاریش بێبنەما.. ماسولکە گرژو دەمارەکانیش توند لێیان دەدا.. ئاوا نووسینەکەی فاروق رەفیق لە ئاوێنەدا: (ژمارە ٦٦ و ٦٧ لە٢٣/٤- ١/٥- ٢٠٠٧، ل١٤)و پێش ئەو بابەتی (فەتواکەی وەزیری ژینگەو ئازادییە بچووکەکانی ئێمە- هاوڵاتی ٣١٩ لە ٢٨/٣/٢٠٠٧، ل١٤) هاتنە دنیا.

(( سەرەتا وشە)) نەبوو، سەرەتا کێشەیەکی تایبەتی بوو، فیکرو سیاسەتیش ئەو دوو گوێدرێژەن کە بەسەر پشتیانەوە دەتوانین شمشێری شەڕە تایبەتەکانمان بەرزبکەینەوە. مامۆستای فەلسەفەو مەنتق (لۆژیک) بەپاڵ فیکرو سیاسەت لەبیری نەچووە ناوی مەنتق بهێنێتو ئەو مەنتقە بۆ شەڕەکەی بەکاربهێنێت، بەڵام چونکە ئەوەی شەڕ دەکات شمشێرە ئەو مەنتقە لەژێر فەیلەسووفەکەماندا شێواو لەجیاتی ئەوەی بەرەو پێشەوە بکشێت بەقنگەخشێ بۆ دواوە گەڕایەوە. ئێمەش پاش ئەو شەڕە عەنتیکەیە بۆمان هەیە گومان بکەین ئەو مامۆستایە شارەزای ئەو مەنتقە بێت، یان ئەگەر بەبەزییتر بین دەڵێین، شارەزای بەکارهێنانی بێت.

سەرەتای بابەتەکەی (ئاوێنە)ش حیکایەتێک بوو: فەیلەسووفەکەمان دەیگێڕێتەوە، یەکەم جاریشە کەسێک ئەو حیکایەتە ببیستێ، لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا لە گۆڤاری (کاروان)دا بابەتێکی نووسیبوو لەبارەی ئەفسانەوە، ئیتر کۆمەڵێک مەلاو وتاربێژ کەوتنە جوێندانو تەشهیرو سووکایەتی پێکردنیو چەند کەسێکی ناو یەکێتیی نووسەران ئاگاداریان کردەوە کە خۆی بشارێتەوە نەوەک وەکو (عەبدولخالق مەعرووف)ی لێبکرێت، ئێستاش هەمان هەڵمەتی ئیسلامییەکانی لەدژدا دەکرێت.

ئەو ئازادە حیکایەتمان بۆ بگێڕێتەوە، ئێمەش ئازادین بڕوا بە یەک وشە لەو حیکایەتە نەکەین، وەک چۆن هەموو بەڵگەکانی بەردەست دەڵێن کە تا ئەو کاتەی فاروق بابەتەکەی هاوڵاتی (فەتوای وەزیری ژینگە..)ی نەنووسی ئیسلامییەکان یەک وشەی خراپیان پێ نەوتبوو، بەڵکو بایەخیشیان پێدابوو، دوای نووسینی ئەو بابەتەشی هەموو ئەوەی لەسەری نووسران سێ بابەت بوون: دوان لە ئینتەرنێت، یەکێکیش هەر لە هاوڵاتی کە خۆی وتەنی فازیل ناوێک نووسیبووی (فاروق حاشای لە هاورێتیی خۆم لەگەڵ خۆیو خێزانەکەی کردووە). کەچی دەنووسێت: ((لە سایتەکانو لە رۆژنامەکانو هەفتەنامەکانەوە هێرش دەکرێتە سەرمان/ ئاوێنە ٦٦)).

## پاشخانی نووسینەکەی فاروق

کەواتە هێرشێکی ژەهراویی ئیسلامییەکان دژ بە کەسایەتیی فاروق هەیە. تیرۆری کەسایەتیی فاروق دەکەن، ئیسلامییەکانیش تیرۆری کەسایەتی وەکو تاکتیکێک بەکاری دەهێنن، ئیسلامییەکان کەسایەتیی فاروق دەشێوێنن بەو پێیەی دەیانەوێت وا پیشانی خەڵک بدەن کە فاروق کاتی خۆی ئیسلامی بووە.

ئەمە فاروقو قسەکانێتی لە (ئاوێنە)دا، بەڵام شوێن پێی پیشینەکانی ئەو نووسینەی هەڵبگرە دەبینی سەرەتای کێشەکەی لەگەڵ ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی خۆیو هاوسەرەکەی لە (هاوڵاتی)دا هەڵمەتێکی پیرۆزیان بۆ سەر وەزارەتی ژینگە بردبوو گوایە (دارا محەمەد ئەمین) وەزیری وەزارەتەکە داوای کردبوو سوود لە فەتوایەکی فەتوادەرانی (ئەزهەر) بۆ حەرامکردنی جگەرە وەربگیرێت، سەرچاوەش هەواڵێکی سەقەتی هەفتەنامەیەک بوو، نەختێکی تر برۆ کیشەی هاوسەرەکەی فاروق لەگەڵ وەزارەتی ژینگەدا بەلووتدا دەتەقێتەوە، هۆکاریش بەجێیەو بێجێیە؛ بەجێیە چونکە وەزارەت داوای (سی ڤی) لە ناسک خان قادر ئەکات لەبەرئەوەی دامەزراندن لە پلە تایبەتەکاندا سی ڤیی دەوێت، سی ڤیش وەکو پسپۆڕان دەڵێن یەعنی ئەو کەسە چیی تەواوکردووەو لەکوێ ئیشی کردووەو چی لەو بوارە دەزانێتو لەو قسە قۆڕانەی کە ئەو خێزانە خۆی لەوە بەگەورەتر دەزانێت رووبەڕووی بکرێنەوە، کەواتە داوایەکی بێجێیە، کۆنتریش لە دامەزراندن دەڕۆینو دوو چاوی خۆمان دادەنێینو وشەیەکی خراپ، نەخوازەڵا هێرشی ژەهراویو تیرۆری کارەکتەر نابینین.

دیارە خەتای ئیسلامییەکانە کە بایەخیان پێدابوو؟ بۆچیش؟ چونکە دەنگێکی جیاواز بوو؟ وایە، ئەو لەگەڵ کەسانی تر بەئینسافەوە باسی ئیسلامو شارستانییەکەیان ئەکرد، جاروباریش قسەیەکی هەقیان بۆ ئیسلامییەکان دەکرد، تەنها بێئینسافەکانیش سوپاسی بەرامبەر ناکەن، کەواتە زۆر سوپاس بۆی بەڵام رەخنەش کاتی خۆی هەیە بەتایبەت ئەگەر لە شەوو رۆژێکدا مرۆڤ هەزار سەدو هەشتا پلەیی هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت.

ئەمەیە ((دارا دوو داری دی))ی کێشەکە، بەدبەختیی (دارا)شە کە دوو داری بینیو خۆی لێیان لا نەدا، وەزیر هەڵە مێژووییەکەی کردو داوای سی ڤیی کرد، ئاخر وەزیری سەلەفی ئەم بیدعەیەی سی ڤی بۆچی؟ خاتووش لەجیاتی سی ڤی بابەتێکی لەسەر ژینگە نووسی بەڵام بەناونیشانی (وەزیری ژینگە یان وەزیری فەتوا) تا بڵێت لە تۆ زیاتر ئاشنای ژینگەم.

بەشی یەکەمی بابەتەکەی خاتوو ناسک بڵاوکرایەوەو لە ژمارەکەی تردا بەشی دووەم لەگەڵ نووسینە مێژووییەکەی فاروق (وەزیری ژینگەو ئازادییە بچووکەکانمان) کە کەس باوەڕی نەدەکرد ئەو نووسیویەتی، بەڵام فاروق لەگەڵ هاوڵاتیدا قسەی کردبوو کە ئەو بەشە دووەمەی هاوسەرەکەیو ئەو نووسینەی خۆی بڵاونەکرێنەوە چونکە مەسەلەکە خراپ لەیەکتر حاڵیبوون بوو. هاوڵاتی هەردووکیانی بڵاوکردەوەو فاروق زۆر تووڕە بوو و بڕیاریدا چیتر بۆ هاوڵاتی نەنووسێتو نامەیەکی توندی بۆ نووسی کە وێنەیەکی لای راگەیاندنی وەزارەتدا هەیە، ئەگەر کاک فاروقیش کەیفی بە دووبارەکردنەوە ئەو جۆرە نووسینانەی ئێستای خۆی دێت ئەتوانم تەکلیف لە برادەرانی خۆم لە راگەیاندنەکە بکەم ئەو نامەیە بڵاوبکەنەوە.

کەواتە دووبارە ((سەرەتا وشە)) نەبوو بەڵکو کێشەیەکی خێزانی بوو فاروق بەشێوەیەکی عەشایری چارەسەری کرد: وەک وتم بابەتەکەی بۆ هاوڵاتی ناردو دواتر داوای کرد بڵاونەکرێتەوە، بەڵام هاوڵاتی بڵاویکردەوە، دواییش منو یەک دوو کەس ((گوومان تێکرد))، من بە رەخنەیەک لە فاروق لەگەڵ دیفاعێک لێیو هێنانەوەی پاساو بۆ ئەو تووڕەبوونەی، دوانەکەش بە رەخنە لە ئینتەرنێت، وەزیریش بەشی خۆی بەشداریی کردو بۆ (کوردستان راپۆرت) قسەی کرد: ((فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاکبکاتەوە بەمەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە)). سنگی مامۆستای فەلسەفەو مەنتق هەر زوو نەیتوانیبوو بۆ رەخنە فراوان بێت، بەڵام لێدوانەکەی وەزیری لا گرنگتر بوو بۆیە شاکارێکی تری نووسی، ئەمجارە لە ئاوێنەدا: ((تیرۆرکردنی کاراکتەر وەک هەڵەیەکی لۆژیکیو وەک تاکتیکێکی ئیسلامگەراکان.. روونکردنەوەیەک لەسەر هێرشە ژەهراوییەکەی ئیسلامییەکان)).

# مەنتق لە کۆشی مامۆستای مەنتقدا

من بەستراوەمەتەوە بەو سنوورەی (ئاوێنە) بۆ قەبارەی نووسین دایناوە، دەنا دە هێندەی ئەم قەبارەیەم دەنووسی. نووسینەکەم وەکو قاتێک جلە هێشتا چاکەتەکەی نەدورراوە ناچارم پانتۆڵەکەی تا ئەژنۆ ببڕم.

فاروق زۆر ناوی لۆژیک (مەنتق) دەباتو لە نووسینەکەی ئاوێنەدا گوایە مەنتقی بەکارهێناوە، بەڵام ئەوانە هەموو موغالەتەی مەنتقی بوون، سەرەتاش بیرخستنەوەیەکی نووسینەکەی (هاوڵاتی) بێت بەڵام لەچوارچێوەی مەنتقدا، تا بشتوانم ئاڵۆز نابم، نموونەی کەم دەهێنمەوە، واشی دادەنێم مەنتق یەک مەنتقەو هیچ ئیشکالیەتیشی تێدا نییە.

فاروق وتبووی ساڵی ٢٠٠١ خۆیو خێزانەکەی (خێزانە کۆنەکەی) بوونە قوربانیی تیرۆری کۆمەڵی ئیسلامی بەوەی نەیانهێشت لە خورماڵ سەیران بکەنو ویستیان بیگرن. قسەکەش پاش وردکردنەوە ئەم فۆرمە وەردەگرێت:

پێشەکیی یەکەم: نەیانهێشت سەیران بکەمو ویستیان بمگرن.

دەرئەنجام: بوومە قوربانیی تیرۆر.

لێرەدا پێویستە پێشەکیی دووەم ئەمە بێت: (رێگەگرتن لە سەیرانکردنو خواستی گرتن تیرۆرە). فۆرمەکەش وای لێدێت:

پێشەکیی یەکەم: رێگەگرتن لە سەیرانکردنو خواستی گرتن تیرۆرە.

پێشەکیی دووەم: نەیانهێشت سەیران بکەمو ویستیان بمگرن.

دەرئەنجام: کەواتە بوومە قوربانیی تیرۆر.

سەرەڕای وردە هەڵە، هەڵەی سەرەکی لە پێشەکیی دووەمدایە (کە کردمە یەکەم)و مرۆڤی سادە بەچاو دەزانێت هەڵەیە، مەنتقیش بدوێنین پێمان دەڵێت هەڵەکە بەهۆی (ماصدق)، یاخود (مصداق)ـەوەیە، ئەویش ئەو شتانەیە کە مەفهوومێکی دیاریکراو دەیانگرێتەوە، بۆ نموونە (ماصدق)ـەکانی (ئاژەڵ) بریتین لە شێرو رێویو مریشکو ئەسپ... تا کۆتایی ئاژەڵەکانو تا دەگاتە مرۆڤ. لەپێشەکییەکەی سەرەوەشدا (ماصدق)ـەکانی تیرۆر، واتە ئەو شتانەی تیرۆر دەیانگرێتەوە، چەند شتێکن کە هیچیان (نەهێشتنی سەیرانو ویستنی گرتنی کەسێک)یان تێدا نییە.

کێشەیەکی گەورەی تیرۆریش بریتییە لە پێناسە چونکە هەردوو هێزە زلەکانو هێزە گزگلەکان چەند شتێکیان هەڵبژاردووە بۆ وەسفی تیرۆر گرنگتریان: ((ئەگەر شەڕ لەدژم بکەی))، لەمەشەوە بەکارهێنانی هەڕەمەکیی وەسفی تیرۆر ئەنجامی تراجیدیی لێکەوتۆتەوە، بەڵام وەسفی فاروق بۆ تیرۆر کۆمیدیایەکە بۆ خۆی.

قسەیەکی تری نووسینەکەی (هاوڵاتی)ی فاروق ئەمەیە: بزوتنەوە ئیسلامییەکانی کوردستان کە بەشدارن لە دەسەڵاتی کوردیدا دەستبەرداری لیستی ((ئەمە بکە))و ((ئەمە مەکە)) نەبوون واتە لیستی دیاریکردنی حەڵاڵو حەرام.

هەرکەس ئەوە دەخوێنێتەوە تێدەگات فاروق باوەڕی وایە عەلمانییەکان لیستی حەرامو حەڵاڵیان نییە، ئەوەش نەک تەنها واقع وا نییە لەبەرئەوەی عەلمانییەکانیش ئەو لیستەیان هەیە بەڵام ناوی تری لێدەنێن: رێگەپێدراوو قەدەغەکراو، بەڵکو ئەو ئەنجامەی فاروق نەیویستووە بیڵێت بەرگەی مەنتق ناگرێت. ئەوە بوو فاروقو عەرزەکەی، ئەمەشە مەنتقو گەزەکەی:

پێشەکیی یەکەم: ئیسلامییەکان لیستی حەڵاڵو حەرامیان هەیە.

پێشەکی دووەم: عەلمانییەکان ئیسلامی نین (ڕاستتر: کەس نییە لە عەلمانییەکان ئیسلامی بێت)

دەرئەنجام: کەواتە عەلمانییەکان لیستی حەڵاڵو حەرامیان نییە

بەپێی بنەماکانی مەنتق دەرئەنجامەکە دروست نییە لەبەر ئەوەی لەپێشەکییەکاندا ئەو شتانە کۆبوونەتەوە: لیستی حەڵاڵو حەرام کە پێی دەوترێت جوزئیەتێکی گەورە (جزئیە کبری) لەگەڵ ((کەس لە عەلمانییەکان نییە)) کە پێی دەوترێت سالبێکی بچووک (سالبە صغری)، ئەم دوانەش دەرئەنجاممان نادەنێ (کەوانەیەکی بچووک: بچووک (=صغری) ئەوەیە کە لە دەرئەنجامەکەدا بابەت (=موضوع)ـە، گەورەش (=کبری) ئەوەیە کە لە ئەنجامەکەدا بارکراو (=محمول)ـە).

هەڵەکەش بەشێوەیەکی تر ئەوەیە کە بەس نییە مرۆڤ بڵێت عەلمانییەکان ئیسلامی نین تا هەموو شتێکی ئیسلامییەکان لای عەلمانییەکان پێچەوانە بێتەوە، بۆیە ڕەنگە ئیسلامییەکانو عەلمانییەکان لە هەبوونی لیستی حەڵاڵو حەرام هاوبەش بن. نموونەیەکی ڕوونتریش ئەمەی خوارەوەیە:

یەکەم: هەموو مشکەکان دوو گوێچکەیان هەیە.

دووەم: هیچی شێرەکان مشک نییە.

ئەنجام: هیچی شێرەکان دوو گوێچکەی نییە.

ئینجا نۆرەی کەمێکی موغاڵەتەکانی بابەتەکەی (ئاوێنە)یە.

فاروق زۆر لەسەر لێدوانەکانی وەزیری ژینگە بۆ (کوردستان راپۆرت) دەڕوات: ((فاروق دەیەوێت ڕووی خۆی لای عەلمانییەکان پاکبکاتەوە بەمەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە))، لەکۆی دوانزە ستوون بە وێنەکەی خۆیەوە پێنج ستوونو نیو، بێ وێنەی ئەو، واتە نزیکی نیوەی بابەتەکە، لەسەر ئەو لێدوانەیە.

فاروق سێ (گریمانەی پەنهان) لەو قسەیە ریز دەکات (دواتر باسیان دەکەم)و دوایی لەو پێشەکییەی سەرەوە ئەنجامێک هەڵدەهێنجێت:

(کەواتە ئەو شتەی فاروق دەیڵێت شوێنی گومانەو خودی فاروق شوێنی گومانەو نابێت گوێی لێ بگیرێت).

لێرەدا بۆ ئەوەی مەسەلەکە نەبێتە بەرگری لە وەزیری ژینگە (کەوانەیەکی گەورە: کە نەدەبوو ئەو قسەیەی بکردایە، نەک لەبەر ئەوەی ڕاست نییە چونکە بۆی هەیە ڕاست بێتو بۆی هەیە ئەساسی نەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی شتی گرنگتر هەن بوترێن) ناوی گریمانەیی کچانەی (زارا) بەکاردەهێنم.

کاک فاروق نەیتوانیوە ئەو پێشەکییەو ئەو ئەنجامە بەکۆمەڵە بخاتە چوارچێوەیەکی مەنتقی. بۆ ئەوەش کە ئەنجامەکەی دروست بێت پێشەکییەکی تر پێویستە: (هەر کەسێکیش مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە بێت قسەکانی جێگەی گومانو خودی خۆی جێگەی گومانەو نابێت گوێی لێبگیرێت). ئینجا لەوێوە دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامە: (کەواتە ئەو شتەی فاروق دەیڵێت شوێنی گومانەو خودی فاروق شوێنی گومانەو نابێت گوێی لێ بگیرێت). ئاشکراشە کە پێشەکیی دووەم دروست نییە لەبەر ئەوەی بەزمانی مەنتق هیچ هۆ (علە)یەک نییە کە (مەبەستی فاروق دابینکردنی بودجەیە) ببەستێتەوە بە (فاروق جێگەی گومانە)، ئەمە لەڕووی هەڵهێنجاندن (استنباط)ـەوە، بەپێی ئیستقرائیش (ئیستقرائ بریتییە لە کۆڵینەوە لە "شتی" جوزئی بۆ گەیشتن بە حوکمێکی گشتی) ئەگەر لەو کەسانە بکۆڵینەوە کە دابینکردنی بودجە مەبەستیانە ناگەینە ئەو حوکمە گشتییەی کە هەموویان جێگەی گومانو پێویستە گوێیان لێنەگیرێت.

وەک وتم فاروق نەیتوانیوە ئەو پێشەکییەو ئەو ئەنجامە بخاتە چوارچێوەیەکی مەنتقییەوە بەڵکو بەهەڕەمەکی ریزی کردوونو پاش چەند رستەیەکی تەمومژاوی هەر بە هەڕەمەکی بڕیار دەدات کە ئارگیومنتەکە هەرەسی هێناوە، گوێ بگرن:

((وەک دەبینین ئەو بەناو ئەرگۆمێنتە لە یەک پێشەکیو بەرەنجامێک پێک هاتووە وەک دیمان ئەو پێشەکییەش (تەسریحەکەی جەنابی وەزیر) دوو هەڵەی لۆژیکییە (تیرۆرکردنی کاراکتەرو ژەهراویکردنی سەرچاوە) هەڵەی لۆژیکیش لە هەڵسەنگاندنی ئەرگۆمێنتدا قبووڵ ناکرێتو لێرەشەوە ئەرگۆمێنتەکە هەرەس دەهێنێت)).

(هەڵەی لۆژیکی) چییە؟ فاروق دەڵێت زارا دوو هەڵەی لۆژیکیی کردووە: تیرۆرکردنی کارەکتەرو ژەهراویکردنی سەرچاوە، ئاواش روونیان دەکاتەوە (ئاوێنە/١):

هەڵەی لۆژیکیی یەکەم: زارا یان هەر کەسێکی تر لەجیاتی مامەڵە لەگەڵ ئەرگۆمێنتەکانی کەسێک هێرش دەباتە سەر خودی ئەو کەسە بە مەبەستی تیرۆرکردنی کارەکتەرەکەی (کە بەپێی فاروق تێکستە لۆژیکییەکان بەمە دەڵێن تیرۆرکردنی کارەکتەر).

هەڵەی لۆژیکیی دووەم: لەجیاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو شتانەی ئەو کەسە دەیانڵێت، لەجیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرگۆمێنتەکان سەرچاوەکەیان ژەهراوی دەکات بەنیازی پووچەڵکردنەوەی ئەو شتانەی کە لەو سەرچاوەیەوە (خودی کەسی خاوەن ئەرگۆمێنتەکە) سەرچاوەیان گرتووە (هەر بەپێی فاروق تێکستە لۆژیکییەکان بەمە دەڵێن ژەهراویکردنی سەرچاوە).

چ جیاوازییەک لەنێوان ئەو دوو ((هەڵە لۆژیکییە))دا هەیە؟ هەردووکیان یەک شتن بەڵام فاروق بۆ ئەوەی بەزۆر وشەی (تیرۆر) بخنێتە ناو باسەکە کردوونی بە دوان تا یەکێکیان ببێتە (تیرۆرکردنی کارەکتەر)و تا تەرکیز لەسەر ئەوە بکات کە ئیسلامییەکان دەیانەوێت کارەکتەرەکەی تیرۆر بکەن.

سەرباری ئەوەش وشەی (هەڵە) لێرەدا بێمانایە چونکە ئەو کارەی فاروق مەبەستێتی شتێکە لەدەرەوەی ناوەرۆکی موحاجەجەی مەنتقیدا هەیەو ئەگەر ناوی (هەڵە)ی لێ بنێین نرخێکی زانستیی دەدەینێ.

لەدەرەوەی مەنتیقیش دەزانین لەسەدا سەد راست نییە نەخۆیو نەخانەی حیکمەت یەک دیناریان لە هیچ لایەنێکو هیچ حکومەتێک وەرنەگرتووەو خۆبەخشانە کار دەکەن.

خۆم لە وەزارەتی رۆشنبیریی ئیدارەی سلێمانی ئەو نووسراوەم بینی کە رەزامەندی لەسەر بەخشینی هەزار دۆلار مانگانە بۆ کرێی خانووی خانەی حیکمەتی تێدایە، رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوە، هەروەها رەزامەندی بۆ کڕینی کەلوپەل، هەبووە بەڵام لەبەر ئەوەی خانوویەکیان پێ پێشەکی دەست نەکەوتبوو نەیانتوانی دوو بڕە پارەکە وەربگرن.

هەروەها راست نییە خۆبەخشانە کار دەکەن چونکە ئەوانەی کۆرسی فەلسەفەو مەنتق لە خانەی حیکمەت دەخوێنن پەنجا دۆلار بۆ هەر کۆرسێک دەدەن، بۆ ئەمەشو بۆ داواکردنی بودجەش مافی تەواوی دەدەمێو لەجیاتی ئەو بڕ رەنگە لەوەش زیاتر داوا بکەم.

بگەڕێمەوە سەر گریمانە پەنهانەکان کە جێمهێشتبوون:

بینیمان فاروق لێدوانەکەی (زارا)ی هێنابوو و کردبوویە پێشەکیی یەکەم: (فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بەمەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە). ئینجا سێ (گریمانەی پەنهان) لەو پێشەکییەدا دەدۆزێتەوە، خۆی وتەنی بەپێی ((ستانداردی لۆژیکی)):

یەکەم: گریمانەی یەکەمی تەعبیر لێنەکراو: (فاروق هیچی نییە بیڵێت تەنیا مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجەیە).

ئەوە لەڕووی مەنتقو لەڕووی واقعەوە رێی تێدەچێت، بۆیە وازی لێدەهێنمو گریمانەی دووەم وەردەگرم:

(فاروق ئیسلامییەو ئێستا دەیەوێت لای عەلمانییەکان رووی خۆی پاک بکاتەوە).

جارێ ئەوە گریمانە نییە بەڵکو دەرئەنجامە، بۆ ئەوەشی بەڕاستی ئەو ئەنجامە لە لێدوانەکەی زارادا

بخوێنینەوە پێویستمان بە پێشەکییەکی ترە: (ئیسلامییەکان رووی خۆیان لای عەلمانییەکان پاک دەکەنەوە)، سەرلەنوێش ڕێکی دەخەینەوە:

یەکەم: (فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە).

دووەم: (ئیسلامییەکان رووی خۆیان لای عەلمانییەکان پاک دەکەنەوە).

دەرئەنجام: (فاروق ئیسلامییە).

سەرباری هەموو سەقەتییەکان دەرئەنجامەکە هەڵەیە چونکە مەرج نییە مرۆڤ ئیسلامی بێت کاتێک دەیەوێت رووی خۆی پاکبکاتەوە، رەنگە مەسەلەکە تەنها هاوکاری یان هاوسۆزی بۆ ئیسلامییەکان بێت، رەنگە گومانی ئەوانی تر بێت کە ئەو مرۆڤە ئیسلامییە، سەرچاوەی هەڵەکەش ئەوەیە کۆمەڵگە بەتەنیا ئیسلامیی و عەلمانیی تێدا نییە، بۆیە (ڕووپاککردن لای عەلمانییەکان) بەتەنیا ئیسلامییەکان ناگرێتەوە. لە مەنتقیشدا بە عەرەبی بەم جۆرە موغاڵەتەیەی فاروق دەوترێت (الحد الاوسط غير المستغرق).

فاروق زۆر لەسەر ئەو دەرئەنجامە نامەنتقییە رۆشتووە: (فاروق ئیسلامییە)، زۆریش لەبارەی ئەوە دواوە کە ئەو هیچ رۆژێک ئیسلامی نەبووە، پێویستیشی نەدەکرد ئەو هەمووە بنووسێت چونکە هەموو پشتگیریی دەکەین.

دەمێنێتەوە گریمانەی سێیەم کە گوایە ئەویش لە لێدوانەکەی زارادا شاردراوەتەوە: (ئیسلامییەکان روویان پیسەو فاروق نایەوێت ئیدی پیس بێت).

ئەمەش ئەنجامە نەک گریمانە، ئەنجامەکەش هەڵەیە چونکە لە قەزییە ئەسڵییەکەدا: فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاکبکاتەوە بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە (ڕووی پیس) یان (ڕووی پاک)مان نییە بەڵکو (خواستی رووپاککردن)مان هەیە، دەتوانین پشت بە مەنتق نەبەستین تا بزانین کە (ئیسلامییەکان روویان پیسە) قسەیەکە لە مەنزووری عەلمانییەکانە یان لە مەنزووری فاروق خۆیەتی نەک زارا بە زاری خۆی بڵێت ئێمەی ئیسلامی پیسین. بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی فاروقیش، کە گوایە ئەوە گریمانەی پەنهانە، بخەینە چوارچێوەی مەنتقی چەند شێوەیەکمان پێویستە کە هێندە ئاڵۆزن نازانم چەند راستن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین لە قەزییەکەی زارا: (فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە) بگەینە ئەنجامێک کە ئایا کێ رووی پیسە دەتوانین ئەوە بڵێین:

یەکەم: فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاکبکاتەوە.

دووەم: ئەوەی بیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان سپی بکات رووی پیسە.

ئەنجام: فاروق رووی پیسە.

تەنانەت ئەم ئەنجامەش کە بەرواڵەت بەپێی ((ستاندارد ی مەنتیقی)) دامەزراوە ئیشکالیەتی لە پێشەکیی دووەمدا هەیە چ جای ئەوەی لەوە ئاڵۆزتر بێت.

وەک وتم فاروق زۆر لەسەر گریمانەی یەکەم: رۆشتووە، دوای ئەوەش لەسەر گریمانەی دووەم زۆرتر رۆشتووەو سێ ستوونی نووسیوەو لەوێدا هێرشی گواستۆتە سەر یەکگرتووی ئیسلامی، کە ئەو سێ ستوونە زلەشی تەواو کردووە گریمانەی سێیەم (ئیسلامییەکان روویان پیسە)ی بە تەنها یەک رستەی وتووە: بۆ خوێنەرانی هەڵدەگرم شییبکەنەوە!!

فاروق یەکسەر دوای ئەوە دەگەڕێتەوە سەر قسەکەی وەزیرو لەڕوویەکی ئیمانییەوە باسی دەکاتەوە ئەویش کە قسەکە تۆمەتو بوهتانە، بوهتانیش حەرامە، دوای دەیان دێڕیش لەو جۆرە باسە ئیمانییانە دێتە سەر بابەتی خۆم کە وەڵامی نووسینی ئەوی (هاوڵاتی)یەو تەنها بەوە دەیبڕێنێتەوە کە: ((ڕام وایە کە شایانی وەڵامدانەوە

نییه. گەر قسەی لەسەر بکەم دەبێت وەک تەسریحەکەی جەنابی وەزیری ژینگە ئیعرابی بکەمو پەنجە بخەمە سەر گشت هێرشو تۆمەتو هەڵە لۆژیکییەکانی کە بەپێویستی نازانم هێندە بەهای بۆ دابنێم)).

بەم جۆرە لێدوانی رۆژنامەوانیی: ((فاروق دەیەوێت رووی خۆی لای عەلمانییەکان پاک بکاتەوە بە مەبەستی دابینکردنی نەسریەو بودجە)) شایەنی نووسینی دوورودرێژە بەڵام رەخنەی جیدی بەهای نییەو، تەجروبەشم هەیە لەگەڵ ئەوانەی رەخنەم لێگرتوونو لەجیاتی وەڵام خۆیان بەدامێنی دایکی هەژارانەوە هەڵواسیبوو: ((بابەتەکە شایەنی وەڵامدانەوە نییە))، پێشم خۆشە کاک فاروق ئەم رەخنەیەی ئێستام هەر بە بێبایەخ تەماشا بکات چونکە ئەگەر بڕیار بدات شایەنی وەڵامدانەوەیە ناچارم دەکات قسە نوێکانی شیبکەمەوە، بەڵکو لەوانەشە ناچار بم نووسینە کۆنەکانی بخوێنمەوە (کە بەداخەوە تا ئەم ساتە جگەلە چەند لاپەڕەیەکی کتێبی ماڵێکی لێکترازاو هیچیانم نەخوێندۆتەوە) بۆ ئەوەی موغاڵەتەی زیاتر بخەمە روو، بەم شێوەیەش پێویست دەبێت بەشێک لە کاتی خۆمیان لەگەڵدا بەرمە سەر.

شێواندنێکی تری مەنتق لەسەر دەستی مامۆستای مەنتق: گوایە رۆشنبیرانی کۆمەڵی ئیسلامی گرنگی بە ئەدەبیاتی سیاسیی حزبی ئیسلامیی عیراق دەدەن (ئاوێنە/١). مەبەستی فاروقیش دیارە: ژمارەیەک رەخنەی کوردی لە حزبی ئیسلامیی عیراق هەیە بۆیە چاکترە ناوی بخرێتە ناو باسەکە.

ئەو گرنگیپێدانە چییە؟ ئەوەی هەبێتو ئاگام لێیە دیمانەیەکە لەگەڵ تاریق ئەلهاشمی سەرۆکی ئەو حزبە لە هەفتەنامەی کۆمەڵدا کراوە. مەنتقمان ناوێت تا بزانین کە راست نییە دیمانەیەک بکرێتە بەڵگە لەسەر گرنگیپێدان، بشگەڕێینەوە ناو بازنەی مەنتق قسەکە دەبێتە ئیستقرائی ناتەواو(الاستقراء الناقص) ئەوەش ئەگەر بە ئیستقرائ بزانرێت. پێشتر وتم ئیستقرائ بریتییە لە کۆڵینەوە لە "شتە" جوزئییەکان بۆ گەیشتن بە حوکمێکی گشتی، بەڵام کاتێک ئەو ئیستقرائە تەنها کەمێکی ئەو شتانە بگرێتەوە ئەو کاتە ئیستقرائێکی ناتەواو دەبێت.

ئیستقرائ خۆی کەوتۆتە بەر ئیشکالێک سەبارەت بەوەی ئایا ئەنجامەکەی یەقینییە یان نا چونکە دەکرێت ئەو شـــتانەی تێبینی کراون هەموو شـــتەکان نەبنو شتی تر هەبن دژ بەو ئەنجامە، بەم جۆرەش حاڵی ئیستقرائی ناتەواو خراپترە بەڵام ئەنجامەکەی کاک فاروق زۆر لەوە وێرانترە چونکە ئەو تەنها یەک نموونەی لەبەردەستدایە کە بەشی ئیســــــتقرائ ناکات ســــەرباری ئەوەی نەبۆتە باو دیمانە لەگەڵ کەسێکدا بکرێتە نیشانەی گرنگدان بە ئەدەبیاتی حزبەکەی.

ئەوە بەشێکی رەخنەکانم بوونو مابووی بڵێم تەواو، بەڵام ناچارم لێرەدا بڵێم تەواو.

## پاشکۆ

# کتێبی ستەمکاری[٤] و
# چەند ڕەخنەو سەرنجێك

بێگومان کتێبێکی ٢٦٠ لاپەڕەیی لە چەند لاپەڕەیەکی کەمدا قسەی لەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوە تەنها لەسەر پێشەکیی کتێبەکە دەدوێم، بەشەکانی تریش جگەلە بەشی کۆتایی، بەزۆری خوێندنەوەی کتێبن: کتێبێکی زینۆفۆن، کتێبێکی تۆکڤیل.. تاد کە دەکرێت لەسەر ئەو خوێندنەوانەش هەروەها قسە بکرێت.

## وشەی (ستەمکاری)

یەکەم سەرنج لەبارەی ناوونیشانەکەوەیە. وشەی ستەمکارو ستەمکاری کە فاروق بەکاریهێناون تەنها لەگەڵ بەشێکی ئەو بابەتەی ئەودا دەگونجێن. وشەی ستەمکاری واتای زوڵمکردنی هەیە بێئەوەی بتوانین واتایەکی سیاسیی لێوەربگرین، یان وردتر بێئەوەی نیشانەیەك بێت بۆ نیزامێکی دیاریکراوی فەرمانڕەوایی یان چەند جۆرە نیزامێك. وشەی ستەمکاری بەمجۆرە زاراوەیەکی زانستی نییە، منیش تەنها لە سیاقی نەقڵکردنی قسەکانی فاروقدا وشەکەم نووسیوەتەوە دەنا جار هەبووە وشەی (تایرەنت)و (تایرەنی)و جار هەبووە وشەی ئیستبداد (دیسپۆتیزم)م بەکارهێناوەو تا ئەم ساتە وشەی کوردیی بەرامبەری ئەوانەم لا نییە.

ئەو هەڵەیەی بەکارهێنان لەهەموو کتێبەکەدا دیارە، سەرباری ئەوەش لەژێر ناوونیشانی (زاراوەی ستەمکاری)و سەبارەت بە وشەی کۆن یۆنانی Tyrannos دەنووسێت: ئەم وشەیە ئاماژەکردن بوو بۆ کەسێ کە ئەمڕۆ ئێمە وشەی ستەمکار یا "دیکتاتۆر"ی بۆ بەکاردەهێنین(ل٨٥).

ئەو وشە کۆنە کە فاروق پێی دەڵێت ستەمکارو ستەمکاری مەرج نییە بۆ کەسێکی ستەمکار بەکارهاتبێت، تایرەنی (کە فاروق پێی دەڵێت ستەمکاری) زیاتر پەیوەست بووە بە حوکمی تاکڕەوانەو پەیڕەوی نەکردنی یاساکان، ئەگەرچیش ستەمکاری کرابێت.

سەرهەڵدانی تایرەنەیش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان هەژاران‌و دەوڵەمەندان، یان لەوە وردتر نێوان ئەرستوکراتەکان‌و باقی جەماوەرە ئازادەکە، یان بەشێوەیەکی تر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی تایرەنتەکان ڕەخساندبوو، کە هەندێکیان، وەکو پیسیستراتوس Pisistratus ، تایرەنتی ئەثینا، کە بە ستەمکاری نەناسرابوون، بەڵکو تەنانەت کەسێکی وەکو پیسیستراتوس هێندەی پابەندی یاساکان بوو هێندە پێشێلی نەدەکردن.

خۆ ئەگەر شارەزاییمان لە مێژووی کۆنی یۆنان نەبێتو بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ یەکێك لەو سەرچاوانەی فاروق

[٤] فاروق ڕەفیق، ستەمکاری، مەملەکەتی ترس‌و لەمرۆڤخستنی مرۆڤو ترۆرکردنی عەقڵ، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٣.

ناوی نووسیون دەبینین نووسەرەکەی جیایکردۆتەوە لەنێوان ستەمکاریو تایرەنی، یاخود لەنێوان تایرەنیو وەسفی حوکمەکە کە ئایا باشە یان خراپ.

(ئەندروز) لە کتێبەکەیدا (تایرەنتەکانی یۆنان) کە فاروق وەکو سەرچاوەیەك ناوی هێناوە ئەو فیکرە زانراوەی لەبارەی تایرەنتەکانەوە وتووە: تایرەنت بەتەقریبی ئەو کەسە بوو کە ئێستا پێی دەڵێین دیکتاتۆرو دەسەڵاتی تەنیای دەستکەوتبوو، بێ هیچ حسابێکیش بۆ هیچ دەستوورێکی پێشوو ئەو دەسەڵاتەی لەدەستی خۆیدا هێشتبووەوە. لەدواییشدا دەڵێت کە تایرەنت بەو واتا کۆنەی مەرج نییە فەرمانڕەوایەکی بەدکار بووبێت، بەڵکو ئەو تەنها کەسێکی ئۆتۆکراتە(تاکڕەوە) — بەزۆری کەسێکە دەسەڵاتی زەوتکردووە —و دەسەڵاتێکی تەنفیزیی بەهێز دابین دەکات. ئەو تەنانەت ئەم واتایە دەباتە سەردەمی نوێترو دەڵێت کرۆمویڵو ناپلیۆنو موسۆلینی تایرەنت بوون، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی حوکمەکەیان باش بوو یان خراپ، بەڵکو بەهۆی شێوەی پیادەکردنی دەسەڵات.. تاد.[5]

لەمەوە دەتوانین تەئکید لەسەر ئەوەی بکەینەوە کە وشەی ستەمکار بۆ تایرەنت هەڵەیەو وشەی ستەمکاری بەتەنیاو بێ وەسفی تر واتای تاکڕەوی نادات بەدەستەوەو ستەمکاری لەجیاتی ئەوە فیکرەی زوڵمکردن دەگرێتەوە. جۆرێکی ستەمکاریش هەیە تاکە کەسێك نایکات بەڵکو تاقمێك کە حوکمی کەمایەتی پیادە دەکەن، یان تەنانەت خەڵکێکی زۆر ئەویش کە پێی دەوترێت ئیستبدادی زۆرینەو دیموکراسی (دیموکراسیی پوخت)[6] بەوەوە ناسراوە.

## شارەزایی لە مێژووی یۆنانی کۆن

لەڕاستیدا نەك تەنها تێگەیشتن لە دەقە کۆنەکان، بەڵکو هەروەها ناسینی ڕوحی ئەو سەردەمانەو تێگەیشتن لە ڕوحی نوێی ڕۆژئاواو ناسینی باشتری نیزامەکانی ئەو ڕۆژئاوایە، وەك دیموکراسی کە ئێستا زاڵ بووە یان نیزامە دیکتاتۆرییەکان کە ماوەیەك باویان هەبووە... هەموو ئەمانە پێویستیان بە شارەزاییە لە مێژووی یۆنانو ڕۆمای کۆن.

فاروق لە یەکەم لاپەڕەی بەندی یەکەمی کتێبەکەیدا کە لەبارەی کتێبەکەی زینۆفۆنەوەیە دەڵێت: ((شارەزابوون لە یۆنانی کۆنو بەتایبەت لەڕووی سیاسیو مێژووییەوە مەرجی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لەو ڕەوتە (سیاقە)ی کە ئەو تێکستەی تێیدا لەدایك بووە — ل٢٩)). دوای ئەوەش دەڵێت کە بەپێویستی نازانێت ئەو ڕەوتە مێژووییە باس بکات (٢٩).

---

[5] ئەوەم لە لاپەڕە ٧ی فەسڵی یەکەمی کتێبەکەی ئەندروز وەرگرتووە کە وەکو کتێب دەستم نەکەوتووە:
**A. Andrewes; The Greek Tyrants, Hutchinson's University Library, 1956.**
بەڵکو ئەو لاپەڕەیەو چەند لاپەڕەیەکی ترم لەو سایتەی خوارەوە وەرگرتووە:
**http://www.questia.com**

[6] بۆیە دەڵێم (دیموکراسیی پوخت) تا جیای بکەمەوە لە شێوە باوەکەی دیموکراسی ، کە ئێستا لەجیهاندا بڵاوە، کە بە حوکمی کەمایەتیی دەزانم.

بگەڕێینەوە بۆ پێشەکیی کتێبەکەی فاروق تا بزانین تا چەند شارەزای مێژووی یۆنانی کۆنە.

خاڵێکی سەرەکی لە مێژووی یۆنانیدا کە قسەی لەسەر بکەم دوو شاری (ئەثینا)و (سپارتا)یە.

فاروق دەڵێت: ((سپارتا وەکو شارێکی گرنگی یۆنانی کە ڕەقیبی ئەسینا بوو، شارێك بوو خاوەن سیستەمێکی سیاسیو سەربازیو کۆمەڵایەتی تایبەت-ل١٤)). فاروق وەکو سەرچاوە ئاماژە بۆ کتێبی مێژوونووسی یۆنانی ثوکودیدێس[7] دەکات.

بەدەر لە وشەی (ڕەقیب) کە نازانم مەبەستی لێی چییە چونکە سپارتا ڕەقیبی ئەثینا نەبووە (ڕەنگە ویستبێتی بڵێت: ڕقەبەری ئەثینایە) ئەو ئاماژەیە بۆ قسەکەی ثوکودیدێس سەیرە چونکە ئەثیناش هەروەها خاوەنی سیستەمێکی سیاسیو سەربازیو کۆمەڵایەتیی تایبەتی خۆی بووە. بەرلەوەی زیاتریش لەسەر ئەو دوو شارە بڕۆم پێویستە بڵێم کە فاروق ئەو کتێبەی نەخوێندۆتەوە، یان ڕاستتر بڵێم لە سیاقی باسەکانی کتێبێکی تردا بینیویەتیو لێرەدا وەکو سەرچاوەیەك نووسیویەتی تا وامان تێبگەیەنێت کە خوێندوویەتییەوە. فاروق (ل٨٧) دەڵێت کە ((سیوسیدیس ئاماژدەیەك بۆ ستەمکاران دەکاو دەڵێ کە لە پێش ئەو ستەمکارانەوە شاو تەختی پادشایەتی میراتی بوون کە ئیمتیازو دەستەڵاتیان دیاریکراو بوو. ستەمکاران، کەواتە، ئەوانەن کە دەستەڵاتیان بە میرات بۆ نەماوەتەوە بەڵکو دەستیان بەسەر دەستەڵاتدا گرتووەو هیچ سنوورێکیش بۆ ئیمتیازو دەستەڵاتیان بوونی نیە)).

فاروق لەکۆتایی ئەو قسەیەدا پەراوێزی ژمارە (١)ی داناوە، پەراوێزکەش لە لاپەڕە ٢٤٥ ی کتێبەکەیدایەو بەم جۆرەیە:((بڕوانە مێژووی جەنگی پینیپلڕیان)).

بەپێی شوێنی ژمارەی ئەو پەراوێزە پێویستە هەموو قسەکە هی ثوکودیدێس بێت بەڵام وا نییە چونکە هەرچەندە ناوبراو بەم جۆرە باسی نیزامی کۆنو نیزامی (تایرەنت) دەکات (ئەویش لە سیاقی باسی هێزی دەریایی نەك

[7] **ثوکودیدێس** Thucydides (دەوروبەری ٤٥٥ تا دەوروبەری ٤٠٠ پێش زاین) خەڵکی شاری **ئەثینا** بوو، کتێبێکی گرنگی نووسیبوو (مێژووی جەنگی پێلۆپۆنیز). بڕوانە کورتەیەکی ژیانەکەی لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا :
**ثیوسیدیدیس، تاریخ الحرب البیلوبونیزیة، ترجمة دینا الملاح و عمرو الملاح، المجمع الثقافي، ابو ظبـي**، ٢٠٠٣، ل١٣ بەدواوە. کە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی (ریکس وۆرنەر-چاپی ١٩٥٤)ـەوە کراوەتە عەرەبی. دەتوانی کتێبەکە بە ئینگلیزی لە سایتی کتێبی ئەلکترۆنیی (گوتنبێرگ)یشدا بخوێنیتەوە، کە ئەویان وەرگێڕانی (ریچارد کرۆڵی)یەو وەرگێڕانێکی کۆنترە:
**http://www.gutenberg.org/etext/7142**
شایەنی وتنە کە ناوەکە بەتەقریبی بەو شێوەیەیە کە نووسیومە، واتە **ثوکودیدێس** لەکاتێکدا ئینگلیز بەپێی زمانی خۆیان دەیکەنە (**ثیوسیدیدس**). فاروق بۆ مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیز جارێك دەنووسێت (مێژووی جەنگی پیلوپینژیان-ل٨٧)و جارێکی تر (پینیپلڕیان-ل ٢٥٣ پەراوێزەکانی پێشەکی+ ل ٢٥٤ پەراوێزەکانی بەندی دووەم). ئەگەر چاویش لە جیاوازیی نووسینەکە بپۆشینو بە هەڵەی چاپی بزانین سیغەی ناوەکە سەرەنجمان ڕادەکێشێت کە (یان)ی نیسبەتی ئینگلیزیی پێوەیە، دەشبوایە بە کوردی بیوتایە مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیز نەك ئینگلیزیانە ناوەکەی بوتایە، ئەمەش وەکو ئەوەیە بۆ Indonesian history بوترێت (مێژووی ئیندونیژیان) لەجیاتی (مێژووی ئیندەنووسیا)، یان بۆ Kurdish History بوترێت (مێژووی کوردیش) لەجیاتی (مێژووی کوردی). ئەو سیغەیەی فاروق نووسیویەتی نیشانەیە کە نازانێت باس لە (پێلۆپۆنیز)ـەو ئەو پیلوپۆنیزە چییە. ئەمەش یەکێکە لە بەڵگەکانمان کە فاروق ئەو کتێبەی **ثوکودیدێسی** نەخوێندۆتەوە، لەسەرەوەشدا بەڵگەی تر هەن. پێلۆپۆنیز Peloponnese یاخود پێلوپۆنێسوس Peloponnesus نیمچەدورگەیە لە باشوورو باشووری ڕۆژئاوای یۆنانو ئەوسا چەند وڵاتێکی تێدابوو کە یەکێکیان وڵاتی لاکۆنیا Laconia بوو کە لەوپەڕی باشووریدا بوو. (شار-دەوڵەت)ی سپارتا لەکۆنەوە ئەو وڵاتەی گرتبوو و ببوو بە هی خۆی.

بەتایبەت باسی (تایرەنتەکان) بکات)، بەڵام ئەو دەڵێت کە نیزامی کۆنی فەرمانڕەوایی بریتی بوو لە پادشایەتییەکی میراتگری، ئەویش بەپێی ژمارەیەك مافو ئەرکی دیارکراو، بەڵام کاتێك وڵاتی هێلاس (ناوی ئەوسای وڵاتی یۆنان/ف.ق) بەهێزتر بوو و پارە بۆ دەوڵەتەکان گرنگتر بوو، ئیستبداد تەقریبەن بەناو هەموو شارەکاندا بڵابووەوە.. [8]. بەم شێوەیە ثوکودیدێس نەیوتووە ((ستەمکاران، کەواتە، ئەوانەن کە دەستەڵاتیان بە میرات بۆ نەماوەتەوە بەڵکو دەستیان بەسەر دەستەڵاتدا گرتووەو هیچ سنوورێکیش بۆ ئیمتیازو دەستەڵاتیان بوونی نیە)) وەك فاروق نووسیویەتی، واشی بۆ دەچم ئەوەی لە کتێبێکی تری ئینگلیزی بینیوەو ئاماژەکەی ئەو کتێبەی بۆ ثوکودیدێس وەرگرتووە بەڵام ناوی کتێبەکەی ثوکودیدێسی نووسیوە.

ئەم کارەش زۆربەی نووسەرەکانمان دەیکەن و بەلایانەوە شتێکی ئاساییە بەڵکو بە زەروورەتی دەزانن بۆ ئەوەی بابەتەکانیان یان کتێبەکانیان پڕ بکەن بە ناوی سەرچاوە بەتایبەتی سەرچاوە بە زمانە ئەورووپییەکان.[9]

دەرفەتیشە لێرەدا ئاماژە بۆ کتێبێکی تر بکەم کە فاروق نەیخوێندۆتەوە کەچی ناوی دەنووسێت ئەویش کتێبەکەی مەکیاڤیللی وتارەکان Discourses. فاروق دەڵێت: مەکیاڤیللی لەناو نووسەرو بیریارە کلاسیکییەکاندا زۆرتر ئاماژە بۆ زینۆفۆن دەداتو بەتایبەت دایەلۆگی (هیرۆ) ئەمەش زیاتر لە کتێبیەکەیدا: گوتارەکان (ل٧٩).

ئا لێرەدا فاروق پەراوێزی ژمارەی (٦) دادەنێت کە بەم جۆرەیە:

بڕوانە گووتارەکان، میکاڤیلی (لێرەدا وا نووسراوە/ف.ق). Machiavelli, The Discourses.

ئەوەش نیشانەیە کە فاروق ئەو کتێبەی نەخوێندۆتەوە چونکە لەهەموو ئەو شوێنانەی مەکیاڤیللی ناوی زینۆفۆنی بردووە تەنها لەیەك شوێندا باسی لە شتێك کردووە پەیوەندیی بە هیرۆوە هەیە، کە ئەویش تەنها ئاماژەیەکە بۆ ئەو کتێبە. مەکیاڤیللی باسی تایرەنتەکانی کردووە کە چۆن لەکاتی ئەواندا دەوڵەت بەرەو نشێو دەچێتو چۆن بەرژەوەندیی تایرەنت لەوەدایە کە دەوڵەت پەرت پەرت بێت (کە فاروق ئاماژەی بۆ کردووە)... تاد پاشان دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لەڕێگەی چەند بەڵگەیەکی ترەوە لەم بۆچوونە دڵنیا بێت، دەبێت زینۆفۆن بخوێنێتەوە ئەویش لە نامیلکەکەیدا لەبارەی ((کوشتنی تایرەنتەکان))ـەوە.[10] پاشان تەماشای کتێبەکە بکە دەبینی مەکیاڤیللی لەهەموو ئەو شوێنانەی تر کە ناوی زینۆفۆنی بردووە نە باسی هیرۆی کردووەو نە باسی دایالۆگەکەی، بەڵکو نموونەی کۆرشی هێناوە، ئەویش لەڕێگەی کتێبەکەی زینۆفۆنەوە لەبارەی ژیانی کۆرش (لاپەڕەکانی ٤٨٢، ٦٧٨، ٦٨٦، ٦٨٨، ٧٤٣).

ئینجا بگەڕێمەوە سەر دوو شاری ئەثیناو سپارتا:

---

8 بڕوانە وەرگێڕانی عەرەبیی کتێبەکە، ل ٢٨. کتێبەکە بە ئینگلیزی وەك لە سایتی گوتنبێرگدا هەیە (کە وەك وتم وەرگێڕانێکی ئینگلیزیی کۆنترە) باسی مافو ئەرك ناکات بەڵکو باسی ئیمتیازات بە تەنیا دەکات.

9 چەند جارێك کە دۆستانە لەگەڵ فاروقدا دادەنیشتین باسی ئەو کارەم بۆ دەکرد و نموونەی کەسانێکی دیاریکراوم بۆ دەهێنایەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە ناتوانم گومان لەهەموو سەرچاوەکانی فاروق بکەم بەڵکو ڕەنگە فاروق ئەوەی لە شتی ورددا کردبێت نەك بەو فەزاحەتەی لە نووسینی کوردیی ئەمڕۆدا هەیە.

10 نیقولو مکیاڤلی، مطارحات مکیاڤلی، تعریب خیري حماد، دار الافاق الجدیدة، بیروت، الطبعة الثانیة، ١٩٧٩، ص ٤٣٥. بڕوانە نوسخەی ئینگلیزی لە سایتی گوتنبێرگ:

http://www.gutenberg.org/etext/10827

فاروق دوای ئەوەی دەنووسێت کە سپارتا خاوەن سیستەمێکی سیاسیو سەربازیو کۆمەڵایەتیی تایبەت بوو (لێرەشدا پەراوێزی ژمارە ٣ دادەنێت کە بەم جۆرەیە: بڕوانە سیۆسیدس، مێژووی جەنگی پینیپلۆنیان، لاپەڕە ١) دەڵێت: ((یەکێك لە سیفاتە سەرەکییەکانی سپارتا گەر نەڵێین ستەمکاری بەلانی کەمەوە دەبێت بڵێین زاڵ بوونی میلیتاریزم (سەربازیگەریتی) بوو، واتە زاڵ بوونی کەلکەڵەی سەربازیو سەربازیگەریو کردنی کۆمەڵگا بە یەك سەربازگەی گەورە، ڕێکخستنی شار Polis[11] بەرمەبنای بۆچوونو پرنسیپی سەربازی–ل١٤)).

ڕستەی ((گەر نەڵێین ستەمکاری بەلانی کەمەوە..)) ئەم قسەیە دەگەیەنێت: ((شارەکە ستەمکاریی تێدا پیادە دەکرا، خۆ ئەگەر نەمانەوێت نیزامەکەی بە ستەمکار وەسفی بکەین ئەو کاتە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بڵێین کە سەربازیگەری تێیدا زاڵ بوو)).

لەڕاستیشدا هەر کەسێك شارەزای مێژووی کۆن یۆنان بێت (بینیشمان فاروق ناڕاستەوخۆ پێی وتبووین کە ئەو شارەزایەتی) دەزانێت کە نەك تەنها نابێت گومان لەوە بکەین نیزامی سپارتا (تایرەنی) بووە بەڵکو لەوەش زیاتر شارەکە دوژمنی سەرسەختی (تایرەنتەکان) بووە. نیزامی سپارتا ئەرستۆکراتی بووە، ئەوەشی شارەزاییەکی لە مێژووی یۆنانی کۆن هەبێت دەزانێت کە دوو نیزامی ئەرستوکراتیو تایرەنی دوژمنی یەکتری بوون ئەویش لەبەر ئەوەی کە تایرانەکان دژ بە ئەرستوکراتەکان کاریان دەکرد، زۆر جاریش بەپاڵپشتی ((عەوامەکان)) کە ناکۆکیی نێوان ((عەوامەکان))و ((ئەشرافەکان)) هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی تاکە کەسێك، کە جار بووە ئەو کەسە سەر بە چینی ئەشرافەکان بووە، کۆدێتا بەسەر ئەو چینە بکاتو نیزامی تایرەنی دابمەزرێنێت.

سپارتا هەروەها دوژمنی نیزامە دیموکراتەکانیش بووە (بە واتای دیموکراسیی ئەو کاتە)، بۆ نموونە نیزامەکەی ئەثینا کە جگەلە چەند ماوەیەك بەو نیزامە حوکم دەکرا.

خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبی جەنگی پێلۆپۆنیز کە کاك فاروق وای نیشان داوین کە خوێندوویەتییەوە دەبینین ثوکودیدێس هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ هەڵوێستی سپارتا بەرامبەر تایرەنتەکان دەکات، ئەویش دوو یان سێ لاپەڕە پاش ئەو شوێنەی تێیدا باسی نیزامی کۆنی حوکم، کە پادشایەتی بوو، دەکاتو کە فاروق گوایە ئەو ئیقتباسەی لێوەرگرتبوو. ثوکودیدێس دەڵێت کە لەکۆتاییدا سپارتا تایرەنیی لە باقی وڵاتی یۆنان نەهێشت..[12]، بەڵکو تەنانەت دوای دوو دێڕ دەڵێت کە شارەکە هیچ کاتێك تووشی حوکمی تایرەنتەکان نەبووە، ئەوەش دەچێتە بەڵگەکانی ترکە کاك فاروق نەك تەنها کتێبەکەی ثوکودیدێس نەخوێندۆتەوە بەڵکو هەروەها بە ئەندازەی ئیدیعاکەی شارەزای

---

[11] تێبینییەکی پێویست لێرەدا هەیە: لەبەر قەبارەی ئەم کتێبەمو لەبەرئەوەی ئەم باسەم بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کردووە ئەویش موناقەشەی چەند شتێکی کەمە، ناتوانم لێرەدا ڕوونکردنەوە بۆ هەموو وشەکانو شتەکان بنووسم. بۆ نموونە وشەی polis شار نییە بەواتای ئێستای شار، تەنانەت بەواتای کۆنی شاریش، پۆلیس لە یۆنانی کۆندا یەکەیەکی سیاسیی سەربەخۆ بووە کە بریتی بووە لە شارێکی گەورە یان بچووك (یان تەنانەت گوندێك) لەگەڵ لادێی چواردەوری، چالاکییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینییەکان لەو شارەدا بووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
**J. J. Spielvogel, Western Civilization, 4th ed., 2000, p.61.**
پۆلیس دەوڵەتێك بووە بۆ خۆی، جیاوازییەکەشی لە شارە کۆنو نوێکان لەوەش زۆرترە.

[12] تاریخ حرب البلوبونیز، ل ٣٠. لە وەرگێڕانەکەی (کرۆڵی) لە سایتی گوتنبێرگدا کەمێك جیاوازیی لەگەڵ ئەمەدا هەیە، بەڵام واتای گشتی یەکە، لەوێدا لەجیاتی سپارتا لاکێدەیمۆن **Lacedaemon** نووسراوە کە ناوی سپارتایە زۆر پێش ئەو ڕووداوانە.

مێژووی یۆنانیش نییە.

هەڵەیەکی تری فاروق قسەکەیەتی سەبارەت بە سەربازیگەریی سپارتا. قسەکە بۆ خۆی ڕاستە بەڵام هەڵەکە لەوەدایە کە وا بزانین ئەثینا خاڵی بووە لە عەقڵیەتی سەربازیگەری. وڵاتی یۆنان لەڕاستیدا بە عەقڵیەتێکی سەربازیگەری حوکم دەکرا ئەویش چونکە شارەکان یاخود (شار–دەوڵەت)ـەکانی یۆنان لەجەنگێکی بەردەوامدا بوون؛ دژی یەکتر بەپلەی یەکەمو دژی غەیری یۆنانەکان بەپلەی دووەم، بێگومان لەگەڵ ماوەی ئاشتیش.

لە ئەثینای دیموکراتدا هاووڵاتییان (هاووڵاتی تەنها نێرینی ئازادی خەڵکی شارەکە بوو، لەکاتێکدا ئافرەتانو منداڵان مافی سیاسییان نەبوو، بێگانەو کۆیلەکانیش هاووڵاتی نەبوون) بناغەی حوکمی شارەکە بوون چونکە ئەوان بوون چەکیان هەڵدەگرت، بۆیە سەربازی بناغەی دیموکراسی بوو.

حاڵەتی جەنگ لە یۆنانی کۆندا حاڵەتێکی سروشتی بوو ئەویش بەهۆی موناقەسەو حەسوودی لەنێوان شارەکاندا، لە سەرەتای سەدەی پێنجەمیشەوە تا ساڵی ٣٣٨ پێش زاین ئەثینا لەکۆی ١٦٤ ساڵ زیاتر لە ١٢٠ ساڵی لە جەنگدا بردەسەر، واتە لە کۆی سێ ساڵ دوو ساڵ لە جەنگدا بوو، لەو ماوەیەشدا هیچ ماوەیەکی ئاشتیی بەخۆوە نەبینیبوو لە دە ساڵ تێپەڕیبێت.[١٣]

تێبینییەکی تر ئەوەیە فاروق دەڵێت: ئەرخۆن حاکمی یەکەمە لە ئەثینای کۆن (ل٢٥٣)، ڕاستەکەش ئەوەیە ئەثینا نۆ ئەرخۆنی هەبووە لەجیاتی یەکو لەناو ئەوانەدا ئەرخۆنێك هەبووە کە لەناویاندا کەسی یەکەم بووە.[١٤] ئەو کاتەی کە شارەکە یەك ئەرخۆنی هەبووە سەردەمێکی زۆر کۆنتر بووە.

ڕەخنەیەکی تر لە فاروق ئەوەیە ئەو دەیەوێت داهێنەر بێت بەوەی بڵێت کە تایپی ئەثیناو سپارتا بەدرێژایی مێژوو خۆیان دووبارە دەکەنەوە (ل١٥). فاروق دەڵێت کە سپارتا بەپێچەوانەی ئەثینای دیموکرات یەك دەقی فەلسەفیی بەرهەم نەهێناوە، یەك فەیلەسووفیشی بەرهەم نەهێناوە (ل١٤)، دوای ئەوەش باسی یەکێتیی سۆڤیێت دەکات کە تایپێکی سپارتایی بوو(ل١٧).

سەرەتای هەڵەکە ئەو گشتیکردنەیە کە گوایە جۆری نیزامی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەثیناو سپارتا بەدرێژایی مێژوو خۆیان دووبارە دەکەنەوە کە ئەوە بەڵگەیەکی ترە کە کاك فاروق شارەزاییەکی زۆری لە مێژووی کۆنی یۆنان نییە چونکە سپارتا نەك تەنها بەدرێژایی مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە بەڵکو نیزامە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی زۆر سەیرو دەگمەن بوو. لێرەدا دەتوانین تەنها کەمێك لە وەسفەکانی ئەو نیزامە نەقڵ بکەین:

هەر کە منداڵی سپارتایی دێتە دنیاوە فەرمانبەری بەرپرس فەحسی دەکەن تا بزانن بە کەڵکی ژیان دێت، ئەگینا بڕیاری کوشتنی دەدەن. لە تەمەنی حەوت ساڵیشدا منداڵە نێرینەکە لە دایکی دەسەنرێتو دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتو فێری سەربازیو گوێڕایەڵیی فەرمانەکان دەکرێت ئەویش تا تەمەنی بیست ساڵی ئیتر لەوەبەدواو تا تەمەنی سی ساڵی دەبێتە سەربازێکی سوپا. هەرچەندە ڕێگە بەو سەربازانە دەدرێت ژن بهێنن بەڵام تا ئەو کاتە

---

[13] اندريه ايمار و جانين اوبوايه، تاريخ الحضارات العامة، المجلد الاول، الشرق واليونان القديمة، دار عويدات، بيروت، طبعة ٢٠٠٣، ص ٣١٤.

[14] بۆ نموونە بڕوانە:

The New Encyclopædia Brtitannica, Micropædia, 15th ed., 1974, p.492.

بۆیان نییە نان لە ماڵی خۆیاندا بخۆن بەڵكو لە هۆڵی گشتی لەگەڵ هاوڕێكانیاندا نان دەخۆن، لەتەمەنی سی ساڵیشدا مافی ئەوەیان دەدرێتێ دەنگ لە ئەنجوومەنی هاووڵاتیان بدەن، هەروەها دەتوانن لە ماڵی خۆیاند بژین، بەڵام ئامادە دەبن بۆ خزمەتی سەربازی تا تەمەنی شەست ساڵی. هەر یەك لەوانە زەویی تایبەتیی خۆی هەبووە بەڵام خۆی كاری تێدا نەدەكرد بەڵكو (هێلۆت)ـەكان، كە كۆیلە بوون، ئیشیان دەكردو ساڵانە باجیان بەوهاووڵاتییە دەدا.[١٥]

هەر ئەوەندە بەسە تا بزانین كە نیزامی كۆمۆنیستی سۆڤیێت چەند لە نیزامی سپارتاوە دوور بووە، نیزامی سۆڤیێتیو هاوشێوەكانی نیزامێك بوون لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەپێندرابوو لەكاتێكدا نیزامی سپارتا هی خەڵكی سپارتا بوو؛ باوەڕیان پێ بوو و خۆیان لەپێناویدا بەكوشت دەدا، نەك تەنها نێرینەكانیش كە هاووڵاتی بوون بەڵكو تەنانەت ئافرەتانیش كە شانازییان بە ئازایەتییو گوێڕایەڵیی كوڕەكانیان یان مێردەكانیان دەكرد. یەكێتیی سۆڤیێت تەنها چارەكە سەدەیەك تەمەنی بوو (پاشكۆكانیشی لەوە كەمتر) لەكاتێكدا نیزامەكەی سپارتا سەدان ساڵی خایاند. فاروق لەوەدا كەوتبووە هەڵە كە بینیویەتی كە لە یەكێتیی سۆڤیێتدا، هەروەكو لە سپارتادا، یەك فەیلەسووف لەدایك نەبووە (ل١٦)، ئەمەش بۆ خۆی بەس نییە بۆ ئەوەی یەكێتیی سۆڤیێت وەك دووبارەبوونەوەی سپارتا بزانین، تەنانەت لەمەشدا جیاوازیی هەیە چونكە یەكێتیی سۆڤیێت بەپێچەوانەی سپارتا هانی ئەدەبو هونەری دەدا ئەگەرچیش بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیاكەی بێت.[١٦]

جیاوازی لەنێوان یەكێتیی سۆڤیێتو سپارتا نەك تەنها جیاوازیی ڕواڵەت بوو بەڵكو جیاوازیی نێوان ڕوحوعەقڵیش بوو، بۆیە نەك تەنها یەكێتیی سۆڤیێت دووبارەبوونەوەی سپارتا نەبوو بەڵكو هێندەی بزانم نموونەی سپارتا قەت دووبارە نەبۆتەوە.

## ((ستەمكاری))و فەلسەفە

وەك بینیمان فاروق نەبوونی فەیلەسووفو دەقی فەلسەفی لە سپارتا دەگەڕێنێتەوە بۆ زاڵبوونی سەربازیگەری ئەویش ئەگەر نەمانەوێت بڵێین زاڵبوونی ((ستەمكاری)).

فاروق لەسەرەتای كتێبەكەیدا (ل٧) پەیوەستێك دروست دەكات لەنێوان ئازادیو هەبوونی فەلسەفە: فەلسەفە تەنیا لەكەشوهەوایەكی ئازاددا دەتوانێت هەناسە بداتو ((ستەمكار)) هەموو ئازادییەك زەوت دەكات. یەكسەریش دوای ئەوە فاروق باسی ئەمرۆمان دەكات كە سەردەمی سەرەولێژبوونی فەلسەفەیە: ((ئەوەش ئەگەر لەگەڵ هایدگەردا نەڵێین سەردەمی مەرگی فەلسەفەیە)).

مەسەلەش بەم جۆرە دەبێت: فەلسەفە لە سایەی ئازادیدا دەژی، ئێستاش فەلسەفە بەرەو هەڵدێر دەچێتو

---

[15] وەكو نموونەیەك بڕوانە:
**J. J. Spielvogel, Western Civilization, p.65.**

[16] سپارتا هانی بێگانەی نەدەدا سەردانی شارەكە بكەن تەنانەت بۆ بازرگانیش، هانی هاووڵاتیانی خۆشی نەدەدا بچنە وڵاتانی تر، ئەویش نەوەكو بیروباوەڕی نوێ بۆ شارەكە دزە بكەن (بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە)، ئەمەش، واتە دیواری ئاسنین، یەكێكە لە شتە كەمەكانی لەیەكچوونی ئەو و یەكێتیی سۆڤیێت.

لەوانەیە مردبێت. لەم دوو قسەیەش دەگەینە ئەنجامێك كە جیهانی ئەمرۆمان خاڵییە لە ئازادی.

بێگومان ئەمە ڕاست نییە بەڵام فاروق دەیەوێت ئەنجامەكە ((ڕاست بكاتەوە)) بەوەی تەئكید لەسەر ئەوە بكات كە جیهان ئەمرۆ ستەمكارییەكی گەورەتر بەخۆوە دەبینێت: ((كەواتە ئێمە ئەمرۆو لە دنیای مۆدێرنداو سوپاس بۆ مۆدێرنتی لەهەر كات زیاتر ڕووبەڕووی ستەمكارییەكی ستەمكار دەبینەوە –ل١٢)).

فاروق (شتراوس) دەكاتە شایەت، شتراوس باس لە بەكارهێنانی تەكنەلۆجیاو ئایدیۆلۆجیاكان لەلایەن ستەمكاری ئەمرۆ دەكات، ستەمكاریی نوێ لەسەر بوونی زانست خۆی دادەڕێژێ، تاكە تایبەتمەندیش كە مۆدێرنتی لە كلاسیكو هەموو ترادسیۆنەكانی تر جیا دەكاتەوە بریتییە لە داگیركردنی سروشت بە سروشتی ئینسانیشەوە(ل١٣).

ئێمە دەتوانین زۆر باسی جۆری نوێی (تایرەنی)و ئیستبدادو ستەمكاریی نوێ بكەین [17]، دەتوانین شییان بكەینەوە (ئەگەر كەرستەی ئەو شیكردنەوەیەمان هەبێت) بەڵام پاش هەموو شتێك ناتوانین بڵێین پاشەكشەی فەلسەفە بەهۆی ستەمكاریی نوێوەیە. نەخێر، ئەوەی حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە زانست بەشی هەرە گەورەی گوناهی (یان چاكەی.. ئارەزووی خۆتە) ڕاوانی فەلسەفە لە ئەستۆ هەڵدەگرێت. زانست بەشی هەرە زۆری بوارەكانی فەلسەفەی داگیركردو كەمێكی بۆ فەلسەفە هێشتەوە. یەكەم بواریش لەدەستی فەلسەفە دەرچوو فەلسەفەی سروشت بوو، پاشان بوارەكانی تر: لایەنی كۆمەڵناسی، لایەنی دەروونناسی، كەم یان زۆر فەلسەفەی سیاسی، تەنانەت ئەخلاقیش. ئەوە بوو هۆكاری لەپشت نەهامەتیی فەلسەفە نەك بەرتەسكبوونەوەی ئازادی.

فاروق دەیەوێت بەزۆر بۆچوونەكەی خۆی بەسەر واقعدا بسەپێنێت، فاروق فەلسەفەی لا بەرزە، ئازادیشی لا بەرزە (یان ئیددیعا دەكات كە لەلای بەرزە)، واقعیش دەڵێت فەلسەفە بەرەو مەرگ دەڕوات، كەواتە دەبێت هۆكەی بەرتەسكبوونەوەی ئازادی بێت. دیارە ئەوەش هەڵەیە چونكە ڕاستە ئازادی بۆ گەشەكردنی فەلسەفە پێویستە بەڵام شتی تریش كاری خۆیان دەكەن نەك تەنها ئازادی، بۆ نموونە زانست كە وەك باسم كرد نەك تەنها هۆكارێك لەناو هۆكارەكاندا بوو بەڵكو لەسەر ئاستی جیهان تاكە هۆكاریشە، هەر شتێكی تریش جگە لەو ئەگەر هەبێت دەورێكی لاوەكیی هەیە.

## دوو سەرنج لەبارەی تێگەیشتنی فاروق لە دیموكراسی

هەر لە پێشەكیی كتێبەكەیدا، كاك فاروق باسی بنەمای (ڕەوایەتی) دەكاتو دەڵێت كە دەتوانین بەوە ستەمكاری بناسینەوە كە سیستەمێكە تێیدا دەستەڵاتو جۆری حوكم ڕەوایەتیی لەدەستداوە، بەرمەبنای ڕەوایەتیی سیاسیو یاساییی نییەو ئۆتۆرەتی Authority تێیدا زۆرەملێیەو دەستەڵات بە تۆپزی دەستی بەسەردا گیراوەو ئنجا لەمە ترسناكتریش ئەوەیە كە میكانیزمێك یان میكانیزمەكان بوونیان نییە بۆ فەحسكردنی ئەو دەسەڵاتە، واتە نەبوونی فەحسو باڵانس Check and Balance ی دەستەڵات(ل١٠).

ئەوەی فاروق بە فەحسو باڵانس وەریدەگێڕێت یەكێكە لە میكانیزمەكانی دیموكراسی كە پەیوەندیی هەیە (بە ئیجابی یان بە سلبی) بە یەكێك لە بنەماكانی دیموكراسی ئەویش جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان (فصل السلطات)

---

[17] باسی ئەوەم لە كتێبەكەمدا: ئەفسانەی دیموكراسی كردووە، ئەویش لە هەردوو بابەتی سەرەكیی دیموكراسی؛ ئەوەی پەیوەندیی بە دەزگاكانی حكومەتی دیموكراتیو بنەمای حوكمی گەل.. تاد هەیە، هەروەها ئەوەی پەیوەندیی بە ئازادییەكانەوە هەیە.

Seperation of Powers. بەپێی تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان کە زیاتر بەناوی (مۆنتسکیو)وە ناسراوە (هەرچەندە پێش ئەویش باسکراوە) پێویستە دەسەڵاتەکانی یاسادانانو ڕاپەڕاندنو قەزایی لە دەستی یەك کەس یان یەك دەزگادا نەبن [18]. ئەو سێ دەسەڵاتەش چاودێر دەبن بەسەر یەکترو بەر بەیەکتر دەگرن. بەم جۆرەش سێ دەسەڵاتەکە هاوسەنگی یەکتر دەبن، ئەمەشە هاوسەنگی Balance، بەر بەیەکتریش دەگرن تا زیادەڕەوی نەکەن یان بەرەو ئیستبداد Despotism نەچن، ئەمەشە کە پێی دەوترێت بەربەیەکگرتن یان وەستاندن (کبح) Check.

بەڵام وشەی فەحس کە فاروق بەکاری دەهێنێت واتای چییە؟ چی فەحس دەکرێت؟ فاروق واتای باوی وشە ئینگلیزییەکەی وەرگرتووە لەکاتێکدا هەر لە ئینگلیزیدا ئەو واتایەی باسم کرد هەیەو مەبەست لەوە کاتێك وشەکە دەوترێت. زانینی ئەوەش زۆر گرنگە بۆ ناسینی تیۆری (یان تیۆرەکانی) دیموکراسی.

فاروق زیاتر دەیسەلمێنێت کە واتای ئەو میکانیزمە نازانێت کاتێك دەنووسێت: ((لەمە ترسناکتریش ئەوەیە کە میکانیزمێك یان میکانیزمەکان بوونیان نییە بۆ فەحس کردنی ئەو دەسەڵاتە..)). بەپێی ئەو بنەمایەی دیموکراسی کاتێك Check دەکرێت ئەو (چێك)ـە بەرامبەر دەسەڵات نییە، واتە بەرامبەر سەرجەم نیزامی حوکمەکە نییە، بەڵکو کاری بەرپێگرتن یان وەستاندن کارێکە دەسەڵاتێك لەو سیانە بەرامبەر دوو دەسەڵاتەکەی تر دەیکات، بەواتایەکی تر بەرپێگرتن لەناو سنووری ئەو دەسەڵاتەدا دەکرێت نەك لەدەرەوەی: دەسەڵاتی یاسادانان بەرامبەر دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن (تەنفیزی) ، دەسەڵاتی یاسایی (قەزا) بەرامبەر دوو دەسەڵاتەکەی تر.. تاد. ئەوە میکانیزمەکەیە نەك شتێك هەبێت (چێك)ی هەموو دەسەڵاتەکان بکات، چ جای ئەوەی ئەو (چێك)ـە بە فەحسکردن بزانین. ناشزانم کە فاروق وا لەو میکانیزمە گرنگە تێگەیشتووە چۆن توانیویەتی خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ کتێبەکەی مۆنتسکیو (ڕوحی یاساکان)ی هەبێت کە گوایە ئەوەی لە بەندی چوارەمی کتێبەکەیدا کردووە، کە تەرخان کراوە بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبەی مۆنتسکیو، بەڵام لەوە زۆرتر کتێبێکی تری: نامە فارسییەکان.

شتێکی تری دیموکراسی کە دیارە فاروق لێی تێنەگەشتووە بریتییە لە سەروەریی گەل یان سەروەریی میللی(السیادة الشعبية) Popular Sovereignty. فاروق لەو بەشەی بۆ کتێبەکەی تۆکڤیل (دیموکراسی لە ئەمەریکادا) تەرخانی کردووە Popular Sovereignty بەهەڵە وەدەگێڕێتو دەنووسێت: سەربەخۆیی باو. ناشزانین لە کام قوژبنی تیۆرە دیموکراتییەکاندا تەعبیری وا هەیە. سەروەریی گەل بڕبڕەی پشتی تیۆرە دیموکراسییەکانە بەهەموو جۆرەکانییەوە تەنانەت دیموکراسییە ساختەکەی وڵاتە کۆمۆنیستە کۆنەکانیش. دیموکراسی لەسەر ئەوە دامەزراوە کە سەروەری بۆ گەلە نەك بۆ کەسێکی تاك یان کەمایەتییەك، بەڵام سەربەخۆیی باو هیچ واتایەکی نییە. لێرەدا هەرچەندە وشەی sovereignty واتای سەربەخۆییش دەدات بەپاڵ واتای سەروەری بەڵام لێرەدا مەبەست لە سەروەرییە، مەبەستیش لە popular گەلی یان میللییە نەك باو. لەڕاستیدا دەبێت گومانێکی گەورە لە تێگەیشتنی هەر کەسێك بکەین کە ئاوا ئەو زاراوەیە وەردەگێڕێت [19].

---

[18] بڕوانە: ئەفسانەی دیموکراسی، ل ٢٤٦ بەدواوە، بۆ زانیاریی زیاتریش لەبارەی بەرپێگرتنو هاوسەنگی بڕوانە:
**J. Dickinson, Checks and Balances, Encyclopaedia of the Social Sciences, New York, 13th Printing 1959, pp. 363-365.**

[19] فاروق لەکتێبەکەیدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە ناسینی زاراوە چەند گرنگە (( بۆ ئێمەی کورد کە ئەگەری ئەوە هەیە فێری نووسین ببینو لە هونەری نووسین بگەین، دەبێت ئاگامان لەو خاڵە بێت کە بەکارهێنانی دروستی چەمك یەکەم هەنگاوی بیرکردنەوەیە، کەواتە

## به دوو خاڵی هاوبەش لەگەڵ فاروقدا کۆتایی پێدەهێنم

هەرچەندە هەفتەنامەی (ئاوێنە) دەرگای موناقەشەکەی داخستبوو، [٢٠] بەڵام سروشتی موناقەشە داخستن‌و کۆتایی پێهێنان هەڵناگرێت، تەنها دەتوانرێت ئەم کتێبە کۆتایی پێ بهێنرێت، کە نەك تەنها ((دەتوانرێت)) بەڵکو پێویستیشە لە سنوورێکدا کۆتایی پێ بهێنرێت ئەویش تا قەبارەکە نەگاتە ئەو گەورەییەی خوێنەر لە خۆی دوور بخاتەوە. وەکو کۆتاییش دوو خاڵی هاوبەش لەگەڵ فاروقدا بەکورتی دەخەمە ڕوو؛ یەکەمیان قسەکردنە لەسەر ئیسلام‌و ئەوەی تر هەڵوێست لە ((ستەمکاری)):

فاروق دەڵێت کە ڕۆشنبیرانی کورد ئیسلام وەکو نێچیرێکی ئاسان تەماشا دەکەن، نێچیرێك کە هەرچییەکی لەبارەوە بوترێت دروستە، پێویستیش ناکات مرۆڤ خۆی بۆ ئامادە بکات‌و پێویست بە چوون بۆ زانکۆو خوێندنەوەی کتێبەکان ناکات، هەر ئەوەندەش بتوانی شیعرێك بنووسی دەتوانی لەسەر ئیسلام قسە بکەی(ل٢٣).

قسەکەی فاروق زۆر ڕاستە: هەموو کەس، بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەتوانێت هەموو شتێك لەبارەی ئیسلامەوە بڵێت ئەویش بێئەوەی موویەکی ویژدانی زانستیی بجووڵێتەوە (چونکە ویژدانی زانستیی ونە)، پێویستیش ناکات مرۆڤ بۆ ناسینی ئیسلام‌و قسەکردن لەسەری بچێتە زانکۆ (بشچێتە زانکۆکانی کوردستان چی فێر دەبێت؟) یان کتێب بخوێنێتەوە (کام کتێب؟ ئەوانەی بە زمانەکانی تر کە زۆربەیان نایانزانن؟ یاخود کوردییەکان کە یان نووسینی سەقەتە چونکە بەرهەمی خۆیانە یان وەرگێڕانی سەقەتی کتێبێکی مەبەستدارە؟).

کەواتە جارێکی تر زۆر ڕاستە، بەڵام یەك تێبینی لەسەر ئەو قسەیە دەمێنێتەوە ئەویش کە ئیسلام بۆ خۆی نێچیرێکی ئاسان نییە بەڵکو ئەوان ڕاوچییەکی نەزانن‌و ڕاو بۆ کەسانێك دەکەن لەخۆیان نەزانترن. تاوانباری یەکەمیش ئەوان نین بەڵکو ئەو ئیسلامییانەی کە بە حوکمی ژمارەیان‌و بە حوکمی بایەخدانیان بە ئیسلام دەبوایە ئەوەندە شارەزا بوونایە کە نەك تەنها ئەو ڕاوچییانە بکەنە مەسخەرەی خوێنەران بەڵکو هەروەها زانیارییەکی زۆرو دروست بخەنە بەردەستی خوێنەری کورد. دیارە هەندێ هەوڵ دەدرێن بەڵام بەکۆی هەموویان ناگەنە ڕادەی ئەنجامدانی فەرزی کیفایەت، دیارترین هەوڵیش ئەوانەن کە لەدەرەوەی چوارچێوەی حزبە ئیسلامییەکان دەدرێن، هەرچەندە زۆربەی خاوەنەکانیان ئەندامی ئەو حزبانەن. بەم جۆرە تاوانباری یەکەم لە زانینی ئیسلام بە نێچیرێکی ئاسان ئیسلامییەکان خۆیانن، هەروەها ئەوانەی ئاڕاستەیەکی ئاینییان هەیە. پێویستە ڕەخنە ڕووبەڕووی ئەوان،

---

دەبێت فێر بین بە ناسکی لەگەڵ چەمکەکاندا مامەڵە بکەین-ل١٤٦)). پێشتریش بینیمان چۆن فاروق بەهەڵە زاراوە بەکاردەهێنێت، لەسەرەوەشدا دوو نموونەی ترمان بینی کە هەر هەموو ئەوانە نەك تەنها هەڵەی زاراوەن بەڵکو هەڵەی تێگەیشتنیشن لەو بابەتانەی باسیان دەکات. نموونەی تری وەرگێڕانی هەڵەی زاراوەی وشەی (ئایرۆنی)یە کە (موفارەقە)ی بۆ بەکاردەهێنێت(ل٦٦و ٢٢٧) کە ڕاستەکەی ئەوەیە ئایرۆنی **Irony** موفارەقە نییە (موفارەقە پارادۆکسە Paradox) بەڵکو گاڵتەجاڕییە (سخرية)، هەروەها کاتی موناقەشە خۆت وا پیشان بدەی شت (یان ئەو شتە) نەزانی، لەو دوو شوێنەش کە فاروق وشەکەی بەکارهێناوە مەبەست لە واتای دووەم بووە کە لەوە وردتر پێی دەوترێت (ئایرۆنیی سوکراتی).

[20] ئەویش پاش نووسینەکەی قوتابییەکەی فاروق.

پێش هەموو کەسێك، بکرێت.[٢١]

خاڵی دووەمی هاوبەش لەگەڵ فاروقدا مەسەلەی ستەمکارییە، ستەمکاری بەو واتایەی مەبەستی لێیەتی، واتە تێکەڵەی زوڵمکردن لەگەڵ واتا سیاسییەکەی وەکو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت و نەبوونی ڕەوایەتی... تاد.

فاروق لەکۆتایی پێشەکییەکەیدا هیوا دەخوازێت کتێبەکەی سەرەتایەك بێت بۆ پرۆژەیەکی گەورە لەسەر ستەمکاری و سەرەتایەك بێت بۆ پرسیارکردن لەو نەخۆشییە ڕوحی و سیاسییەی کورد تووشی بووە، سەرەتایەکیش بێت بۆ ڕزگاربوون لەو ستەمکارییەی تێیدا کورد تەنها قوربانی نییە بەڵکو دروستکەرێکی ئەو ستەمکارییە شە(ل٢٥).

منیش دەڵێم نەك تەنها یەك کتێب، بەڵکو پێویستمان بە دەیان کتێب هەیە، منیش ئەو هیوایەم هەیە کە کتێبەکەی فاروق پەیامێك دژی ستەمکاری و ئیستبداد بگەیەنێت، هەرچەندە پاش خوێندنەوەی بۆمان دەردەکەوێت، بەتایبەت کە بەشی دوایەمینی کتێبەکە دەخوێنینەوە: (پەروەردەی لیبراڵ و زانکۆ و ستەمکاری– لاپەڕە ٢١٩ بەدواوە)، کە بریتییە لە چەند پێشنیارێکی گشتی و پرۆژەیەك بەواتای وردی پرۆژە ناخاتە ڕوو.

ئەوەی فاروق لەو بەشەدا لەبارەی زانکۆوە تەرحی دەکات تەنها لە چەند خاڵێکی گشتیدا خۆی دەبینێتەوە: فێرکردنی قوتابی دیدێکی فەلسەفیی هەبێت نەك لەو پیشەیەی دەیخوێنێت (پزیشکی، ئەندازیاری،..) بچووك بێتەوە، پەروەردەی مەدەنی، فێربوونی لێکۆڵینەوەی زانستی نەك تەنها نەقڵکردنی زانیارییەکان... کە ئەمانەو لەمانەش زیاتر پێشتر وتراون یان دەکرێت بوترێن ئەویش بەزمانێکی سادە بێ باسکردنی سوکرات و ئەفلاتوون و کێی تر، ئەنجامیش یەکە: ڕەچەتەیەکی گشتی بۆ نەخۆشێك چاوەڕێی چارەسەرە: پارێز بکە (چۆن و لەچی و بەپێی چ بەرنامەیەك؟ نازانین)، وەرزش بکە (کام وەرزش و بۆ ماوەی چەند؟ نازانین)، بیر لە شتە ناخۆشەکان مەکەرەوە (چۆن بتوانم بیریان لێنەکەمەوە؟ پێمان نالێت).. تا کۆتایی ڕەچەتەی گشتگیری بێ وردەکاری. ڕەنگە فاروق خۆشی هەروای ویستبێت، لەهەموو حاڵەتێکداو بەدەر لە هەر ڕەخنەیەك نیازەکە جێگەی قبووڵە.

کەواتە لەم دەرفەتە بەرتەسکەدا با هەمان ئاوات بخوازین، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانی خۆمان کە دیسان گشتگیرن:ڕزگاربوون لە ستەمکاری بەواتای زوڵمکردن، ڕزگاربوون لە ئیستبدادو تاکڕەوی، ڕزگاربوون لە حوکمی دەستەو تاقم، چیتر چارەنووسی کوردستان لەناو دەستی تاقمێکدا نەهێڵرێتەوە کە شایەنی ئەوە نییە چارەنووسی یەك تاکە خێزانی بدرێتە دەست.

بەرەنگاری ستەمکاری (=زوڵم) لەلایەك و فەرمانڕەوایی تاقم لەلایەکی تر ئەرکێکی گەورەی ڕۆشنبیرە، هەردوو جۆرەکەش: ستەمکاری و ئیستبداد تەواوکەری یەکترن چونکە هەر کاتێك دەسەڵات بۆ تاقمێك ئیحتکار کرا ئەو تاقمە لەخۆی ڕادەبینێت ستەمکاری بکات، وەك چۆن لە حاڵەتی تردا ئیستبداد ئەنجامی ستەمکارییە ئەویش کاتێك کەسێك یان تاقمێك گیانی موغامەرە یان دەستپێشخەرییان بەرزەو دەتوانن بە ستەمکاری جڵەوی دەسەڵات لەدەست بگرن و لەوە بەدوا حوکمی ئیستبداد پیادە بکەن، لەمەشەوە بێکەڵکترین فیکرە ئەوەی لە سەدەی

---

[21] دەبێت بپرسین: کەی ئەو ئیسلامییانە یان ئەوانەی ئاڕاستەیەکی ئیسلامییان هەیە وریادەبنەوەو بەرگی تەمبەڵی و ترس و شەرم فڕێبدەن؟ دیمەنێکە شایەنی خەفەت، بەڵام لەهەمان کاتدا هەزەلییە، هی ئەوانەیە کە ترسیان لەو ((بەرامبەرە)) هەیە کە تەنها بەشێکی کەمی نەشارەزاییان، نەك تەنها لە ئیسلام بەڵکو لە بوارەکانی تریش هەروا ، دەرکەوتووەو دەتوانرێت بەشە زۆرەکەی تر ئاشکرا بکرێت. زۆر لە ئیسلامییەکان بەهۆی تەمبەڵی و ترس و شەرم و کۆشش نەکردنەوە ئەو کێچانەیان لا بۆتە دێو.

هەژدەدا (ئەگەر لەوە کۆنتر نەبێت) هەبوو ئەویش فیکرەی (موستەبدی دادپەروەر) یان (موستەبدی موتەنەوور)، کە خەون بینین بوو بە پادشایەکی تاکڕەو دادپەروەری پیادە بکات یان کەسێکی ڕۆشنبیر بێت وڵات پێشبخات، چونکە لە دە هەزار کەس یەك کەسمان لەو جۆرە دەستدەکەوێت، واتە وەك دەڵێن ((خۆو بەختییە)). کە ئەوەش قبووڵ نەبێت چۆن فەرمانڕەوایی موستەبدێکی ستەمکار قبووڵ دەکەین.

با ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر بمێنێتەوەو سەرنجی گرنگ لێرەدا پرسیارێکە:

بینیمان کاك فاروق دەڵێت کە خۆشمان بەرهەمهێنەری ستەمکارین، پرسیاری پێویستیش ئەمەیە: زیانی ((ڕۆشنبیر)) چەندە کاتێك خۆی یەکێك بێت لە بەرهەمهێنەرانی ستەمکاری؟ پاش پشتگیریکردنی فاروق لە دژایەتیکردنی ستەمکاری (هەر مانایەکی هەبێت) لێی دەپرسم: خۆت بە یەکێك لەوان نازانی؟ ئایا ئەو تەنگەنەفەسییە بەرامبەر ڕەخنە چییە جگەلە گیانێکی ئیستبداد کە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت؟ کەواتە پێویستە ((ڕۆشنبیر)) بەر لەهەموو کەسێك لە ئیستبدادو ستەمکاریو هەرچییەك دەسەڵاتی کوردی پیادەی دەکات ڕزگار بکرێت. گیانی خۆپەسەندکردنو خۆبەگەورەزانین بەری نەگیرێت دەبێتە ئیستبداد، ئیستبدادیش بەری نەگیرێت تەماعی پیرۆزبوونی بۆ دروست دەبێت.

## دوا وته

# جارێکی تر لێکبوردن و پیرۆزی

زبر بوون؟ گاڵتەجارییان تێدا بوو یان نا؟

چۆن ئەم ڕەخنانەم تەماشا دەکرێن با تەماشا بکرێن، بەڵام ئەو دەستەی بۆ تەوقە درێژم کردەوە نایگەڕێنمەوە دواوە، ئەوەش کە فاروق و قوتابییەکەی نووسیبوویان هیچ نییە لەچاو ئەوەی خەڵکی تر نووسیویانە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کاتێك ئامادە نەبووم دەستی تەوقەی ئەو خەڵکە ڕەفز بکەم.

من حەزم لە داهێنانی شتێکە ببێتە کەلتوورێك لەناوماندا، بەڵام ئەو شتەش نە داهێنانەو نە تەڕەساز، شتێکە دەمێکە هەبووە، بەڵام نەبۆتە کەلتوور:

با تا ماندوو بین قسە لەسەر یەك بکەین، با تا خوێنەر ماندوو بێت ڕەخنە لەیەکتر بگرین، بەڵام با لەکۆتاییدا بەڕوویەکی کراوەوە تەماشای یەکتر بکەین. قەید ناکات لە پاشەملە گاڵتە بەیەکتر بکەین، ئەو نیفاقە زۆر لەوە باشترە لەسەر شتێك کە من دەتوانم بینووسمو تۆ دەتوانی بینووسی ڕق لە یەکتر هەڵبگرینو هەر کاتێك لەشوێنێکا لووتمان دای لەیەك من ڕووبکەمە ئەولاو تۆ ڕوو بکەیتە ئەولا.. ئەوە تاکە نموونەیەکی نیفاقە کە بە باشی بزانم، خۆ ئەگەر قسەی پاشەملەی تێدا نەبێت ئەوکاتە بەه بەه. نیفاقێکیش کە قبووڵ نییە ئەوەیە کە گاڵتە بە بیروباوەڕەکانم بکەی‌و من بەڕووت پێبکەنم، ئەو کاتە درۆزنمو واز لە بیروباوەڕەکانم بێنم باشترە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمە هەیە چەند حەز دەکەی ڕەخنە بگرەو چەند حەز دەکەی گاڵتە بکە، مۆن بە ئەگەر ناوی منیان لا بردی‌و جوێن بدە ئەگەر هەستت کرد جوێندان پشوو بە دەروونت دەدا، هەموو ئەوانە بکە، منیش نە ڕووی مۆنت پیشان دەدەم، نە ڕۆژێکیش لەبەردەمی دادگادا دەمبینی.

ئەگەر هەموومان ئەوەمان کرد هەموومان گەورە دەبین، لە بچووکی ڕزگارمان دەبێت، مۆنو ڕووگرژ نابین، لەوەش گرنگتر: لە سنووری مرۆڤایەتیدا دەوەستینەوەو کەسمان تێدا هەڵناکەوێت خۆی لەسەرووی خۆکانی تردا ببینێتەوەو ناوەندی ڕۆشنبیریمان، کە بەشی چەند وەچەیەك شێواوە، بە زاتی بەپیرۆزکراوی خۆی شێواوتر بکات.

ئەوەی لە پێشەکیدا وتوومە دووبارەی دەکەمەوە:

قبووڵکردنی حیوارو ڕاگۆڕینەوە ئەلفوبێی ڕۆشنبیرییە، ڕۆشنبیریش کاتێك کەسێك بەپیرۆز بزانێت خۆی نابێت، مەرجێکی ڕۆشنبیربوونیش ئەوەیە ئەو کەسە خۆی بێت نەك کەسێکی تر، خۆ ئەگەر زاتی خۆی، نەك هی کەسێکی تر، لەلای بووە زاتێکی پیرۆز با گلەییمان لێ نەکات ئەگەر لەجیاتی شکۆمەندکردن بتەکەی بشکێنین‌و لەجیاتی سەرلەقاندن ڕەخنەی بێ خاترانە بگرین، جاروباریش گاڵتەجاریی بخەینە پاڵ.